سلسلة من كتاب

# (مشارع الأشواق)

# شروقی شەوق

ئەڵقەکانی (١-٧)

نوسینی: ئیبن و نوحاسی دیمەشقی

وەرگێڕان و راڤەکردنی دەقەکان: باوکی هیلال



# بسم اللّه الرحمن الرحيم

﴿وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًاعَظِيمًا﴾

سلسلة من كتاب

مشـاريع الاشـواق | ابن نحـاس الدمشـقي

زنجيرەی

# شروقی شەوق [1]

زایـەڵەی کاروانـی

جیهادوو ئەوینی شەهادەتخوازی

ئەڵـقەی

1 بۆ 7

وەرگێڕان و ڕاڤەکردنی دەقەکان

باوکـی هـیلال

---

([1]) خوێنەری بەرێز: زنجیرە باسەکانی( شروقی شەوق) بەکوردیکراوی پوختەی کتێبی (مشارق الأشواق)ی زانای موجاهید (ئیبن نوحاسی دیمەشقییە)کە لەبارەی فەزڵی جهادوو شەهادەتەوە نوسیویەتی . زاتی الله پشتیوان بێت دواتریش لەدوتوێ کتێبێکی سەربەخۆدا بلاۆودەبێتەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمـــد لله والصلاة والسلام على محمد وعلى آله و صحبه ومن ولاه ... وبعد :

## بەشی یەكەم:

# فەزڵو گەورەی جیهاد لەڕێی خوادا

1- خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا * دَرَجَاتٍ مِنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ النساء: 95 – 96 ) واتە: بێگومان ئەو ئیماندارانەی لەجیهاد دانیشتون _ ئەوانەیان نەبێ كەخاوەنی پاساوی شەرعین _ لەگەڵ ئەوانەی بەگیانو ماڵیان لەڕێی خوادا جیهاددەكەن چونیەكو یەكسان نین، چونكە زاتی الله فەزڵو گەورەی ئەو موجاهیدانەی كەبەماڵو گیانیان لەڕێی خوادا تێدەكۆشن داوە بەسەر ئەوانەدا كەجیهاد ناكەن ، وە بۆ هەر یەكەیان( موجاهیدانو ئەوانەی كەپاساوی شەرعییان هەیە بۆ نەچونە جیهاد) خوای گەورە بەڵێنی پاداشتی بەباشە پێداون، وە خوای گەورە فەزڵی گەورەی موجاهیدانی داوە بەسەر دانیشتواندا. وە ئەوان لەلایەنی پەروەردگارەوە چەندین پلەی بەرزو لێخۆشبونو میهرەبانییان بۆهەیە ، وەخوای گەورە لێبوردەی بەبەزەییە...

2- وە دەفەرموێ : ﴿فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ وَمَنْ يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ النسا ء: 74 .) واتە: با بجەنگن لەپێناوی خوادا ئەوانەی كەژیانی كاتی دونیایان فرۆشتووە بەدوارۆژی نەبڕاوە ، وە ئەوەی

لەڕێی خوادا روبەڕوی کافران بێتەوەو بکوژرێ یان سەرکەوێ ئەوە پاداشتی مەزنو گەورەی پێدە دەبەخشین .

3- وە دەفەرموێ ﴿الَّذِينَ آَمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِنْدَ اللَّهِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ * يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُمْ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُقِيمٌ * خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ التوبة: 20_22) واتە: ئەوانەی ئیمانیانهێناوە، وە لەڕێی خوادا هیجرەتیانکردووەو، بەماڵو گیانیان جیهادیان کردووە، پلەوپایەیان گەورەترو مەزنترە لای خوای ، وە ئەوانە براوەو سەرفیرازن، پەروەردگاریان مژدەی میهرو رەزابونی خۆیان پێدەدات، وە وادەی بەهەشتو باخاتی بەنازو نیعمەتی نەبڕاوەیان دەداتێ کەبەبێ مردنو کۆتای تێیدا دەمێننەوە، بەڕاستی خوای گەورە پاداشتی گەورەی لەلایە بۆ بەندەکانی.

4- وە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآَنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ التوبة: 111 ) واتە: بێگومان خوای گەورە گیانو ماڵی لەئیمانداران کڕیوە لەبەرامبەر ئەوەی بەهەشتیان بداتێ ، ئەوانەی لەڕێی خوادا دەجەنگنو دەکوژنو دەکوژرێن، ئەمەش بەڵێنێکی بڕاوەی خوایەو لەتەوراتو ئینجیلو قورئاندا تۆمارکراوە ، ئیدی کێ هەیە لەخوا بەوەفاتربێت بەبەڵێنەکانی ؟ کەواتە ئێوەش دڵخۆشو مژدەبەخشبن بەو سەوداو مامەڵەی لەگەڵ پەروەردگارتان کردوتانە ، وە هەرئەوە مایەی بەختەوەریو سەرفرازی گەورەیە.

5- وە دەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ محمد:7 ) واتە: ئەی ئیمانداران ئەگەر ئێوە ئاینی خوا سەربخەنو پشتیوانی لێبکەن بەدڵنیای خوای گەورەش پشتیوانو سەرخەرتان دەبێتو پێچەسپاوتان دەکات.

6-وه دهفهرموێ : ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ الحجرات:15) واته: ئیمانداران تهنها ئهوانهن كهئیمانیان بهخواو پێغهمبهرهكهی هێناوهو گومانیان بۆ پهیدا نهبووه، وه بهگیان و ماڵیان لهرێی خوادا جیهادیانكردووه، بهڕاستی ئیماندارانی راستگۆ ئهوانهن.

7-وه دهفهرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ * تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ * يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ * وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا أَنْصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ فَآمَنَتْ طَائِفَةٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَتْ طَائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ﴾ الصف:10_14) واته: ئهی ئهوانهی ئیمانتانهێناوه ئایا رێنموینیتان بكهم بۆ بازرگانییهك كهببێته مایهی رزگار بونتان لهئاگری بهئازاری دۆزهخ ؟ باوهڕ بهخواو پێغهمبهرهكهی بێنن، وه بهماڵ و گیانتان لهرێی خوادا جیهاد بكهن، وه ئهگهر ئێوه تێبگهن و بفامن ههرئهوه باشترو خێرتره بۆتان. وه بههۆیهوه خوای گهوره لهتاوانهكانتان دهبورێ و، دهتانخاته باخاتێك كهروبارهكان بهژێریاندا دهگوزهرێن، وه چهندین شوێنی خاوێن و رازاوهی بۆ نیشتهجێبونتان لهبهههشتدا پێدهبهخشێ، بهڕاستی سهرفرازی و بهختهوهری گهوره ئهوهیه. وه گهورهی و فهزڵێكیتر لهلایهن خواوه بۆ ئێووه كهپێی دڵخۆشدهبن و ئێوه تامهزرۆینی سهركهوتن و رزكارییهكی نزیكه ، وه ئهم مژدهیهش بده بهئیمانداران .

ئهی ئیما نداران ببنه پشتیوان بۆدینی خوا، وهك چۆن عیسای كوڕه مهریهم بههاوهڵانی وت كێ دهبێته پشتیوان و هاوكارم لهسهرخستنی دینی خوادا، هاوهڵانیشی وتیان ئێمه پشتیوانی لهئاینی خوا دهكهین، جا دهستهیهك لهبهنوئیسرائیل ئیمانیانهێناو دهستهیهكیشان پشتیانهه‌ڵكرد،

وە ئێمەش پشتیوانیو پشتگیری ئەوانەمانکرد کە ئیمانیان هێنا لەبەرامبەر دوژمنەکانیان، هەتا سەرکەوتنو گەیشتنە دەستەلأت.

وەهەروەها چەندین ئایەتی دیکەی قورئانی کەئاماژە بە فەزڵو گەورەی جیهادوو موجاهیدانی رێی خوا دەکەن . وە لێرەداو پشتیوان بەخوا لە ژێر ناونیشانی چەند باسێکی جیاواز ئاماژەش بەوفەرمودانە دەکەین کە لەمبارەوە هاتوون:

## باسی یەکەم :

# جیهاد گەورەترینی کردەوە چاکەکانە

- ئیمامی بوخاریو موسلیم لەعبداللە ی کوڕی مەسعودەوە رەزای خوایان لێبێ دەگێڕنەوە کەدەفەرموێ: ((سَأَلْتُ رسول الله ﷺ أَيُّ الأعْمَالِ أفضل؟ قال: الصَّلاةُ عَلَى وَقْتِهَا، قَلتَّ: ثُمَّ أَيٌّ ؟ قَالَ: بِرُّ الْوَالِدَيْنِ، قَلتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟، قَالَ: الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ))(1)

واتە: پرسیارمکرد لەپێغەمبەری خوا ﷺ چ کردەوەیەك لەهەموو کردەوەکان گەورەترە ؟

فەرموی : نوێژکردن لەکاتی خۆیدا.

وتم: لەپاشا ئەوە ؟

فەرموی: چاکەکردن لەگەڵ دایكو باوکدا.

وتم: لەپاشا ئەوە؟

فەرموی: جیهاد لەرێی خوادا.

- وە ئیمام بەیهەقیو دارەمی لە ئەبوقەتادەی ئەنصارییەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویانەوتەوە کەدەفەرموێ: ((خطب رسول الله ﷺ فذكر الجهاد فلم يفضل عليه شيئا إلا

(1) أخرجه البخاری برقم : 2782. ومسلم برقم: 85

المكتوبة))(1) واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ وتاریداو باسی جیهادیکرد ، جگە لەنوێژە فەرزەکان گەورەی هیچ کردەوەیەکی نەدا بەسەرجیهادا ، یان هیچ کردەوەیەکی لەجیهاد بەگەورەتر دانەنا..

- وە عبدالله ی کوڕی عومەر ڕەزای خوای لێبێ رای وابووە کەجیهاد لەڕێی خوادا لەپاش نوێژ لەهەموو کردەوەکان گەورەترە(2).

## باسی دووەم :

## لە پاش ئیمان بەخوا جیهاد گەورەترین کردەوەیە

- ئیمام بوخاریو موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کەدەفەرموێ: ((سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَيُّ الأَعْمَالِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ. قِيلَ : ثُمَّ مَاذَا ؟ قَالَ : جِهَادٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، قِيلَ : ثُمَّ مَاذَا قَالَ حَجٌّ مَبْرُورٌ))(3). واتە: پرسیارکرا لەپێغەمبەری خوا ﷺ چ کردەوەیەك لەهەموو کردەوەکان گەورەترە؟ فەرموی: ئیمان بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ .

وترا : پاشان چی؟

فەرموی: جیهاد لەڕێی خوادا.

وترا : پاشان چی؟

فەرموی: حەجێکی وەرگیراو پاککەرەوە لەتاوان .

ئیبنو نوحاس دەفەرموێ: پێویستە ئەم فەرمودە بەو شێوە لێکبدرێتەوە کە : ئەمە بۆ کەسێکە دایكو باوکی نەبێ چاکەیان لەگەڵ بکات ، یان دایكو باوکە هەبێ بەلاّم مۆڵەتیان پێدابێ

---

(1) أخرجه البيهقى فى السنن الكبرى برقم: 9/48. والدارمى : 2/ 207. والحديث صحيح.

(2) أخرجه البيهقى فى السنن الكبرى: 9/ 48.

(3) أخرجه البخارى برقم: 26. ومسلم برقم: 83.

بۆ جیهادکردن ، یان لێرەدا مەبەستی ئەو جیهادەیە کەفەرزی عەین بێت چونکە جیهاد لەکاتی فەرزی عەیندا لەپێشترە لەچاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك.

● وە ئیمام بوخاریو موسلیم لەئەبوزەڕەوە ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کەدەفەرموێ: ((سَأَلْتُ النَّبِيَّ ﷺ أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : إِيمَانٌ بِاللَّهِ ، وَجِهَادٌ فِي سَبِيلِهِ . قُلْتُ : فَأَيُّ الرِّقَابِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : أَنْفَسُهَا عِنْدَ أَهْلِهَا ،وَأَغْلاهَا ثَمَنًا)) (1). واتە: پرسیارمکرد لەپێغەمبەری خوا ﷺ چ کردەوەیەك گەورەترە ؟ فەرموی : ئیمان بەخواو جیهاد لەڕێی ئەودا.

پاشان وتم : ئازادکردنی چ بەندەیەك گەورەترە.

فەرموی: باشترینیان لای خاوەنەکەیو بەنرخترینیان .

● وە ئیمام موسلیم لەئەبو قەتادەی ئەنصارییەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە کەفەرمویەتی : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَامَ خَطِيباً، فَذَكَرَ أَنَّ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالإِيمَانَ بِاللَّهِ أَفْضَلُ الأَعْمَالِ. فَقَامَ رَجُلٌ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺأَرَأَيْتَ إِنْ قُتِلْتُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَتُكَفَّرُ عَنِّي خَطَايَايَ كلها ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : نَعَمْ إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ. ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :كَيْفَ قُلْتَ ؟ قَالَ : أَرَأَيْتَ إِنْ قُتِلْتُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَتُكَفَّرُ عَنِّي خَطَايَايَ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : نَعَمْ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ إِلَّا الدَّيْنَ ، فَإِنَّ جِبْرِيلَ قَالَ لِي ذَلِكَ)) (2). واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا بۆ وتاردانو ، فەرموی: جیهاد لەڕێی خواو ئیمان بەخوا گەورەترین کردارن.

پیاوێك هەستاو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر لەڕێی خوادا کوژرام هەموو هەڵەو تاوانەکانم دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی : بەڵێ ، ئەگەر تۆ لەڕێی خوادا کوژرایت ، وە ئارامگربویتو چاوەڕوانی پاداشتی خوا بویت،وە ڕوبەڕوی دوژمن وەستایتو پشتت هەڵنەکرد .

---

(1) أخرجه البخاری برقم: 2518 . ومسلم برقم: 84.

(2) أخرجه مسلم برقم: 1885.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: چۆنت وت؟

وتی ئەگەر لەڕێی خوادا کوژرام هەموو تاوانەکانم دەسڕێتەوە.

فەرموی: بەڵێ ، ئەگەر تۆ لەڕێی خوادا کوژرایت ، وە ئارامگربویت و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بویت،وە روبەڕوی دوژمن وەستایت و پشتت هەڵنەکرد ، تەنها قەرز نەبێت ، جبریل ئەوەی پێوتم.

## باسی سێیەم:

## جیهاد گەورەترە لەئاودانی حاجیانی ماڵی خواو ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی حەڕام ( کەعبەی پیرۆز)

- ئیمامی موسلیم لەنوعمانی کوڕی بەشیرەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە کەفەرمویەتی:

((كُنْتُ عِنْدَ مِنْبَرِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ رَجُلٌ : مَا أُبَالِي أَنْ لَا أَعْمَلَ عَمَلًا بَعْدَ الْإِسْلَامِ إِلَّا أَنْ أُسْقِيَ الْحَاجَّ . وَقَالَ آخَرُ : مَا أُبَالِي أَنْ لَا أَعْمَلَ عَمَلًا بَعْدَ الْإِسْلَامِ إِلَّا أَنْ أَعْمُرَ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ . وَقَالَ آخَرُ: الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَفْضَلُ مِمَّا قُلْتُمْ. فَزَجَرَهُمْ عُمَرُ وَقَالَ : لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ عِنْدَ مِنْبَرِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَهُوَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ ، وَلَكِنْ إِذَا صَلَّيْتُ الْجُمُعَةَ دَخَلْتُ فَاسْتَفْتَيْتُهُ فِيمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ ،فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَوُونَ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ التوبة 19)) [1]

واتە: لەلای مینبەرەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم.

پیاوێك وتی: لەپاش موسوڵمانبونم گەر ئاوی حاجیانی ماڵی خوابدەم ئیدی گوێنادەمێ هیچ کرداریێکیش نەکەم.

---

(1) أخرجه مسلم برقم: 1879.

یەکێکیتر وتی: لەپاش موسوڵمانبونم گەر مزگەوتی حەرام ئاوەدان بکەمەوە ئیدی گوێنادەمێ هیچ کردارێکیش نەکەم.

یەکێکیتر وتی: نەخێر جیهاد لەڕێی خوادا گەورەترە لەوەی وتتان !.

عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێبێ لێیان توڕەبوو فەرموی: لەلای مینبەری پێغەمبەری خودا ﷺ دەنگ بەرز مەکەنەوە، _ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو_ بەلاّم کە نوێژەکەم تەواوکرد دەچمە خزمەت پێغەمبەری خواو ﷺ لەوبارەوە پرسیاری لێدەکەم کەئێوە جیاوازیتان لەبارەیەوە هەبوو. وە خوای گەورە ئەم ئایەتەی نازڵکرد: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَوُونَ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: ئایا پێتان وایە کەئاوادانی حاجیان و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی حەرام(کەعبە) وەك کاری ئەوکەسە وایە کەئیمانی بەخواو ڕۆژی دوای هێنابێ و، لەڕێی خوادا جیهادی کردبێ !؟ بەڕاستی ئەوانە لای خوا یەکسان و چونیەکنین، وە خوا ڕێنوێنی خەڵکی ستەمکار ناکات﴾.

## باسی چوارەم:

## بەڕەهای جیهاد گەورەترینی کردەوەکانە

- **ئیمام ئەحمەدوو بەیهەقی لەعەمری کوڕی عەبسەی سوللەمیەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە دەفەرموێ:** ((جاءَ رجلٌ إلى رسول الله ﷺ فقال : ما الإسلامُ ؟ قال: أنْ يُسْلِمَ قلبَكَ للهِ ، وأنْ يسلمَ المسلمونَ مِنْ لِسَانِكَ ويَدِكَ ، قال : فَأَيُّ الإِسْلاَمِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : الإِيمَانُ . قَالَ : وَمَا الإِيمَانُ ؟ قَالَ : أَنْ تُؤْمِنَ بِالله ، وَمَلاَئِكَتِهِ ، وَكُتُبِهِ ، وَرُسُلِهِ ، وَالْبَعْثِ بَعْدَ الْمَوْتِ قَالَ : فَأَيُّ الإِيمَانِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : الْهِجْرَةُ قَالَ: وَمَا الْهِجْرَةُ ؟ قَالَ: أَنْ تَهْجُرَ السُّوءَ قَالَ : فَأَيُّ الْهِجْرَةِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ :

الْجِهَادُ ، قَالَ : وَمَا الْجِهَادُ ؟ قَالَ : أَنْ تُقَاتِلَ الْكُفَّارَ إِذَا لَقِيتَهُمْ قَالَ : فَأَيُّ الْجِهَادِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : مَنْ عُقِرَ جَوَادُهُ وَأُهْرِيقَ دَمُهُ)) (1).

**واته: : پیاوێك هاته لای پێغەمبەری خواو ﷺ پرسیاریکرد : ئیسلام چییه؟**

**فەرمووی: ئەوەیەکە دڵتکەچو وابەستەی فەرمانی خوا بێت ، وە موسوڵمانان لەزوبان و دەستت پارێزراوبن.**

**وتی: لەئیسلامدا چ شتێك لەهەمووی گەورەترە؟**

**فەرمووی: ئیمان .**

**وتی: ئیمان چییە؟**

**فەرمووی: ئەوەیە کەباوەڕت بەخواو فریشتەکانیو کتێبەکانیو پێغەمبەرانی هەبێت ، وە باوەڕت بەزیندووبونەو هەبێت لەپاش مردن.**

**وتی: لەئیمانەدا چ شتێك لەهەموی گەورەترە؟**

**فەرمووی : هیجرەت.**

**وتی : هیجرەت چییە؟**

**فەرمووی: ئەوەیە کە پشت لەخراپە هەڵبکەیت .**

**وتی : چ هیجرەتێك گەورەترە؟**

**فەرمووی: جیهاد.**

**وتی : جیهاد چییە؟**

**فەرمووی: لەگەڵ کافران بەجەنگبێیت ئەگەر پێیانگەیشتیت.**

**وتی : چ جیهادێك گەورەترە؟**

**فەرمووی: ئەوکەسەی ئەسپەکەی دەکوژرێیو خوێنی خۆشی دەرێژرێ .**

**ئیبن‌ونوحاس دەفەرمویٚ:**

---

(1) مسند احمد : 4/ 114، وشعب الإيمان للبيهقي: 9/1 . والحديث صحيح.

**بەررەحمەتی خواکەویت، بزانە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ جیهادی کردە پوختەی ئیسلام ، ئەوەیش ئەو راستیە دەگەیەنێت کەبەرەهای جیهاد گەورەترینی کردەوەکانە.**

- **وە ئیمام بوخاری لەعایشەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە کەفەرمویەتی :** ((يَا رسول الله ﷺ ، نَرَى الجِهَادَ أفْضَلَ الأعمال ، أفَلاَ نُجَاهِدُ ؟ فَقَالَ : لَكُنَّ أفْضَلُ الجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ)) (1).
**واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وادەبینین کەجیهاد گەورەترینی کردەوەکان بێ ، ئایا ئێمەش جیهاد نەکەین؟ فەرموی: بەڵێ جیهاد گەورەترینیانە بەلاَم گەورەترین جیهاد بۆئێوە حەجێکی وەرگیراو پاککەرەوەیە لەتاوان.**

- **وە ئیمام ئیبن ماجەو ئیبن خوزیمە لەعائیشەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کەفەرمویەتی:** ((يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ عَلَى النِّسَاءِ من جِهَادٌ ؟ قَالَ : عَلَيْهِنَّ جِهَادٌ لاَ قِتَالَ فِيهِ. الْحَجُّ وَالْعُمْرَةُ)) (2). **واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئافرەتان جیهادیان لەسەرە ؟ فەرموی : جیهادێکە جەنگی تێدا نییە، ئەویش حەجو عەمرەی ماڵی خوایە.**

- **خەتیبی بەغدادی لەکتێبی ( تأريخ بغداد )دا لەمحمدی کوڕی فوزەیلی کوڕی عیازەوە گێڕاویەتییەوە کەدەڵێت : لەخەودا عبداللە ی کوڕی موبارەکم بینی، پێموت: چ کردەوەیەکت بینی لەهەمووکردەوەکان چاکترو گەورەتربێت ؟**

**وتی: ئەوەی کە تێیدابووم.**

**پێموت: جهادوو ئێشکگری(ريبات)؟**

**وتی : بەڵێ.**

**وتم : خوا چی پێکردیت؟**

---

(1) أخرجه البخاري برقم: 1915 .

(2) أخرجه إبن خزيمة برقم: 3874 . وإبن ماجة: 2/ 968. والحديث صحيح .

وتی: بەلێخۆشبونێك لێمخۆشبوو كەئیدی لەپاش ئەوە لێخۆشبون نییە !! [1].

- وە لەلای ئیمام ئەحمەد باسی جەنگو جیهادكرا، دەستیكرد بەگریانو وتی: هیچ كردەوەیەكی چاك لەجیهاد گەورەترنییە !!.. وە هیچ شتێك وەك روبەڕوبونەوەی دوژمن نییە ..!! وە ئەگەر كەسێك بۆ خۆی بەشداری شەڕبكات ئەوە باشترینی كردەوەكانە .. وە ئەوانەی لەگەڵ دوژمن بەجەنگ دێنو بەرامبەریان دەوەستنەوە ئەوانەن پارێزگاری لەئیسلام دەكەنو ناموسی موسوڵمانان دەپارێزن .. ئیتردەبێ چ كردەوەیەك لەوە گەورەتربێ ؟.. خەڵكی لەئەمانو ئارامیدا دەژین بەلاَم ئەوان دەترسن .. بەڕاستی ئەوانە گیانی خۆیان لەڕێی خوا بەخشیوە . [2]

- وە ئیمام ئیبنوعەساكیر لەئەبی غادییەی موزەنیەوە دەگێڕێتەوە كەدەڵێت : گوێم لەعوسمانی كوڕی عەففان بوو لەسەرمینبەر دەیوت: ئەی خەڵكی مەدینە ئایا بۆچی پشكو بەشی خۆتان لەجیهادی ڕێی خوا وەرناگرن ؟ ئایا سەیری برایانتان ناكەن لەئەهلی شام ؟ وە برایانتان لەئەهلی میصر ، وە برایانتان لەئەهلی عێراق؟ سوێند بەزاتی الله هەریەكێك لەئێوە ئەو ڕۆژەكردارەی دەیكات لەكاتی جیهاد لەڕێی خوادا، خێرترو باشترە لەكرداری هەزار ڕۆژەكرداری كەلەماڵی خۆیدا دەیكات ئەگەر هەموو ڕۆژیش بەڕۆژوبێتو، بەردەوامیش خەریكی نوێژكردن بێت .

## باسی پێنجەم

## جیهاد خۆشەویسترینی كردەوەكانە لای پەروەردگار

---

(1) تاریخ البغداد للخطیب البغدادی: 1/ 168.

(2) المغنی لأبن قدامه: 8 / 348 _ 349 .

● ئیمام ترمزیو بەیهەقیو حاكم لەعبداللە ی كوڕی سەلامەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە كەدەفرمویٚ : ((قعدنا نفر من أصحاب رسول الله ﷺ فقلنا : لو نعلم أي الأعمال أحب إلى الله عملناه.فأنزل الله عز وجل ( سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ) إلى آخر السورة . فقرأها علينا رسول الله ﷺ)) (1). واتە: چەند كەسێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ پێكەوە دانیشتینو وتمان: ئەگەر بمانزانیایە چ كردەوەیەك لای خوا خۆشەویسترە تا بمانكردایە. خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ * إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ ﴾ (الصف : 1_4) ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ خوێندییەوە بەسەرماندا.

واتە: ﴿ئەوەی لەئاسمانەكانو زەویدایە وێردی پاكوبێگەردی خوا دەكەن، ئەو خوایەی كەبەهێزی داناوكارزانە ، ئەی ئیمانداران بۆچی ئەوەی دەیڵێن ڕەفتاری پێناكەن؟ ، خەشمو تورەی زاتی اللە گەلێك گەورەیە بۆئەوانەی كەئەوەی دەیڵێن كاری پێناكەن، بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت كە بەیەك دڵیو یەكڕزی وەك دیوارێكی داڕێژراو بەقورقوشم لەڕێگەی خوادا دەجەنگێن﴾.

● وە لەڕیوایەتێكی تردا كەئیمامی بەیهەقی گێڕاویەتییەوە عەبداللە ی كوڕی سەلام ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ : ((أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالُوا لَوْ أَرْسَلْنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ رَسُولاً يَسْأَلُهُ عَنْ أَحَبِّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ ، قَالَ فَلَمْ يَذْهَبْ إِلَيْهِ أَحَدٌ مِنَّا، وَهَبْنَا أَنْ نَسْأَلَهُ عَنْ ذَلِكَ. قَالَ فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أُولَئِكَ النَّفَرَ ، رَجُلاً رَجُلاً ، حَتَّى جَمَعَهُمْ، وَنَزَلَتْ فِيهِمْ هَذِهِ السُّورَةُ (سَبَّحَ لِلَّهِ) قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلاَمٍ : فَقَرَأَهَا عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كُلَّهَا)) (2). واتە: چەند كەسێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ وتیان: ئەگەر یەكێكمان بناردایە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ

---

(1) أخرجه الترمذی : 5/ 85. والبیهقی فی السنن الكبری: 9 / 159 _ 160 . والحاكم : 2/ 69. والحدیث صحیح.
(2) والبیهقی فی السنن الكبری: 9 / 159 . والحدیث صحیح.

هەتا لەبارەی خۆشەویسترینی کردار لای خوا پرسیاری لێبکردایە . بەلاّم هیچ یەکێك لەئێمە نەڕۆیشت ، وە سامماندەکرد کە لەوبارەوە پرسیاری لێبکەین. پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ یەك یەك ئەو کەسانەی بانگکرد، هەتا هەمویانی کۆکردەوە، وە ئەم ئایەتانەیان لەبارەوە دابەزی ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ ...﴾ . عبدالله دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو ئایەتەکانی بەسەرماندا خوێندەوە....

## باسی شەشەم

## موجاهد باشترین کەسە لای خوای گەورە

زاتی الله تعالی دەفەرموێ: ﴿فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا * دَرَجَاتٍ مِنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ النساء (95 -96).(1)

- وە ئیمام بوخاریو موسلیم لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کەدەفەرموێ: ((أتى رَجُلٌ رسول الله ﷺ فقال: أيُّ النَّاسِ أفْضَلُ يَا رسول الله ؟ قَالَ : مُؤْمِنٌ مُجَاهِدٌ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فِي سَبيلِ اللهِ قَالَ : ثُمَّ مَنْ ؟ قَالَ : « ثُمَّ رَجُلٌ مُعْتَزِلٌ فِي شِعْبٍ مِنَ الشِّعَابِ يَعْبُدُ رَبَّهُ، وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ)) .(2) واتە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خواو ﷺ پێیوت: ئەی پێغەمبەری خوا کێ باشترینی کەسە؟

فەرمووی: ئەو ئیماندارەیە بەماڵو گیانی لەڕێی خوادا جیهاد دەکات.

وتی: پاشان کێ؟

---

(1) واتای ئایەتەکە پێشترکراوە .

(2) أخرجه البخاری برقم: 2786. ومسلم برقم:1888 .

فەرموی: پیاوێك لەشیوێك لەشیوەكان كەنارگیربێتو، بەندایەتی خوابكات ، وە خەڵكی لەخراپەی پارێزراوكات .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەفەرمودەی تردا بەڕاشكاواوانە ئاماژەی بەوەداوە كەجیهاد باشترە لەكەنارگیری (العزلە)و خۆیەكلاكردنەوە بۆ بەندایەتی. وە ئایەتەكەی سورەتی نیسائیش بەڵگەیە لەسەرئەوە.

## باسی حەوتەم
## هیچ كردەوەیەك هاوتای جیهاد نییە لەڕێی خوادا

● ئیمام موسلیم لەئەبو هورەیرەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە كەدەفەرموێ : ((قيل : يَا رسولَ اللهِ ﷺ ، مَا يَعدلُ الجهادَ في سَبِيلِ اللهِ ؟ قَالَ : لاَ تَسْتَطِيعُونَهُ . فَأعَادُوا عَلَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاَثاً كُلُّ ذَلِكَ يَقُولُ : لاَ تَسْتَطِيعُونَهُ ! ثُمَّ قَالَ : مَثَلُ المُجَاهِدِ في سَبيلِ اللهِ كَمَثَلِ الصَّائِمِ القَائِمِ بآياتِ الله لا يَفْتُرُ مِنْ صَلاَةٍ ، وَلاَ صِيَامٍ ، حَتَّى يَرْجِعَ المُجَاهِدُ في سَبِيلِ اللهِ)) (1) .

واتە: وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چ كردەوەیەك وەك جیهادە لەڕێی خوادا ؟ فەرمویەتی: ئێوە ناتوانن !!.

دووبارەو سێبارەیان لێكردەوە .

هەموو جار دوپاتی دەكردەوە: ئێوە ناتوانن .

پاشان فەرموی: نمونەی موجاهید لەڕێی خوادا نمونەی ڕۆژووەوانێكی شەونوێژگەرە بەئایەتەكانی خوا، كەبەردەوام خەریكی نوێژو ڕۆژوگرتن بێتو كۆڵیان لێنەدات هەتا موجاهیدی ڕێی خوا دەگەڕێتەوە.

(1) أخرجهمسلم برقم: 1878.

● وە ئیمام بوخاری لەئەبو هورەیرەوە رەزای خوای لێبێ دەگێرێتەوە کەفرمویەتی: ((أنَّ رَجُلاً قَالَ : يَا رسول الله ، دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ يَعْدِلُ الجِهَادَ ؟ قَالَ : لاَ أجِدُهُ . ثُمَّ قَالَ : هَلْ تَسْتَطِيعُ إِذَا خَرَجَ المُجَاهِدُ أنْ تَدْخُلَ مَسْجِدَكَ فتقومَ وَلاَ تَفْتُرَ، وَتَصُومَ وَلاَ تُفْطِرَ ؟. قَالَ الرجل : وَمَنْ يَسْتَطِيعُ ذَلِكَ ؟!))[1]. واتە: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ رێنوێنیم بکە بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەك کەهاوتای جیهاد بێت؟.

فەرموی : هیچ کردەوەیەك شکنابەم.

پاشان فەرموی: ئایا دەتوانیت کاتێك موجاهید دەرچوو بۆجیهاد بچیتە مزگەوتەکەت _یان (ئەو شوێنەی نوێژی لێدەکەیت)_و بەردەوام خەریکی نوێژکردن بیتو وچاننەدەیت، وە بەردەوام بەرۆژوبیتو نەیشکێنیت؟.

پیاوەکە وتی : جا کێ ئەوە دەتوانێ ؟!!.

ئیبن‌ونوحاس دەفەرموێ:

دەبینین ئەو هاوەڵە بەرێزانە نەیانتوانیوە کردارێك بکەن کەهاوتاو وێکچوی جیهادبێت لەرێی خوادا ، لەگەڵ ئەوەدا ئەوان خاوەنی هیممەتی بەرزو نەفسیەتی نەلەرزو چییای بڵندیی بوون لەدینداریدا .. وە پاداشتی ئەوان بۆ هەرکردەوەیەك کردبێتیان بەهۆی هاوەڵایەتییان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ پاداشتیانچەند بەرامبەربووە .. وە بۆ هەموو پلەیەکی کەماڵ ئەوان سەرمەشقو پێشبڕکێکاری بەوربوون .. وە لەهەموو قەڵاو قولە بەرزەکانی جیهاددا ئەوان هەڵکەری بەیداخو ئێشکگری وەك شاخ بوون !!..

لەکاتێکدا ئەوان بەوحاڵو شاکارەیانەوە کردارێك شکنەبەن بگاتە جیهاد، ئیدی چۆن دڵی ئێمەی بێ جوهدوو ئیجتهاد ئۆقرەدەگرێت !!؟... چۆن بە توێشوی پەشێو، کردەی کاڵو کۆڵاں

[1] أخرجه البخاري برقم: 2785.

دەرونمان دەمرکێتەوە !!؟.. چۆن بەهیممەتی نەوی‌و، نەفسی دەنی‌و، نییەتی ئاوێتەبوو بەڕووپامای‌و دەردی دوونیایی هیوامان بەرزگاربوون دەمێنێ !!..

پەروەردگارا لەم خەوی غەفڵەت‌و هەرەتی هەرزەتە بەئاگامان بێنەوەو ، پشتیوان‌و کۆمەکمانبە لەگرتنەبەری ڕێگەی جیهاد لەپێناو سەروەری دین‌و بالآیی شەرعەکەتدا ، بەرلەوەی بەهۆی بەردانی هەوساری جیهادوو بێبەشی ڕیباتەوە گیرۆدەی سزای زەبونی ببین‌و، زەمانی پرنەهامەتی‌و دەردی بێ شەهامەتی هزرو هێزی هەقخوازیمان وێڵ‌و لاواز بکات .. بەڕاستی پەروەردگارا هەرتۆ خوازراوی زانای بە هەموو خێرو چاکەیەکی بەندەکانت .. ولاحول ولا قوە الا بالله .

## باسی هەشتەم

## جیهاد باشترو گەورەترە لە کەنارگیری و خۆیەکلاکردنەوە بۆ بەندایەتی ( العزلە )

- فەرمودەکەی ئەبو سەعیدی خودری کە لەبوخاری‌و موسلیمدا هاتووەو پێشتر ئاماژەمانپێدا، تێیدا بەڕونی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بەوەداوە کەئیماندار‌ی موجاهید گەورەترو بەڕێزترینی کەسە لای خوا، لەپاشان ئەوکەسەی خۆی لەخەڵکی کەناردەگرێ بۆ ئەوەی لەخراپەیان پارێزراو بێت ().

- وە ئیمامی ترمزی‌و بەیهەقی‌و حاکم لەئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە کە دەفەرموێ: (( مَرَّ رَجُلٌ مِنْ أصْحَابِ رسولِ اللهِ - صلى الله عليه وسلم - بِشِعبٍ فِيهِ عُيَيْنَةٌ مِنْ مَاءٍ عَذْبَة ، فَأعْجَبَتْهُ ، فَقَالَ : لَو اعْتَزَلْتُ النَّاسَ فَأقَمْتُ فِي هَذَا الشِّعْبِ ، وَلَنْ أفْعَلَ حَتَّى أسْتَأْذِنَ رسولَ اللهِ - صلى الله عليه وسلم - ، فذكَرَ ذَلِكَ لرسول الله - صلى الله عليه وسلم - ، فَقَالَ : (( لاَ تَفعلْ؛ فَإنَّ مُقامَ أَحَدِكُمْ في سَبيلِ اللهِ أفْضَلُ مِنْ صَلاَتِهِ فِي بَيْتِهِ سَبْعِينَ عَاماً، أَلاَ تُحِبُّونَ أنْ يَغْفِرَ اللهُ لَكُمْ ، وَيُدْخِلَكُمُ الجَنَّةَ ؟

() بڕوانە فەرمودەکەی ئەبو سەعید لە باسی (موجاهید باشترین کەسە لای خوا) ئەڵقەی یەکەم.

أُغْزُوا فِي سَبِيلِ اللهِ ، من قَاتَلَ فِي سَبِيلِ اللهِ فُوَاقَ نَاقَةٍ وَجَبَتْ لَهُ الجَنَّةُ))[1]. **واتە: پیاوێك** لەهاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەناوچەی عویەینە بەلای دۆڵێکدا کەئاوێکی سازگاری لێبوو تێپەڕی، دڵی ناوچەکەی گرتو وتی: ئەگەر لەخەڵکی دوربکەوتمایەتەوە دەهاتمە ئەم دۆڵەو لێرە دەمامەوە، بەلاَم کاری واناکەم هەتا مۆڵەت لەپێغەمبەری خوا ﷺ نەخوازم .

پاشان ئەمەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرد ، ئەویش پێی فەرموو: کاری وامەکە چونکە شوێنی وەستانی هەریەك لەئێوە لەجیهاد لەڕێی خوادا باشترە لەهەفتا ساڵ نوێژکردن لەماڵی خۆی ، ئایا پێتان خۆش نییە خوا لێتان خۆشبێت، وە بتانخاتە بەهەشتەوە ؟ بجەنگێن لەڕێی خوادا ، چونکە ئەوەی بەئەندازەی وشتر دۆشینێك لەڕێی خوادا بجەنگێ بەهەشت بۆی مسۆگەر دەبێ .

- ئیبن‌و نوحاس دەفەرمویٚ: وشتر دۆشینێك ( فواق ناقە ) : بریتییە لەو کاتەی دەکەوێتە نێوانی دوو دۆشین ، چوکە وشتر دەدۆشرێت پاشان بۆ ساتێك وازیلێدەهێنرێت هەتا بێچووەکەی دەیچەکێنێت بۆ ئەوەی شیر بێتەوە گوانەکانی پاشان دەدۆشرێتەوە.

وە ئەم فەرمودەیە بەڵگەیەکی ڕون‌و ئاشکرایە کەجەنگ‌و جیهاد گەورەترە لەکەنارگیری‌و دورکەوتنەوە لەخەڵکی بەمەبەستی بەندایەتیکردن.

خۆزگە کێ هەبێ بگاتە ئاستی ئەو هاوەڵە بەڕێزە ڕەزای خوای لیبێ لەو گۆشەگیریەو بەندایەتییەی، وە لەپاکیێتی خواردنەکەی، لەگەڵ هەموو ئەوەشدا پێغەمبەری خواﷺ مۆڵەتی ئەوکارەی پێنادات‌و پێی دەفەرموێ : ئەوکارە مەکە ، وە ڕێنوێنی دەکات بۆ جیهادکردن.

ئیدی کەی شیاو شایستەیە بۆ یەکێك لەئێمە کە واز لەجیهاد بێنێ ، لەگەڵ کردەوەگەڵێك کەلەژیاندا ئەنجامیداون‌و تەنها خۆی پێیاندەزانێ ، ئەو کردەوانەی کە لەگەڵ کەمییاندا نابنە

[1] اخرجە الترمذی : 13/ 101_102. والبیهقی : 9/ 160_161. والحاکم : 2/ 68 والحدیث صحیح.

جێگەی متمانەی خاوەنەکەیان ..؟! وە لەگەڵ ئەو کۆڵە گەورەو گرانەی تاواناندا کەبەهۆی زۆریانەوە لێیان دەربازنابێ ..؟! وە ئەندامانێکی جەستەی کە بەبەردەوامی ئازادن لەوەی لێیان قەدەغەکراوە .. وە دەرونانێکی سەرکەش تەنها لەوشتانە نەبێ کە ڕێگرییان لێکراوە .. وە لەخواردنو خوانێك کەحوکمی حەلاڵییان جگە ڕۆژیدەرەکەیان نەبێ کەس نایزانێ .. وە بیرو ئەندێشەیەك کەتەنها بەدیهێنەرەکەیان دەزانێ لەکوێوە سەرچاوەیانگرتووە، وە نیازو نییەتانێك کەئیخلاص تێیاندا ئەستەمو بەدینەهاتووە ، وە دەرەنجامو عاقیبەتێك کەهیوای لێ ڕزگاربونیان تەنها بەچاودێریو کۆمەکی پەروەردگار نەبێ بەدینایەت..؟! .

پاشان بڕوانە سەرەنجامو عاقیبەتی کارەکان، کەبەڕاستی بواری دڵەڕاوکێیو ترس تێیاندا زیاترو گەورەترە ، بۆیە بەختەوەر ئەوەیە کەخوای گەورە پشتیوانیو ڕێنوێنی دەکات بۆ جیهادوو، ئەو ڕێگەیەی بۆ ئاساندەکات ، وە بەدبەختو زیانمەند ئەوکەسەیە کە لێیدەسڵەمێتەوەو بەهۆیەوە زیانی گەورەی لێدەکەوێتو نیشانەی خەسارۆمەندی لێدەردەکەوێت .

پەروەردگار بەمیهرو بەزەی خۆت گرتنەبەری ڕێگەی جیهاد لەسەرمان ئاسان بکەو، ئێمەبۆ جیهادوو ڕێگە پیرۆزەکەی بسازێنە، وە بەفەزڵو گەورەی خۆت لەوکەسەمان بگێڕە کەنیازی چاکە دەکاتو پێیدەگات، وە حاڵو کارەکانی لەگەڵ ڕێنوێنوی‌و هیدایەتی خۆت یاوەرو هاوتا دەبێ، بەڕاستی هەرخۆت نزیكو وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی .

- وە عەبدالله ی کوڕی موبارەك زۆر سوربووە لەسەر جەنگو جیهادوو ئێشکگری لەسنوری موسوڵمانناندا، وە بەزۆری خەڵکی بۆهانداوە ، وە ڕێگریو ئینکاریکردووە لەوکەسەی لەجێیەکدا بەنیازی بەندایەتی بمێنێتەوەو (ئیعتیکاف)بکاتو واز لەجیهاد بهێنێ.

- موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەبی سوکەینە دەڵێ : لەگەڵ عبد الله ی کوڕی موبارەك بووم لەتەرصوص، لەسنورەکانی ئەوێ پاسەوانو ئێشکگربوین ، بەنیازی سەفەری حەج بووم ، وە

ئەوكاتە فوزەیلی كوڕی عییاز لەتەنیشت كەعبەی پیرۆز لەمزگەوتی حەڕام ئیعتیكافی كردبوو. بۆیە عەبدالله ی كوڕی موبارەك ئەم چەند دێڕە شیعرەی بۆ نوسی .

یا عابد الحرمین لو أبصرتنا لعلمت أنك في العبادة تلعب
من كان یخضب خده بدموعه فنحورنا بدمائنا تتخضب
أوكان یتعب خیله في باطل فخیولنا یوم الصبیحة تتعب
ریح العبیرلكم ونحن عبیرنا رهج السنابك والغبار الأطیب
ولقد أتانا من مقال نبینا قول صحیح صادق لا یكذب
لا یستوي وغبار خیل اللّه في أنف امرئ ودخان نار تَلَهَّبُ
هذا كتاب اللّه ینطق بیننا لیس الشهید بمیت لا یكذب

دەڵێ: كاتێك بەفوزەیلی كوڕی عییاز گەیشتم لەلای كەعبەو نامەكەی عبدالله ی كوڕی موبارەكم دایەدەستی، بینیم كەنامەكەی خوێندەوە چاوەكانی پڕبون لەفرمێسكو دەیوت: بەڕاستی ئەبو عبدالرحمن راستیی وتووە، وە ئامۆژگاریكردووم(1).

پشتیوان بەخوا دواتریش ئاماژە بەچەند فەرمودەیەكیتر دەكەین لەبارەی فەزڵو گەورەی جیهاد بەسەر كەنارگیربی(العزله) بەمەبەستی بەندایەتی.

## باسی نۆیەم

## موجاهید باشترینی خەڵك و بەڕێزترینیانە لای خوای تەعالا

- ئیمامی ترمزیو نەسائیو حاكمو ئیبنوحیببان لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە كەدەفەرموێ: ((خَرَجَ عَلَيْهِمْ وَهُمْ جُلُوسٌ فَقَالَ: « أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ النَّاسِ مَنْزِلًا؟ » . قُلْنَا : بَلَى یارسول الله

(1) سیر اعلام النبلاء للذهبی : 8/ 412.

. قَالَ: « رَجُلٌ أخذ بِرَأْسِ فَرَسِهِ فِى سَبِيلِ اللَّهِ حَتَّى يَمُوتَ أَوْ يُقْتَلَ . قَالَ: « ألا أخْبِرُكُمْ بِالَّذِى يَلِيهِ ؟» . قُلْنَا:بلى يَا رَسُولَ اللَّهِ . قَالَ: « امْرُؤٌ مُعْتَزِلٌ فِى شِعْبٍ، يُقِيمُ الصَّلاَةَ، وَيُؤْتِى الزَّكَاةَ، وَيَعْتَزِلُ شُرُورَ النَّاسِ))(1). واتە: لەکاتێکدا ئەوان لەمزگەوت دانیشتبوون پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەلایان‌و فەرموی: ئایا هەواڵتان پێبدەم لەبارەی باشترینی خەڵکەوە لەپلەو پایەیدا ؟

وتمان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

فەرموی: پیاوێکە جڵەوی ئەسپەکەی لەڕێی خوادا بەدەستەوەگرتووە تائەوکاتەی دەمرێ یان دەکوژرێ.

هەواڵتان پێبدەم بەوەی لەپاش ئەودێت؟

وتمان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

فەرموی: کەسێك خۆی لەخەڵکی کەنارگرتبێ لەدۆڵێکداو ، نوێژەکانی بەرپابکات‌و، زەکاتی ماڵی بدات، وە لەخراپەی خەڵکی خۆی دورەپەرێزبگرێت.

### باسی دەیەم

## خەوی موجاهیدی لەڕێی خوا گەورەترە لەشەونوێژو ڕۆژوی کەسانیتر، وە ئەوەی لە جیهاددا بەڕۆژوو نابێت وەك ڕۆژووەوانێکە کە لەجیهاددا نەبێ

- عبدالله ی کوڕی موبارەك لەئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە کە بەهاوەڵانی فەرمووە : ئایا هیچ یەکێك لەئێوە دەتوانێت بەردەوام هەتا لەژیاندایە نوێژبکات‌و وچانیلێنەدات، وە هەموڕۆژ بەرۆژوبێت‌و نەیشکێنێ ؟

وترا : جا کێ توانای ئەوەی هەیە ئەی ئەبوهورەیرە ؟

فەرموی: دەسا سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە خەوی موجاهد لەوە گەورەترە..!! (2).

---

(1) الترمذى: 3/ 102. والنسائى 5/ 83. والحاكم: 2/67. و موارد الظمئان: ص:384. والحديث حسن.

(2) الجهاد لإبن مبارك : 1/95.

ئیبن‌ونوحاس دەفەرموێ: لەکاتێدا _خوالێتان ڕازیبێ _ ئەگەر ئەمە پلەوپایەی خەوتوبێت لەموجاهیدان ئەی ئەبێ پلەوپایە نوێژگەریان چۆن بێ .. !؟ وە ئەگەر ئەمە پلەوپاداشتی بێ ئاگایان بێت ئەبێ پلەو پلەوپاداشتی هۆشیارو کۆششکاریان چەندبێ .. !؟ وە ئەگەر ئەمە خێری لەرینەوەی پەتی نەعەلەکانیان بێ ئەدی دەبێ خێری زەبری بازو کاریی مەزنیان چۆنچۆنی بێ..!؟ ()

وە بەڕاستی ئەمە فەزڵێکی گەورەو ئاشکرایە، ئیدی با ئەوانەی ئارەزومەندی چاکەکاریو پاداشتی نەبڕاوەن بۆ نمونەی ئاوهاکارێك قۆڵی کۆششی لێهەڵماڵن .. وە لەبەر لەکیسچونیشی با دەستەوسان‌و کەمتەرخەمان فرمێسکی پەشیمانی هەڵوەرێنن، وە لەسەر بەزایەدانی تەمەنیان لەغەیری جهاددا با زیادەڕەوانیش ئاهی غەم‌و پەژارەی هەڵکێشن .

پەروەردکار بەرچاوڕونیمان پێببەخشە بەرێگەکانی ڕزگاربوون ، وە لەسەرمانی ئاسان بکە، وە بەچاوی چاودێری‌و میهروبەزەی فراوانتەوە سەریرمان بکە، چونکە بەدڵنیای تەمەن لەبێهودەیدا وشك هەڵگەڕاو ئاوابوو .. بەڕاستی تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بەدەستەڵات‌و توانامەندی بێ سنوری.

- وە ئیمامی نەسائی‌و ئیبن موبارەك لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کەدەفەرموێ گوێم لەپێغەمبەری خوابوو ﷺ دەیفەرموو: ((أن مَثَلُ الْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ - وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُجَاهِدُ فِي

---

() سەعیدی کوڕی مەنصور لەسونەنەکەیدا لەحەسەنی کوڕی حەسەنەوە گێڕاویەتیەوە:کە ( پیاوێکی سەروەتمەند هاتەلای پێغەمبەری خواو پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا هەواڵمپێبدە لەبارەی کردارێکەوە کە بگاتە کردەوەی موجاهیدانی ریٚ یگەی خوا. فەرموی : ماڵەکەت چەندە ؟ وتی: شەش هەزار دینارە. فەرموی:( ئەگەر هەموی لە رەزامەندی خوادا ببەخشیت ناگاتە تۆزی پەتی نەعلی موجاهیدێکی رێگەی خوا).
(وەپیاوێك هاتەلای‌و وتی ئەی پێغەمبەری خوا هەواڵمپێبدە لەبارەی کردارێکەوە کە بگاتە کردەوەی موجاهیدانی رێگەی خوا. فەرموی: ئەگەر شەو شەونوێژ بکەیت‌و رۆژیش بەڕۆژوبیت ناگەیت بە خەوی موجاهیدی رێگەی خوادا ..!!) . كتاب السنن، كتاب الجهاد، باب ما جاء في فضل الجهاد في سبيل الله : 2 /3/ 26 1 - 27 1

سَبِيلِهِ - كَمَثَلِ الْقَائِمِ الصَّائِمِ الْخَاشِعِ الرَّاكِعِ السَّاجِدِ))[1]. واتە: بێگومان نمونەی موجاهیدی ڕێی خوا _ وە خوا زاناترە کەکێ لەڕێی ئەودا جیهاد دەکات_ نمونەی شەونوێژکارێکی ڕۆژووەوانی دڵبەخشوعی کڕنوشبەری سوژدەبەرە .

• وە ئمامی ئەحمەد لەنوعمانی کوڕی بەشیرەوە گێڕاویەتییەوە کەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((مثل المجاهد في سبيل اللّه كمثل الصائم نهاره القائم ليله حتى يرجع متى يرجع)).(2) واتە: نەمونەی موجاهیدی ڕێی خواداا نمونەی کەسێکە کەبەڕۆژ بەڕۆژووبێتو شەویش شەونوێژ بکات، هەتا موجاهید دەگەڕێتەوە وەکەی دەگەڕێتەوە.

## باسی یانزەیەم

## خوای تەعالا موجاهید سەد پلە لەبەهەشتدا بەرزدەکاتەوە

خوای گەورە دەفەرموێ :﴿ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا * دَرَجَاتٍ مِنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ النسا: 95 – 96.

واتە: زاتی اللە فەزڵو گەورەی ئەو موجاهیدانەی کەبەماڵو گیانیان لەڕێی خوادا تێدەکۆشن داوە بەسەر ئەوانەدا کە جیهاد ناکەن ، وە بۆ هەر یەکەیان( موجاهیدانو ئەوانەی کەپاساوی شەرعییان هەیە بۆ نەچونە جیهاد) خوای گەورە بەڵێنی پاداشتی بەباشە پێداون، وە خوای گەورە فەزڵی گەورەی موجاهیدانی داوە بەسەر دانیشتواندا. وە ئەوانە لەلایەن خواوە چەندین پلەی بەرزو لێخۆشبونو میهرەبانییان بۆهەیە ، وە خوای گەورە لێبوردەی بەبەزەییە.

(1) أخرجة النسائى : 18/6. وابن مبارك فى الجهاد:65/1. والحديث صحيح.
(2) أخرجة احمد فى المسند: 272/4. وإسناده حسن لغيره.

• ئیمامی بوخاری لەئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: ((مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وآتى الزكاة وَصَامَ رَمَضَانَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ ، هاجر فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ جَلَسَ فِي أَرْضِهِ الَّتِي وُلِدَ فِيهَا. فَقَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ : أَفَلَا نُنبئ النَّاسَ بذالك؟ قَالَ : إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ ، أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِهِ مَا بَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ . فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ وفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ))(1). واتە: ئەوەی ئیمانی بەخواو پێغەمبەرەکەی هێنابێ ، وە نوێژەکانی بەرپاکردبێ ، وە زەکاتی ماڵی دابێ وەڕۆژوی رەمەزانی گرتبێ ، ئەوە مافە لەسەرخوا کەبیخاتە بەهەشتەوە، ئیدی هیجرەتی لەڕێی خوادا کردبێ یان لەزێدی لەدایکبونی خۆی مابێتەوە .

وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا خەڵکی لەمە ئاگاداربکەینەوە؟.

فەرموی: بێگومان لەبەهەشتدا سەدپلە هەیە، خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ موجاهیدانی رێگەی خوێ، نێوانی هەر دووپلە لەو پلانە وەك نێوانی ئاسمانو رێسمانە ، وە ئەگەر داواتان لەخواکرد داوای فیردەوسی لێبکەن، چونکە فیردەوس ناوەندی بەهەشتە، وە بالآترینی پلەیەتی، وە هەر لەفیردەوسەوە روبارەکانی بەهەشت هەڵدەقوڵێن، وە لەسەرویەوە عەرشی رەحمانە..

• وە ئیمامی موسلیم لەئەبوسەعیدی خودرییەوە گێڕاویەتییەوە کەپێغەمبەری خواﷺ فورمویەتی: ((مَنْ رَضِيَ بِاللهِ رَبّاً ، وَبِالإِسْلاَمِ ديناً ، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً ، وَجَبَتْ لَهُ الجَنَّةُ » ، فَعَجِبَ لَهَا أَبُو سَعيدٍ ، فَقَالَ : أَعِدْهَا عَلَيَّ يَا رسول اللهِ ، فَأَعَادَهَا عَلَيْهِ ، ثُمَّ قَالَ : « وَأُخْرَى يَرْفَعُ اللهُ بِهَا العَبْدَ مِئَةَ دَرَجَةٍ فِي الجَنَّةِ ، مَا بَيْنَ كُلِّ دَرَجَتَينِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأرْضِ » . قَالَ : وَمَا هِيَ يَا رسول الله ؟ قَالَ : « الجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللهِ))(2). واتە: ئەوەی رازی بوبێت کەزاتی الله پەروەردگاری بێ، وە ئیسلام ئاینی بێت ، وە محمد ﷺ پێغەمبەری بێ، بەهەشتی بۆ مسۆگەر بووە .

ئەبوسەعید بەمە سەرسام بوو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا بۆمی دووپاتبکەرەوە.

---

(1) أخرجة البخارى برقم : 2790.
(2) أخرجة المسلم برقم : 1884.

بۆی دوپاتکردەوەو، پاشان فەرموی: وە جگە لەوە شتێکی دیکە کەخوای گەورە بەهۆیەوە سەد پلە بەندەی خۆی بەرزدەکاتەوە، کە نێوانی هەر دووپلە لەو پلانە وەك نێوانی ئاسمانو ڕێسمانە.

وتی: ئەوە چییە ئەی پێغەمبەری خوا؟

فەرموی: جیهادە لەڕێی خوادا.

**باسی دوانزەیەم**

## جیهاد لەرێی خوا گەشت و گوزاری ئوممەتی ئیسلامە

• خوای گەورە لە وەسفی ئەو ئیمانداراندەی کە گیانو ماڵیان بەخوا فرۆشتتوە دەفەرموێ: ﴿التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدُونَ ...﴾ التوبة من الاية:112. واتە: تەوبەکارانو خواپەرستانو سوپازگوزارانو گەشتیاران کڕنوشبەرانو سوژدەبەران.. )).

ئیبنو نوحاس دەفەرموێ: مەبەست بە (سیاحە) لەئایەتەکەدا جیهادە لەڕێی خوادا و ، (السائحون) یش موجاهیدانی ڕێی خوان.

• ئیمامی ئەبوداودوو بەیهەقیو حاکم لەئەبوئومامەی باهیلیەوە دەگێرنەوە کەدەفەرموێ : ((أَنَّ رَجُلاً استأذن رَسُولَ اللَّهِ فِى السِّيَاحَةِ فَقَالَ :« إِنَّ سِيَاحَةَ أُمَّتِى الْجِهَادُ فِى سَبِيلِ اللَّهِ »))(1). واتە: پیاوێك مۆڵەتی خواست لەپێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی بچێتە گەشتو گوزار. پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموی: گەشتو گوزاری ئوممەتی من جیهادە لەڕێی خوادا.

ئبنو نوحاس دەفەرموێ: ئاشکرایە کە گەشتوگوزار بریتیە لەگەڕان بەزەویدا، وە دورکەوتنەوەیە لەجەنجاڵی ژیان،وە ڕوانینە بۆ شوێنەوارەکان بەچاوی پەندوەرگرتنو شارەزابون لەسەرگوزەشتەی گەلان، وە پێغەمبەری ئازیزما ﷺ جیهادی ڕێگەی خوای بەگەشتو گوزاری

(1) أخرجة أبوداود: 12/3. والبيهقى فى السنن الكبرى: 161/9. والحاكم: 73/2. والحديث صحيح.

ئەم ئوممەتە هەژمارکردووە، چونکە جیهاد لەناوەرۆکدا بریتیە لەهەڵهاتن لەبوون، وە گوزەرە بۆلای پەروەردگاری پەرستراو لەسەر پێکانی ئیمانو باوەڕ بەبەهەشتی بەڵنپێدراو، وە دیسانەوە ڕوانینێکی وردە بەچاوی ویژدانەوە بۆ گیان(ڕۆح) لەڕادەستکردنی بەکڕیارەکەیو دەربازکردنیەتی لەدونیای جیاوازیەکان، وە زۆر جیاوازە کەکەسێك ڕێگە بگرێتبەر لەپێناوی ڕابواردنو تێرکردنی ئارەزووەکانی لەگەڵ ئەوەی کۆششدەکات بۆ لەبەینبردنی ..!! بەڕاستی موجاهید گەشتیاری بەیەقینو هەقیقییە ، وە سەوداکاری گیانی خۆیەتی بەنرخو قازانجێکی مەزنو بێئەنداز کەئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەو ئاشکرایە.

## باسی سیانزەیەم

## موجاهیدی ڕێی خوا لەکاتی دەرچونی هەتا گەڕانەوەی یان شەهیدبونی لەزامن و سپاردەو پشتیوانی و ڕێنوێنی پروەردگاردایە

• خوای گەورە دەفەرموێ :﴿ وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ﴾ العنكبوت: 69 ) واتە: وە ئەوانەی لەپێناوی ئێمەدا کۆششیانکردووە بێگومان ڕێنوێنیان دەکەین بۆ هەموو ڕێگەیەکی چاك وە بەڕاستی خوا لەگەڵ چاکەکارانە.

• سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێ: هەرکات بینیت خەڵکی ناکۆکیو جیاوازی کەوتە نێوانیان ئەوکات بچنە لای ئەهلی جیهادوو مجاهیدان چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا﴾.

• وە ئیمامی بوخاریو موسلیم لەئەبوهورەیرەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((تَكَفَّلَ اللَّهُ لِمَنْ جَاهَدَ فِي سَبِيلِهِ، لاَ يُخْرِجُهُ مِنْ بَيْتِهِ إِلاَّ الْجِهَادُ فِي سَبِيلِهِ، وَتَصْدِيقُ

بكَلِمَاتِهِ، أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، أَوْ يَرُدَّهُ إِلَى مَسْكَنِهِ بمَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ))[1]. **واته: زاتى الله لەسەرخۆی زامن كردووە بۆ ئەوەی لەرِێی ئەو دەردەچێت بۆجیهاد ، بەمەرجێك تەنها شتێك لەماڵی دەریكات باوەڕبێ بەمنو جیهاد لەرِێی مندا ، ئەوكاتە لە سەرمن زامنە هەتا دەیخەمە بەهەشتەوە، ئیدی بەهەركامێك لەو دوانە بێت بەكوژران یان بەمردن ، یان دەیگێڕمەوە بۆ ئەوجێیەی لێی دەرچووە لەگەڵ ئەوەشی دەستیكەوتوە لەپاداشتو غەنیمەت .**

- **وە ئیمامی نەسائی لەئەبو هورەیرەوە گێڕاویەتییەوە كە دەفەرموێ :** ((سمعت رسول الله ﷺ يقول: انْتَدَبَ اللَّهُ لِمَنْ يَخْرُجُ فِي سَبِيلِهِ، لَا يُخْرِجُهُ إِلَّا الإِيمَانُ بِي وَالْجِهَادُ فِي سَبِيلِي، أَنَّهُ علي ضَامِنٌ حَتَّى أُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، بِأَيِّهِمَا كَانَ، إِمَّا بِقَتْلٍ أَوْ بوَفَاةٍ ،أَوْ أَرُدَّهُ إِلَى مَسْكَنِهِ الَّذِي خَرَجَ مِنْهُ نَالَ مَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ))[2]. **واته: گوێم لەپێغەمبەری خوابوو كە دەیفەرموو: خوای گەورە لەسەرخۆی زامن دەكات بۆ ئەوەی لەرِێی ئەودا دەردەچێت بۆجیهاد ، كە هیچ شتێك لەماڵی دەری نەكات تەنها باوەڕبوون بەمنو جیهاد لەرِێی مندا نەبێ ، كە ئەوە لەسەرمن زامنە هەتا دەیخەمە بەهەشتەوە، بەهەركامێكیانبێت بەكوژران بێ یان بەمردن ، یان دەیگێڕمەوە بۆ ئەوجێیەی لێی دەرچووە لەگەڵ ئەوەشی دەستیكەوتوە لەپاداشتو غەنیمەت.**

**ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ:**

**((مانای بۆی زامنی دەكات (تَكَفَّلَ اللَّهُ) : یانی خوای گەورە بەفەزڵو بەخششی خۆی بەهەشت بۆ ئەو موجاهیدە پێویستدەكات )).** [3]

**ئیبنو نوحاس دەفەرموێ :**

---

[1] اخرجة البخارى برقم : 3123. ومسلم برقم: 1876.

[2] أخرجة النسائى: 16/6. والحديث صحيح.

[3] شرح النووى على صحيح مسلم : 20/13.

پێدەچێت لەوتەی ( لەپاداشت یان غەنیمەت ((مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ)) وابفامرێتەوە کەپاداشتو غەنیمەت لەگەڵ یەك کۆنابنەوە، وەهەرکات موجاهیدی ڕێی خوا غەنیمەتی دەستکەوت ئەوە لەپاداشت بێبەشدەبێت .

بەلاَم لەڕاستیدا فەرمودەکە ئەو واتایە ناگەیەنێت ، بەڵکە واتای ئەوەیە کە: خوای گەورە بەپاداشتی تەواوەوە دەیگێڕێتەوە ئەگەر غەنیمەتی دەستنەکەوت ، یان لەگەڵ پاداشتو غەنیمەتدا دەیگێڕێتەوە، ئەوکاتە هەردوکیی بۆ کۆدەبێتەوە لەپاداشتو غەنیمەت.

لەبەرئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لەفەرمودەیەکی تردا ئاماژەی بەوەداوە کەپاداشت لەگەڵ غەنیمەتدا کۆدەبێتەوە.

- ئیمامی موسلیم لە عبد الله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە گێڕاویەتییەوە کەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((مَا مِنْ غَازِيَةٍ تَغْزُو أو سرية فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُصِيبُونَ الْغَنِيمَةَ إِلاَّ تَعَجَّلُوا ثُلُثَيْ أَجْرِهِمْ مِنَ الآخِرَةِ وَيَبْقَى لَهُمُ الثُّلُثُ وَإِنْ لَمْ يُصِيبُوا غَنِيمَةً تَمَّ لَهُمْ أَجْرُهُمْ))[1]. واتە: هیچ جەنگاوەرێك یان سریەیەك لەڕێی خوادا نییە کەغەنیمەتیان دەستکەوێت ئیللا دوو لەسێی پاداشتەکەیان بۆ پێشدەخرێت و بەرلە قیامەتیان وەریدەگرن، وە یەك لەسێیەکیان بۆ قیامەت دەمێنێتەوە، وە ئەگەر غەنیمەتیان دەستنەکەوت  هەموو پاداشتەکەیان بەتەواوی لەقیامەتدا وەردەگرن.

وشەی (أو) لەفەرمودەکەدا (مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ) بەمانای (واو) دێت ، واتە: لەپاداشتو غەنیمەت. نەك بەمانای (یان)

---

([1]) أخرجة مسلم برقم: 1916.

• ئیمامی نەسائی لەعبدالله ی کوڕی عومەرەوە گێڕاویەتییەوە لەپێغەمبەری خواوە ﷺ کە ئەویش لەپەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە کەفەرمویەتی: ((أَيُّمَا عَبْدٍ مِنْ عِبَادِي خَرَجَ مُجَاهِداً فِي سَبِيلِي ، ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي ، ضَمِنْتُ لَهُ أَنْ أَرْجَعَهُ إِنْ أَرْجَعْتُهُ بِمَا أَصَابَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ وَإِنْ قَبَضْتُهُ غَفَرْتُ لَهُ))(1). واتە: هەر بەندەیەك لەبەندەكانم لەرێی مندا دەرچێت بۆ جیهاد ، وە خواستی تەنها ڕەزامەندی من بێت، ئەوە من بۆی زامندەكەم ئەگەر گێڕامەوە بیگێڕمەوە لەگەڵ ئەوەی دەستی كەوتووە لەپاداشتو غەنیمەت، وە ئەگەر گیانیشم كێشا لێیخۆشببم .

• وە ئیمامی ئیبن‌وخوزەیمەو ئیبن‌وحیببانو حاكم لەموعازی كوڕی جەبەلەوە گێڕاویانەتەوە كەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((من جاهد في سبيل الله كان ضامنا على الله، ومن عاد مريضا كان ضامنا على الله، ومن غدا إلى مسجد أو راح كان ضامنا على الله، ومن دخل على إمام يعززه كان ضامنا على الله، ومن جلس في بيته لم يغتب إنسانا كان ضامنا على الله))(2). واتە: ئەوەی لەرێی خوادا جیهاد بكات ئەوە پاراستنو پاداشتی لەسەرخوا زامنە ، وە ئەوەی سەردانی نەخۆشێك بكات پاراستنو پاداشتی لەسەر خوا زامنە، وە ئەوەی بەئێواران‌و بەیانیاندا بڕوات بۆ مزگەوت پاراستن‌و پاداشتی لەسەر خوا زامنە، وە ئەوەی بچێتە لای پێشەوای ئیمانداران‌و ڕێزیلێبگرێت پاراستن‌و پاداشتی لەسەر خوا زامنە، وە ئەوەی لەماڵی خۆی دانیشێت‌و باسی خراپە ( غەیبەت)ی كەس نەكات ئەوە پاراستن‌و پاداشتی لەسەر خوا زامنە .

• وە ئیمامی ترمزیو ئیبن‌وحیببان‌و حاكم لەئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە كەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((ثلاثةٌ حقٌّ على الله عَوْنُهم: المجاهد في سبيل الله، والمكاتب يريد الأداء، والمتزوج يريد العَفاف))(3). واتە: سێكەس مافە لەسەرخوا كۆمەكك‌و پشتیوانیان بێت: موجاهیدی

---

(1) أخرجى النسائى فى المجتبى: 18/6. وسندة صحيح.
(2) أ خرجة ابن خزيمة فى صحيحه:376/2. وابن حبان : 384. والحاكم: 212/1. وسندة صحيح .
(3) أخرجة الترمذي: 103/3. وابن حبان:398. والحاكم: 217/2. وسندة حسن.

ڕێی خوا، وە ئەو بەندەی قەرزدەكات بۆ ئەوەی خۆی ئازادبكات وە نیازی دانەوەی قەرزەكەی هەیە ، وەئەوەی بەمەبەستی خۆپارێزی لەتاوان ژندەهێنێت.

### باسی چواردەیەم

## جیهاد لەڕێی خوادا لوتكەی هەرە بڵندی ئیسلامە

- ئیمامی ترمزیو ئەحمەدوو حاكم لەموعازی كوڕی جەبەلەوە ڕەزای خوای لێبێ گێراویانەتەوە كەدەفەرمویێ: ((كنا مع رسول الله ﷺ في غزوة تبوك فقال لي: إِنْ شِئْتَ أَنْبَأْتُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذُرْوَةِ سَنَامِهِ؟ قلت: أجل يارسول الله. قال: أَمَّا رَأْسُ الأَمْرِ فَالإِسْلاَمُ مَنْ أَسْلَمَ سَلِمَ وَأَمَّا عَمُودُهُ فَالصَّلاَةُ وَأَمَّا ذُرْوَةُ سَنَامِهِ فَالْجِهَادُ))(1). واته: ئێمه لەجەنگی تەبوكدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوین ﷺ كەپێمی فەرموو : ئەگەر بتەوێ لەبارەی سەری كارەكەو ،كۆڵەكەی راگری‌و، لوتكەی هەرەبڵندی هەواڵتپێدەدەم ؟ گوتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

فەرموی: سەری كارەكە ئیسلامە، وە كۆڵەكەی راگری نوێژە، وە لوتكەی هەرە بڵندی جیهادده.

ئین‌ونوحاس ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ :

لەبەر ئەوە ئیسلام بەسەری كارەكە دادەنرێت چونكە هیچ كارێكی موسوڵمان بەبێ ئەو دروستنابێ‌و وەرناگیرێ ، وەهەركات سەرنەما ئیدی كارەكان وەك جەستەیەكی بێسەر وان، كەئەوەش مانای مردووی دەگەیەنێت ، هەر لەبەرئەوەیە كەڕۆژی قیامەت ئەوكارانەی مەرجی ساغی‌و دروستیان تێدانەبووە وەك تۆزی بەربادیان لێدێت **( هباءً منپورا)**و هیچ ئەرزشێكیان نابێت‌و نابنە مایەی ڕزگاری خاوەنەكایان.

وە لەبەرئەوە نوێژ بەكۆڵەكەی راگری ئەم دینە دادەنرێ‌و، چوێنراوە بەكۆڵەكەی ڕاگری چادر ، چونكە یەكەم كردەوەیەك كەلەرۆژی قییامەتدا بەندە لێپرسینەوەی لەبارەوە دەكرێت

(1) أخرجة الترمذى : 4/ 124-125. واحمد: 5/ 231. والحاكم: 76/2.والحديث صحيح بطرقه الكثيرة.

بریتییە لە نوێژ، هەروەك چۆن یەكەم شتێك كە بەرزدەكرێتەوە بۆ هەڵدانی چادر بریتییە لەوكۆڵەكەی لەناوەندا راستدەكرێتەوە بۆ راگرتنی .

وە بۆیە جیهاد چوێنراوە بەكۆپارەی وشتر(سنام) ، چونكە كۆپارە لە وشتردا بەرزترین شوێنیەتی‌و، هیچ ئەندامێك لەئەندامەكانی تری لەگەڵی هاوئاستو یەكسان نین ، وە بەهەمان شێوەیە جیهادیش لەرێی خوادا هیچ كردەوەیەك لەئیسلامدا لەگەڵی هاوئاستو یەكسان نییە ، وە پرسیاركرا لەپێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی كردەوەیەك كەوەك جیهادبێت لەرێی خوادا فەرموی : (لا اجده) واتە: شك نابەم .

وە لە رویەكیترەوە وشتر هۆكاری گوێزانەوەی ئادەمیزاد لەجێیەكەوە دەیگەیەنێتە ئەو جێیەی نیازیەتی پێیبگات ، بەهەمان شێوە جیهادیش تاكی موسوڵمان لەسەفەری دونیایدا دەگەیەنێتە زێدوو نیشتمانی یەكەمی خۆی كە بەهەشتە.

وە دیسانەوە بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ جیهادی چواندووە بە كۆپارەی وشتر ، چونكە كۆپارەی وشتر تەنها كەسانێك دەتوانن پێی بگەن كە لەبەژن‌و باڵادا، وە لەماڵ‌وساماندا لەهەموو كەس لەپێشترو باڵاتربن، بەهەمان شێوە جیهادیش تەنها كەسانێك دەتوانن پێی بگەن كەخاوەنی فەزڵ‌و پێشەنگی كارو بەخشینبن لەنێو ئیمانداراندا.

وە لەوانەشە بۆیە جیهادی چواندبێ بەكۆپارەی وشتر ، چونكە ئەوەی بگاتە سەر كۆپارەكەی ئیدی سەرجەم بەشەكانیتری بۆ رام‌و ژێردەست دەبێ ، وە دەتوانێ بەئاسانی بەسەر بەشەكانی دیكەدا زاڵبێت‌و ئاراستەیان بكات ، وە بەهەمان شێوە ئەوكەسەی خوای گەرە جیهادی بەنسیببكات ئیدی بەدڵنیای خوای گەورە سەرجەم دەرگا جیاوازەكانی خێرو فەزڵی گەورەی لەئیسلامدا بەروودا دەكاتەوە.

هەربۆیە موجاهید لەنوستنیدا پاداشتی بۆهەیە، وە لەسەفەریدا پاداشتی بۆهەیە، وە لەبەخشیندا پاداشتی بۆهەیە ، وە لەماندووبونو نارەحەتیدا پاداشتی بۆهەیە، وە لەبرسێتیو تینوێتیدا پاداشتی بۆهەیە، وە لەهەموو جوڵەیەکیدا پاداشتی بۆهەیە.

## باسی پانزەیەم

## خوای گەورە موجاهید زایەناکات بەڵکە بە سۆزو لوتفو نیانی خۆی دەیپارێزێت

• ئیمام نەسائیو ئیبنو ماجە لە ئەبو هورەیرەوە (رەزای خوای لێبێ) دەگێرنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((وَفْدُ اللَّهِ ثَلاَثَةٌ : الْغَازِي وَالْحَاجُّ وَالْمُعْتَمِرُ ، إن دعوه أجابهم ، وإن استغفره غفر لهم))[1]. واتە: سێکەس نوێنەری خوان : جەنگاوەری رێی خوا، حاجی ماڵی خوا، عەمرەکاری ماڵی خوا، ئەمانە ئەگەر بانگی لێبکەن وەڵامیان دەداتەوە، وە ئەگەر داوای لێخۆشبونی لێبکەن لێیان خۆشدەبێ .

• وە ئیمامی تەبەرانی لەعوقبەی کوڕی عامرەوە (رەزای خوای لێبێ) گێراویەتییەوە کەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( ثلاثة تستجاب دعوتهم: الوالد ، والمسافر ، والمظلوم))[2]. واتە: سێکەس دوعایان گیرایە: باوكو رێبوار( موسافیر)و ستەملێکراو.

• وە ئیمامی ئەبوداودوو ترمزیو ئیبنو ماجە لەئەبو هورەیرەوە (رەزای خوای لێبێ)گێڕاویانەتەوە کەپێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: ((ثلاث دعوات مستجابات لاشك فيهن : دعوة الوالد ، ودعوة المظلوم، و دعوة المسافر))[3]. واتە: سێ دووعا گومان لە گیرابونیان نییە: دووعای باوك ، وە دووعای موسافیر ،وە دووعای ستەلێکراو.

---

[1] سنن انسائی:113/5. وسنن ابن ماجة: 2/ 966. والحیث صحیح.
[2] مجمع الزواهد للبیهقی: 15/10، والحدیث حسن.
[3] سنن ابي داود:187/2. وسنن الترمذی: 3/ 210. وسنن ابن ماجة: 2/ 1270. والحیث حسن.

ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ :

ئەگەر خوای گەورە دوعای موسافیر تەنها لەبەرخودی سەفەرەکەی گیرابکات ، ئیدی بۆچیو چۆن دوعای موجاهید گیراناکات ، لەکاتێکدا موجاهید بەرێزترین موسافیرەو سەفەرەکەشی لەسەفەری هەموان پیرۆزترەو، پاداشتیشی مەزنو گەورەترە؟!.

- ئیمامی موسلیم لەجابری کوڕی عەبدوڵلاوە(ڕەزای خوایان لێبێ) دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێ:((بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَمَّرَ عَلَيْنَا أَبَا عُبَيْدَةَ، نَتَلَقَّى عِيرًا لِقُرَيْشٍ، وَزَوَّدَنَا جِرَابًا مِنْ تَمْرٍ لَمْ يَجِدْ لَنَا غَيْرَهُ. فَكَانَ أَبُو عُبَيْدَةَ يُعْطِينَا تَمْرَةً تَمْرَةً. فَقُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ بِهَا ؟ قَالَ : نَمَصُّهَا كَمَا يَمَصُّ الصَّبِيُّ ثُمَّ نَشْرَبُ عَلَيْهَا مِنَ الْمَاءِ فَتَكْفِينَا يَوْمَنَا إِلَى اللَّيْلِ ، وَكُنَّا نَضْرِبُ بِعِصِيِّنَا الْخَبَطَ ثُمَّ نَبُلُّهُ بِالْمَاءِ فَنَأْكُلُهُ . وَانْطَلَقْنَا عَلَى سَاحِلِ الْبَحْرِ فَرُفِعَ لَنَا عَلَى سَاحِلِ الْبَحْرِ كَهَيْئَةِ الْكَثِيبِ الضَّخْمِ ! فَأَتَيْنَاهُ فَإِذَا هِيَ دَابَّةٌ تُدْعَى الْعَنْبَرَ.

قَالَ أَبُو عُبَيْدَةَ: مَيْتَةٌ . ثُمَّ قَالَ: لاَ بَلْ نَحْنُ رُسُلُ رَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- وَفِى سَبِيلِ اللَّهِ ،وَقَدِ اضْطُرِرْتُمْ فَكُلُوا.

فَأَقَمْنَا عَلَيْهَا شَهْرًا وَنَحْنُ ثَلاَثُمِائَةٍ، حَتَّى سَمِنَّا .قَالَ : وَلَقَدْ رَأَيْتُنَا نَغْتَرِفُ مِنْ وَقْبِ عَيْنِهِ بِالْقِلاَلِ الدُّهْنَ وَنَقْتَطِعُ مِنْهُ الْفِدَرَ كَالثَّوْرِ - أَوْ كَقَدْرِ الثَّوْرِ - ! .فَلَقَدْ أَخَذَ مِنَّا أَبُو عُبَيْدَةَ ثَلاَثَةَ عَشَرَ رَجُلاً فَأَقْعَدَهُمْ فِى وَقْبِ عَيْنِهِ و، أَخَذَ ضِلَعًا مِنْ أَضْلاَعِهِ فَأَقَامَهَا ثُمَّ رَحَلَ أَعْظَمَ بَعِيرٍ مَعَنَا فَمَرَّ مِنْ تَحْتِهَا، وَتَزَوَّدْنَا مِن لَحْمِهِ وَشَائِقَ فَلَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ أَتَيْنَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ « هُوَ رِزْقٌ أَخْرَجَهُ اللَّهُ لَكُمْ فَهَلْ مَعَكُمْ مِنْ لَحْمِهِ شَىْءٌ فَتُطْعِمُونَا ». قَالَ فَأَرْسَلْنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- مِنْهُ فَأَكَلَهُ))(1). **واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ناردینی بەدوای کاروانێکی قورەیشدا ، وە ئەبو عوبەیدەی کردە ئەمیر بەسەرمانەوە ، وە کۆڵێك خورمای پێداین کەجگە لەو خۆرمایە هیچیترمان پێنەبوو.**

**ئەبو عبەیدە دەنك دەنك خوارماکەی بەسەرمانا دابەشدەکرد.**

---

(1) أخرجة مسلم: 1935.

منیش بە عەبدوڵلاّم وت: تەنها دەنكە خورمایەك چیتان پێدەكرد ؟

وتی: وەك منداڵ دەمانمژی ، پاشان ئاومان دەكرد بەسەریدا، ئیدی ئەوڕۆژە هەتا ئێوارە بەشی دەكردین، وە گەڵاّی دارمان دەكوتیو پاشان ئاومان لێدەپرژاندوو دەمانخوارد .

لەكاتێكدا بەرەو كەناری دەریاكە بەرێكەوتین بینیما وا لەپێشمانەوە لەسەر كەناری دەیاكە وەك گردۆڵكەیەكی گەورە شتێكمان لێبەدیاركەوت ، كەلێی نزیكبوینەوە ، بینیمان گیاندارێكی گەورەیە كەپێیدەوترێ عەنبەر ئاوەكە لایدابوو.

ئەبو عوبەیدە وتی: مەیخۆن چونكە ئەوە مرداروبووە . پاشان وتی: نەخێر ئێمە نێردراوی پێغەمبەری خواین ﷺ وە بۆ جیهاد لەرێی خوادا دەرچوین، وە ناچاریو زەرورەتیش رویلێكردووین، بۆیە خواردنی بۆمان دروستە.([1])

مانگێك لەسەر ئەو گیاندارە دانیشتین هەتا قەڵەو بوین ، لەكاتێكدا ئێمە ژمارەمان سێسەد كەس بوو، ئەگەر ئێمەت بدیایە كە بەجام رۆنمان لەبۆشای چاوی هەڵدەگۆزی !!، وە پارچەی گەورەمان بەئەندازەی گایەك لێدەكردەوە !!.

ئەبوعوبەیدە سیانزە پاوی لەناوماندا هەڵبژارد لەچاڵی چاویدا داینیشاندنو ، پەراسویەكی هەڵگرتو لەزەوی چەقاند پاشان گەورەترین وشتری لەنێو وشترەكانمان هەڵبژارد بەبارەوە بەژێریدا دەڕۆیشتن!! پاشان هەنێك لەگۆشتەكەیمان بەوشككراوی هەڵگرت.

وە كاتێك گەڕاینەوە بۆ مەدینە چوینەلای پێغەمبەری خواو ﷺ بەسەرهاتەكەمان بۆ گێڕایەوە. ئەویش فەرموی: ئەوە رۆزییەكە خوای گەورە لەدەریاكەدا بۆ ئێوەی دەركردووە. پاشان پرسی

---

[1] ئەم فەرمودە بەڵگەیە بۆ ئەوانەی كە دەڵێن كەسی ناچار(مضطر) بۆی دروستە لەگۆشتی مردارەوەبوو بخوات هەتا تێردەبێت ، وە لێشی هەڵگرێت. چونكە هاوەڵاّن خوا لێیان رازی بەمەبەستی حاڵەتی ناچاری لەو گیاندارەیان خوارد وە ئەوەندەشیان لێخوارد هەتا لێی قەڵەوبوون، وەئەوەشی مایەوە لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرت. بەلاّم بۆ چی ئەوهاوەڵە بەرێزانە وەك حاڵەتی ناچاری ئەو گۆشتەیان خوارد لەكاتێدا ئاشكرایە كە مردارەوەبوی دەریا حوكمی حەلاّڵە وەك پرسیاركرا لەپێغەمبەری خوا لەبارەی ئاوی دەریاوە فەرموی (( هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ )) واتە: ئاوەكەی پاكەو مردارەوەبووەكەشی حەلاّڵە. وەلاّمیش بۆ ئەمە ئەوەیە كەپێدەچێت ئەو هاوەڵە بەرێزانە لەوكاتەدا ئەو فەرمودەیان پێنەگەیشتبێت یان ئەوڕوداوە پێش فەرمودەكە رویدابێت . واللّه اعلم.

**هیچ لەگۆشتەکەیتان لاماوە هەتا ئێمەش لێی بخۆین ؟ پاشان هەندێ لەوگۆشتەی هەڵمانگرتبوو نارد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش لێی خوارد.**

**ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ :**

**ئەو موجاهیدانە بۆ جیهاد لەڕێی خوادا دەرچووبوون بۆیە دەبینین خوای گەورە لەو حاڵو ساتە سەختو تەنگەبەریەیاندا دەستبەرداریان نەبوو، بەڵگە بەسۆزو نیانی خۆی دەرگای ڕزگاربونی لێکردنەوەو، حاڵەتی ناچاریو برسێتی لەسەر هەڵگرتن، ئەویش بەو خواردنەی بۆی ئامادەکردن بەهۆی کەنارخستنی ئەو ماسیە گەورە لەلایەن دەریاکەوە.**

**وە لەفەزڵو ڕێزی خوای گەورە بۆموجاهیدان ئەوەیە کەئەوان لەو حاڵەی تێیدابوون پەنایان بۆ خوابردوو دەستی نزایان بۆ ئەو بڵندکرد، ئەویش وەڵامی داواکەیانی دایەوەو، بەو کەراماتە گەورەیە بەفریادیان ڕەسی، چونکە بەڕاستی ئەوان خۆیان رادەستی ئەوکردبوو، وە لەزامنو سپاردەی ئەودا بوون .**

## باسی شازدەیەم

## چەند فەرمودەیەکی گشتی لەبارەی فەزڵو گەورەی جیهادوو موجاهیدان

• **ئیمام نەسائیو ئیبنو حیبانو حاکم لە فوزالەی کوڕی عوبەیدەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویانەتەوە کە دەڵی گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو ﷺ فەرموی:** (( أَنَا زَعِيمٌ لِمَنْ آمَنَ بِي وَأَسْلَمَ وَهَاجَرَ ، بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ ، وَأَنَا زَعِيمٌ لِمَنْ آمَنَ بِي وَأَسْلَمَ ، وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللهِ ، بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ ، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ ، وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى غُرَفِ الْجَنَّةِ ، مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَلَمْ يَدَعْ لِلْخَيْرِ مَطْلَبًا ، وَلاَ مِنَ الشَّرِّ مَهْرَبًا ، يَمُوتُ حَيْثُ شَاءَ أَنْ يَمُوتَ)) [1]. **واتە: من دەبمە زامنو**

---

(1) سنن النسائى:21/6. وموارد الظمئان: 382. والمستدرك للحاكم: 71/2. والحديث صحيح.

کەفیلی ئەو کەسەی کە ئیمانی بەمن هێنابێ‌و ، موسوڵمان بوبێ ، هیجرەتیکردبێ ، بەپێدانی ماڵێك لەخواروی بەهەشتدا، وە ماڵێك لەناوەندی بەهەشتدا. وە من دەبمە زامن‌و کەفیلی کەسێك کە ئیمانی بەمن هێنابێ‌و، موسوڵمان بوبێ ، وە جیهادی لەڕێی خوادا کردبێ بە پێدانی ماڵێك لە خواروی بەهەشتدا، وە ماڵێك لەناوەندی بەهەشتدا، وە ماڵێك لەبالآترینی نهۆمەکانی بەهەشتدا.وە ئەوەی ئەم کارانەی ئەنجامدابێ ئیدی لەپاش ئەوە هیچ خێرێك نییە کەئەو نەیکردبێ ، وە هیچ خراپەیەك نییە کە پشتی لێهەڵنەکردبێ، ئیدی لەهەر جێیەك خوا ویستی مردنی پێی هەبێت با لەو جێیە بمرێ.

• وە ئیمام موسلیم لەئەبوبەکری کوڕی ئەبو موسای ئەشعەرییەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) گێڕاویەتییەوە کەدەڵێ: گوێم لەباوکم بوو _ لەوکاتەی کە ڕوبەڕوی دوژمنان وەستابوو _ دەیوت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( إنَّ أبْوَابَ الجَنَّةِ تَحْتَ ظِلاَلِ السُّيُوفِ .فَقَامَ رَجُلٌ رَثُّ الهَيْئَةِ ، فَقَالَ : يَا أَبَا مُوسَى أأنْتَ سَمِعْتَ رسولَ اللهِ ﷺ يقول هَذَا ؟ قَالَ : نَعَمْ ، فَرَجَعَ إِلَى أصْحَابِهِ ، فَقَالَ : أقْرَأُ عَلَيْكُم السَّلاَمَ ، ثُمَّ كَسَرَ جَفْنَ سَيْفِهِ فَألْقَاهُ ، ثُمَّ مَشَى بِسَيْفِهِ إِلَى العَدُوِّ فَضَربَ بِهِ حَتَّى قُتِلَ))(1).

واتە : دەرگاکانی بەهەشت لە ژێر سێبەری سمشێرەکاندان .

پیاوێکی ڕواڵەت هەژارو پەشێو هەستایە سەرپێ‌و وتی : ئەی ئەبا موسا ئایا تۆ بۆخۆت گوێت لێ بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی فەرموو؟ فەرموی : بەڵێ . پاشان پیاوەکە گەڕایەوە نێو هاوەڵەکانی‌و سلاوی لێکردن‌و، کێلآنی شمشێرەکەی شکاندوو فرێیدا ، پاشان بەشمشێرە سەڵتەکەی ڕوی لە دوژمن کردوو ، بەردەوام لەگەڵیان دەجەنگی هەتا کوژرا .

• وە عەبدوڵلای کوڕی موبارەك ڕەحمەتی خوای لێبێ لە(کتێبی جیهاد)دا لە ئەبو عیمرانی ئەلجوەینیەوە گێڕاویەتیەوە کەئەم ڕوداوەی سەرەوە لەکاتی ئازادکردنی ئەصفەهان لەوڵآتی فارسدا بوو .ئەمەو لە کاتێکدا کە موسوڵمانان جیهادی فارسەکانیان دەکرد لە ئەصفەهان ئەبو

---

(1) اخرجه مسلم برقم: 1902.

موسای ئەشعەری رەزای خوایان لێبێ لەنێویان هەستایە سەرپێو گیانی فیداکاریو، ورەی رووبەڕوبونەوەی لەنێودا بەرزدەکردنەوەو بۆ جەنگو جیهاد لەرێی خوادا هانی دەدان (1).

ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ :

((إنَّ أبْوَابَ الجَنَّةِ تَحْتَ ظِلاَلِ السُّيُوفِ)) مانای ئەوە دەگەیەنێت : ئەوکەسە لەڕێی خودا شمشێرەی بەڕوی دوژمناندا بەرزکاتەوە، یان دوژمنان شمشێری بەڕودا بەرزکەنەوە لەبەر ئەوەی لەرێی خوادا جیهاد دەکات ، ئیدی ئەوکەسە لە هەردوو حاڵەکەدا لەژێر سێبەری شمژشێردایە، بەمەش وەك ئەوەوایە گەیشتبێتە دەرگاکانی بەهەشت، چونکە چاوەروانکراوە کە لەوکاتەدا شەهید بێتو راستەوخۆ بچێتە بەهەشتەوە، یان شەهیدبونی دواکەوێتو لەسەرجێ بمرێت وە لەئاکامدا بچێتە بەهەشتەوە .

وەهەروەها ئاشکرایە کە ئەوەی لەرێی خوا بجەنگێت بەهەشت بۆی مسۆگەرە ، ئەوەش وەك ئەوەوایە کەبە حەقیقەت دەرگاکانی بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێردابن ..!.

- وە ئیمام بوخاریو موسلیم لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ئەوفاوە (رەزای خوای لێبێ) گێراویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( وعلموا أَنَّ الجَنَّةِ تَحْتَ ظِلاَلِ السُّيُوفِ))(2). واتە: ئەوە بزانن کەبەهەشت لەژێر سێبەری سمشێرەکانە .

- وە ئیمام ئەحمەدوو ئەبوعوانەو حاکم لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە (رەزای خوای لێبێ) گێراویانەتەوە کە دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا ﷺ پێی وتم: (( أَتَعْلَمُ أَوَّلُ زُمْرَةٍ تَدْخُلُ الجَنَّةَ مِنْ

(1) الجهاد لإبن مبارك:188/2.
(2) أخرجه البخاري برقم: 2818. ومسلم برقم: 1742.

أمَّتِي؟ قلت: الله ورسولة أعلم. قال: المهاجِرِينَ، يَأتُونَ يَوْمَ القِيامَةِ إلى باب الجَنَّةِ وَيَسْتَفْتِحُونَ. فَيَقُولُ لَهُمُ الخَزَنَةُ : أو قَدْ حُوسِبْتُمْ ؟. قالوا: بأيّ شَيْءٍ نُحَاسَبُ وإنَّمَا كانَتْ أسْيافُنا على عَوَاتِقِنَا في سَبِيلِ الله،فَيُفْتَحُ لَهُمْ أبواب الجنة، فَيَقِيلُونَ فِيها أرْبَعِينَ عاماً قَبْلَ أنْ يَدْخُلَها النَّاسُ )) [1]. **واتە: ئایا دەزانی ئوانە کێن کە یەکەم دەستە لەئوممەتەکەم دەچێنە بەهەشتەوە ؟ وتم: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن.**

**فەرمووی: ئەوانەن کە لەپێناوی خوادا هیجرەتیانکردووە (موهاجیرەکان)، لەڕۆژی قییامەتدا دەچنە بەردەرگای بەهەشتو، داوادەکەن بەرویاندا بکرێتەوە. لەوکاتەدا دەرگاوانەکانی بەهەشت پێیان دەڵێن: ئایا لێپرسینەوەتان لەگەڵ کراوە.**

**ئەوانیش دەڵێن: لێپرسینەوەی چیمان لەگەڵبکرێ، لە کاتێکدا ئێمە لەڕێی خوادا بەبەردەوامی شمشێرەکانمان بەشنانەوەبووە ؟!. ئیتر دەرگای بەهەشتیان بۆ دەکرێتەوەو، ماوەی چل ساڵ بەرلەوەی خەڵکی بڕواتە بەهەشتەوە ئەوان بۆماوەی چل ساڵێك لەبەهەشتدا قەیلولە دەکەن.**

**قەیلولە : بریتتیە لە خەوتن بۆ ساتێکی کەم کە زیاتر بە خەوی پێش نیوەڕوان دەوترێت. وە ئەوەش سوننەتێکی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ.**

- **وە ئیمام ترمزی لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:** (( ألا تحبون أن يغفر الله لكم ويدخلكم الجنة ؟ ، قالوا: بلى ، قال: فاغزوا )) [2].

**واتە: ئایا پێتان خۆش نییە کە خوای تەعالا لێتان خۆشبێتو بتانخاتە بەهەشتەوە؟**

**وتیان : بەڵێ پێمان خۆشە .**

**فەرمووی : کەوابوو لەپێناو خوادا جیهاد بکەن .**

(1) مسند أحمد : 168/2.ومسند أبی عوانه: 94/5. والمستدرك للحاكم: 70/2 . والحديث صحيح.
(2) سنن الترمذی: 102/3. والحديث حسن.

• وە ئیمام ئەحمەدوو حاكیم لە عوبادەی كوڕی صامتەوە(ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویانەتەوە كەپێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: (( جاهدوا فی سبیل لله ، فَإِنَّ الْجِهَادِ فِي سبيل لله بَابٌ مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ، يُنَجِّي اللَّهُ بِهِ مِنَ الْهَمِّ وَالْغَمِّ)) (1). واتە: لەڕێ خوادا جیهاد بكەن ، چونكە جیهاد لەڕێ خوادا دەرگایەكە لەدەگاكانی بەهەشت، وە خوای گەورە بە جیهاد غەم و پەژارەی دڵەكان دەڕەوێنێتەوە.

• وە ئیمام بەیهەقیو ئەحەدوو ئینو موبارەك لە ئەبو قەتادەی ئەنصارییەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویانەتەوە كە دەرموێ: عەمری كوڕی جموح _كە یەكێك بوو لە پیاوە بەساڵاچوەكانی ئەنصار_ وە قاچی شەل بوو ، كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو بەدر بەڕێكەوت عەمر دوایكرد لە كوڕەكانی كە لەگەڵ خۆیانی بەرن بۆ جیهاد . بەڵام كوڕەكانی پێغەمبەری خوایان ﷺ تێگەیاند كە باوكیان نوقسانەو، بۆیە ئەویش مۆڵەتیدا كە لە مەدینە بمێنێتەوەو لەگەڵیان دەرنەچێت بۆ جیهاد . بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو كاتێك خەڵكی بەرەو ئوحود بەڕێكەوتن ، دوای لە كوڕەكانیكرد كە لەگەڵ خۆیان بیبەن. ئەوانیش وتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی پێداویت كە دەرنەچیت بۆ جیهاد . ئەویش پێی وتن : ئای چەند دورە ئەمجارەیان بەقسەتان بكەم !! دوێنێ لە بەدر ڕێگری چونە بەهەشتان لێكردم،وا ئەمرۆش دەتانەوێ لە ئوحود ڕێگریم لێبكەن ؟!.

ئیدی بەرەو ئوحود بەڕێكەوت. كاتێك لەگۆڕەپانی جەنگدا هەردوو سوپاكە ڕوبەڕوی یەكتربونەوە . وتی: ئەی پێغەمبەری ﷺ خوا ئەگەر كوژرام ئەم قاچە شەلانەم دەنێمە بەهەشتەوە؟

فەرموی: بەڵێ .

وتی: دەسا سوێن بەو زاتەی تۆی بەهەق ڕەوانەكردووە بەویستی خوا هەر ئەمرۆ دەبێ ئەو قاچانەم بنێمە بەهەشتەوە.

ئەبو قەتادە دەڵێ: عەمر وتی بەو لاوە خزمەتكارەی كە لەگەڵی بوو: ئیدی تۆ بگەڕێوە بۆلای كەسوكارەكەت.

---

(1) مسند أحمد : 314/5. والمستدرك للحاكم: 75/2 . والحديث صحيح.

لاوە کەش پێی وت: چیتێدایە کەئەمرۆ منیش لەگەڵ تۆ توشی خێرێك ببم؟

عەمر پێی وت: دەکەواتە برۆ پێشەوە .

لاوە خزمەتکارەکەی رۆشتە پێشەوەو جەنگا هەتا شەهیدبوو، پاشان خۆیشی پێشکەوتو، لەگەڵ دوژمنان بەشەڕهات هەتا ئەویش شەهیدبوو رەزای خوا لەهەردوکیان بێت. (1)

• وە ئیمام موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(رەزای خوای لێبێ) دەگێرێتەوە کەدەفەرموێ پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی بەرەو بەدر بەرێکەوتن هەتا لەپێش موشریکەکان گەیشتنە بیرەکانی بەدر. پاشان موشریکەکانیش گەیشتنە ئەو جێیە پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: ((قُومُوا إِلَى جَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ . فَقَالَ عُمَيْرُ بن الحُمَامِ الأنْصَارِيُّ - رضي الله عنه -: يَا رسولَ اللهِ ، جَنَّةٌ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ ؟ قَالَ : « نَعَمْ » قَالَ : بَخٍ بَخٍ ؟ فَقَالَ رسولُ الله ﷺ: « مَا يَحْمِلُكَ عَلَى قَولِكَ بَخٍ بَخٍ ؟ » قَالَ : لا وَاللهِ يَا رَسُولَ اللهِ إلا رَجَاءَ أَنْ أَكُونَ مِنْ أهْلِهَا ، قَالَ : « فَإنَّكَ مِنْ أهْلِهَا » . فَأخْرَجَ تَمَرَاتٍ مِنْ قَرَنِهِ ، فَجَعَلَ يَأكُلُ مِنْهُنَّ ، ثُمَّ قَالَ : لَئِنْ أنَا حَيِيتُ حَتَّى آكُلَ تَمَرَاتِي هذِهِ إنَّهَا لَحَيَاةٌ طَوِيلَةٌ ، فَرَمَى بِمَا كَانَ مَعَهُ مِنَ التَّمْرِ ، ثُمَّ قَاتَلَهُمْ حَتَّى قُتِلَ)) (2).

واتە: هەستن بەرێکەون بەرەو بەهەشتێك کەپانتاییەکەی بەهێندەی ئاسمانەکانو زەوییە.

عومەیری کوڕی حومامی ئەنصاری(رەزای خوای لێبێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: بەهەشتێك پانتاییەکەی بەهێنددەی ئاسمانەکانو زەوییە !!؟

فەرموی : بەڵێ.

عومەیر وتی : بەخ بەخ !!

پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ئەی عەمر چی وایلێکردیت کە بلێیت : بەخ بەخ؟

وتی: نا سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺهیچ شتێك نەبوو تەنها ئەوە نەبێت هیوای ئەوەم خواست کە ببمە ئەهلی ئەو بەهەشتە .

فەرموی ﷺ : بەدڵنیای تۆ لەئەهلی ئەو بەهەشتەیت .

---

(1) مسند أحمد : 5/ 299. بإسناد حسن .

(2) أخرجة مسلم برقم: 1901،

عومەیر چەند دەنکە خورمایەکی لە کۆڵەکەی دەهێناو دەستیکرد بەخواردنیان، پاشان وتی: بەڕاستی ژیانێکی درێژە گەر هێندە لە چیان بمێنمەوە هەتا ئەم دەنکە خورمایانە تەواودەکەم !!. بۆیە ئەوەی مابویەوە لە دەنکە خورماکانی دەستی فرێیداو پاشان لەگەڵ دوژمنان بەشەڕهات هەتا شەهیدبوو خوالێی ڕازیبێ.

- وە ئیمام نەسائیو ئەحمەدوو بەیهەقی لە سوبرەی کوڕی ئەلفاکەیان گێڕاوەتەوە (رەزای خوای لێبێ) کە دەفەرموێ: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ دەیفەرموو: (( إِنَّ الشَّيْطَانَ قَعَدَ لِابْنِ آدَمَ بِطَرِيقِ الْإِسْلَامِ. فَقَالَ: تُسْلِمُ وَتَذَرُ دِينَكَ وَدِينَ آبَائِكَ؟ ، فَعَصَاهُ فَأَسْلَمَ . ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْهِجْرَةِ ،فَقَالَ: تُهَاجِرُ وَتَذر دارك وأَرْضَكَ وَسَمَاءَكَ؟ فَعَصَاهُ فَهَاجَرَ . ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْجِهَادِ ، فَقَالَ: تُجَاهِدُ وهُوَ جَهْدُ النَّفْسِ وَالْمَالِ، فَتُقَاتِلُ فَتُقْتَلُ فَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ وَيُقْسَمُ الْمَالُ؟ فَعَصَاهُ فَجَاهَدَ .فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ، فمات كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ ، وَإِنْ غرِقَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ ، أَوْ وَقَصَتْهُ دَابَّتُهُ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ )) (1). واتە: شەیتان لەسەر ڕێگەی ئیسلام بۆ ئادەمیزاد دادەنیشێتو پێ دەڵێت: موسوڵمان دەبیتو واز لە دینی خۆتو باو باپیرانت دێنیت..!؟ ئەگەر سەرپێچی کردوو موسوڵمان بوو. ڕێگەی هیجرەتی لێدەگرێتو پێ دەڵێت: هیجرەت دەکەیتو ماڵو سامانو کەسەو کارت بەجێدێڵێت..!؟ ئەگەر سەرپێچی کردوو هیجرەتیکرد . پاشان ڕێگەی جیهادی لێدەگرێتو پێی دەڵێت: جیهاد دەکەیت کە مایەی تیاچونی گیانو ماڵی ئینسانە !!، دەچیتە جەنگو خۆت بەکوشت دەدەیتو، لەپاشخۆت ژنەکەت مارەدەکرێو ماڵو سامانەکەشت دابەشدەکرێ..!!؟.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ئەگەر سەرپێچی لێکردوو جیهادیکردوو کوژرا، ئەوە مافە بەسەرخواوە کە بیخاتە بەهەشتەوە، وەئەگەر لەئاودا خنکا بەهەمان شێوە مافە بەسەرخواوە کە بیخاتە بەهەشتەوە، وە ئەگەر کەوتە ژێرپێی وڵاخەکەیەوە مافە بەسەرخواوە کە بیخاتە بەهەشتەوە.

---

(1) مسند أحمد : 483/3. والمجتبى للنسائى : 6/ 21-22. وشعب الإيمان للبيهقى: 95/2. والحديث صحيح.

• وە ئیمام بەزار لە موحەممەدی کوڕی حەبیبی میصرییەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتیەوە کەپێغەمبەری (ڕەزای خوای لێبێ) خوا فەرمویەتی: ((لاَتَنْقَطِعُ الْهِجْرَةُ مَا قُوتِلَ الْكُفَّارُ)) (1). واتە: هەتا جەنگ لەگەڵ کافران بکرێ هیجرەتکردن کۆتای نایەت.

ئیبنو نوحاس ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ:

فەرمودەکە بەڵگەیە لەسەر واجبی جیهاد نەك واجبی هیجرەت. وە مانای فەرمودەکە ئەوەیە کە: هەرکەسێك ئیمانی هێناو جەنگی لەگەڵ کافرانکرد ئەوە لەفەزڵو پاداشتدا دەگاتە پموهاجیران ئەگەر لەوڵاتو جێگەی خۆیشی هیجرەتی نەکردبێ .

• وە ئیبنو ئەبی شەیبە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتیەوە کە فەرمویەتی: ((لولا أن أسير في سبيل الله أو أضع جبيني لله في التراب، أو أجالس قوما يلتقطون طيب الكلام، كما يلتقط طيب التمر، لأحببت أن أكون قد لحقت بالله )) واتە: ئەگەر لەبەر ئەوەنەبێت کە دەرۆم بۆ جیهاد لەرێی خوادا ، وە نێوچاوانم دەنێمە سەر خاکی خوا، وە لەگەڵ کەسانێك دادەنیشم کە وتەی جوانو شیرین هەڵدەبژێرن بۆگوتن وەك چۆن خورمای جوانو شیرین هەڵدەبژێردرێ ، پێم خۆشبوو بگەرێمەوە بۆلای خوا . (2)

• وە ئیبنو ئەبی شەیبە لە خالیدی کوڕی وەلیدەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتیەوە کەفەرمویەتی: (( مَا لَيْلَةً وَتُهْدَى إِلَيَّ فيها بعَرُوسٌ أَنَا لَهَا مُحِبٌّ ،أو أُبَشَّرُ فِيهَا بِغُلاَمٍ ، أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ لَيْلَةٍ شَدِيدَةِ الْبرد فِي سَرِيَّةٍ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ أُصَبِّحُ فيها الْعَدُوَّ ، فَعَلَيْكُمْ بِالْجِهَادِ)) (3) واتە: هیچ شەوێك نییە کە تێیدا بوکێکی رازێنراوەی خۆشەویستم بۆم ئامادەکرابێ ، یان تێیدا مزگێنی لەدایکبونی

(1) كشف الأستار عن زوائد البزار : 304/2. ورجاله ثقات.

(2) المصنف لإبن أبي شيبة:317/5.

(3) المصنف لإبن أبي شيبة:317_318/5.

کوڕێکم پێبدرێ، بەلامەوە خۆشتربێت لەو شەوە ساردووکرێوەی کە لەگەڵ دەستەیەك لەموهاجیرانبمو لە بەیانییەکەی بدەین بەسەر دوژمندا . بۆیە وەسییەتتان بۆ دەکەم بە جیهادکردن .

• وە خالیدی کوڕی وەلید (رەزای خوای لێبێ) فەرمویەتی: زۆری جیهاد لەرێی خوا رێگریکردوم کە زیاتر فێری قورئانببمو ئایەتەکانی لەبەربکەم ..! ()

باسی هەڤدەیەم

## لەبارەی هاندان بۆ جیهاد لەرێی خوادا

• خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَكُفَّ بَأْسَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَاللَّهُ أَشَدُّ بَأْسًا وَأَشَدُّ تَنْكِيلًا﴾ النساء: (84).

واتە: ئەی پێغەمبەر لەرێی خوادا لە دژی کافران بجەنگێ ، چونکە تۆ تەنها ئەرکی خۆت لەسەر شانە، وە هانی ئیماندارانبدە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کافران، بەڵکە بەو هۆیەوە خوای تەعالا لەزوڵمو زەبری کافران پارێزراوتان بکات ، چونکە زەبرو تۆڵەی خوا بەهێزترو گورچکبڕتره بۆ ئەوان.

• وە خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِئَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ﴾الأنفال: 65 . / واتە: ئەی پێغەمبەری خواﷺهانی ئیمانداران بدە بۆ جەنگی بێباوەڕان، ئەگەر لەنێو ئێوەدا بیست کەسی ئارامگرو خۆڕاگر هەبێ ئەوە بەسەر دووسەد کەس لەوان

() مجمع الزوائد للهيثمی:350/9.

سەردەکەون، خۆ ئەگەر ئێوە سەد کەس بن ئەوە بەسەر هەزار لەکافران سەردەکەون، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەوان خەڵکێکی نەفام تێنەگەیشتوون.

• وە خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ * تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ الصف:10_11. واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتانهێناوە ئایا ڕێنوێنیتان بکەم بۆ بازرگانییەك کەببێتە مایەی ڕزگار بونتان لەئاگری بەئازاری دۆزەخ ؟ باوەڕ بەخواو پێغەمبەرەکەی بێنن، وە بەماڵو گیانتان لەڕێی خوا جیهاد بکەن، ئیدی هەرئەوە باشترو خێرترە بۆتان گەر ئێوە تێبگەنو بفامن.

وە چەندین ئایەتی دیکەی قورئانی کەشاراوە نییە بۆ ئەوانەی لە ماناکانی رادەمێنن، لەو ئایەتانەدا خوای تەعال بەندەکانی هاندەدات بۆ جوهدوو جیهاد لەپێناو دینەکەی، وە ئارەزوی پاداشتیان دەخاتەبەر . وەهەروەها سوننەتەکانی پێغەمبەریش بەردەوام هانی ئیمانداران دەدەن بۆ هەڵگردنی بەیداخی جیهادوو ئاوەدانکردنەوەی مەیدانەکانی، وە بەگەورەی پاداشتو فەزڵەکانی ئارەزومەندیان دەکات .

وە هەردەم هاوەڵانی بەڕێزو شوێنکەوتوانیان، وە پێشەوایانی پێشینی ساڵحی ئەم ئوممەتە ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لەهەمویان بێت بەردەوام بون لە هاندانی ئیمانداران بۆ جیهادکردن لەڕێی خوادا .

وە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ: ئەوەی براکەی هانبدات بۆ جیهاد ئەوە پاداشتی وەك ئەوکەسەیە کەجیهادەکە دەکات. وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمودەکەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە ئیمام موسلیم لە ئەبو سەعیدی ئەنصارییەوە ڕەزای خوای لێبێ

دەیگێڕێتەوە کەفەرمویەتی: ((مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ)) (1) واتە: ئەوەی نیشاندەربێت بۆ هەرکارێکی چاك ئەوە بەهەمان شێوەی پاداشتی ئەنجامدەری چاکەکەی بۆ دەنوسرێت .

• وە خەنسای کچی عەمر کە ئافرەتێکی شاعیربوو کوڕەکانی بۆ جیهاد لەڕێی خوا هاندەدا، وە لەجەنگی قادسیە خۆی لەگەڵ چوار کوڕەکەی بەشداری شەریدەکردوو، هانی دەدان بۆ جیهادوو، ئارەزوی بەهەشتو شەهیدی دەخستنەبەر، بۆیە ئەوانیش جوامێرانە لەگەڵ دوژمنەکەیان دەجەنگین هەتا هەرچواریان لەو جەنگەدا شەهیدبوون !.

• مێژوونوسی ئیسلام ئیمام زەهەبی ڕەحمەتی خوای لێبێ لەئەبو موزەففەری بەستی ئیبن جەوزییەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەساڵی (707 ی هجری)دا لەکاتێکدا سوپای تەتار فەسادوو خراپەیان بەسەر زەویدا بلاوەی کردبوو ئەو لەمزگەوتی دیمەشق خەڵکی بۆ جەنگو ڕوبەڕو بونەوەی خراپەکارییان هاندەدا.

ئیبن جەوزی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ:

ئەوانەی ئامادەی کۆڕی وانەوتنەوەکەی بوون نزیکەی سێ هەزار کەس دەبوون، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی بەناوبانگ بوو لە مێژوی دیمەشقدا، وە تەوبەکارانی ئارەزومەندی جیهاد لەو ڕۆژەدا یەکجار زۆربوون ،زۆرێك لە ئافرەتان لەو ڕۆژەدا کەزیەکانی خۆیان دەبەخشی هەتاوەك بیکەنە هەوسارو جلەو بۆ ئەسپی موجاهیدان، هەتا ئەو ڕاددەی لە کەزی ئافرەتان سێسەد هەوساریان بۆ ئەسپی موجاهیدان دروستکردبوو.

خەڵکی لەدیمەشقەوە بەرەو باشور بەرەو ناوچەی (کیسوە) بەڕێکەوتن، لەرێگەدا خەڵکی ناوچەکانی کیسوەو زەمەلکانو شوێنەکانی تر لە خۆبەخشانی جیهاد دەچونە ریزی سوپاکەوە .

---

(1) أخرجه مسلم برقم: 1893.

ئیدی بەهەزاران کەس لەسوپای موجاهیدان بەرەو جەوەلان بەرێکەوتن‌و، لەعەقەبەی جەوەلانەوە بەرەو ناوچەی غەوری ئوردن رۆیشتن‌و، پاشان غەوریان بەجێهێشت‌و رویانکردە شاری نابلوس، لەوێ مەلیکی گەورەی نابلوس پێشوازی لێکردین‌و لەگەڵیان کۆبویەوە ، وە لە مزگەوتی نابلوس دانیشتم وخەڵکیم هاندەدا بۆ جیهاد . هەتا بەهەزاران موجاهید لە نابلوس دەرچون بۆ جیهادوو هێرشیانکردە سەر ئەو شارانەی کە خاچپەرستان داگیریانکردبوون، لە ئەنجامدا کۆمەڵێکیان لێکوشتن‌و کۆمەڵێکیشیان لێ بەدیل گرتن‌و دواجاریش ناوچانەیان دووبارە لەچنگی خاچپەرستان رزگارکردەوە، وە بە سەرکەوتوی و پارێزراوی گەڕانەوە. ([1])

- وە لەو بەسەرهاتە ناوازو کاریگەرانەی کە لەرۆژانی جیهاددا رویانداوە بەسەرهاتی (دایکی ئیبراهیمی هاشمی)یە، کە ئەبوجەعفەری ئەللوبباب لە کتێبی (تنبیه ذوی الأقدار علی مسالك الأبرار) دا گێڕاویەتیەوە. وە بەسەر هاتەکە ئیمام‌و زانای موجاهید عەبدولواحیدی کوڕی زەیدی میصری دەیکێڕتەوە کە پوختەکەی بەم شێوەیە:

کافران بەسوپایەك هێرشیان هێنابویەسەر سنورێك لەسنوری موسوڵمانان، وە خەڵکیش لەبەصرەوە بۆ جیهادوو روبەڕوبەنەوەی ئەو سوپایە دەرچووبوون ، وە عەبدولواحیدی کوڕی زەید لە نێو خەڵکەکەدا هەستابوویە سەر پێی‌و خەڵکی بۆ جیهادوو روبەڕوبونەوەی پەلاماری دوژمنکاری کافران هاندەدا.

ئەو زانا بەڕێزە بەمەبەستی هاندانی موسوڵمانان بۆ جیهاد چەندین شێوازی کاریگەرسازی لەوتەکەیدا بەکاردەهێنا، بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو، فەرمایشتەکا پێغەمبەری پێشەواو ﷺ ، شیعرو هەڵبەستەی عەرەبی‌و، باسی گەورەی پاداشتی جیهادوو، وەسفی حۆریەکانی بەهەشت ئارەزوی دەدایەبەر موسوڵمانان بۆ جیهادوو شەهیدی هەتا لەبەرامبەردا خوای تەعالا بە بەهەشتی نەبڕاوە شەرەفمەندیان بکات.

---

[1] لێرەدا بەسەرهاتەکەمان بەکورتی هێناوە دەتوانیت بگەرێیتەوە بۆ سەرچاوەکەی خۆی: 1/ 214- 215،

(دایکی ئیبراهیمی هاشمیش) کە یەکێك بوو لە ئامادەبوان ، ئەو وتانەی کە گوێبیستی بوو لەبارەی سەناو، جوانی شێوەو روخساری حۆریەکانی بەهەشت کاریلێکردبوو، بۆیە دەستبەجێ هاتەلای ئیمامو تێیگەیان کە ئەو کورێکی لاوی هەیە بەناوی ئیبراهیمو هێشتا ژنی نەهێناوە، هەریەك لە ناودارانی بەصرەو سەرکردەکانی خۆزگە بەوەدەخوازن کە کچی خۆیانی لێمارە بکەن، بەلاّم ئەو دەیەوێت یەکێك لەو حۆریانەی بەهەشتی بۆ مارەبکات کە شێوەو سیفەتەکانی لە عەبدولواحیدی ئیمامەوە بیستبوو..!!

دایکی ئبراهیم کە ئافرەتێکی دەولّەمەند بوو دەهەزار دیناری دایە عەبدولواحید بۆ مارەی ئەو حۆریەی کەباسی لێوەکردبوو، هەتا کوڕەکەی (ئیبراهیم) لەگەڵیان دەرچێت بۆ جیهاد، بەو هیوایەی خوای گەورە شەهیدی بەنسیب بکاتو یەکێك لەو حۆریانە ببێتە هاوسەری، وە لەهەمانکاتیشدا ببێتە شافیعو تکاکار بۆ دایكو باوکی لەڕۆژی قیامەتدا.

پێشەوا عەبدولواحید پێی وت : ئەگەر تۆ ئەمکارە بکەیت ئەوە سەرفیرازی هەمیشەیو گەورە بۆخوت و کوڕەکەتو باوکی کوڕەکەت مسۆگەردەکەیت.

ئیدی دەسبەجێ دایکی ئیبراهیم بانگیکردە کوڕەکەیو، ئەویش لەنێو هەزاران کەس لەدانیشتوانی مزگەوتی بەصرە راپەڕیو ووتی : بەڵێ دایەگیان فەرمانت لەسەر سەرم . پێی وت: کوڕی خۆم رازیت بەوی لەو حۆریانە ببنە هاوسەرت، لەبەرامبەر ئەوەی کەدەرچیت بۆ جیهادوو، گیانت بەخوا ببەخشیتو پلەی شەهیدی بەنسیببێت؟ ئیبراهیمیش وتی: بەڵێ دایەگیان ڕازیبووم.

دایکیشی شاهێدی هەموو ئامادەبوان وتی: ئەی خوایە ئەوە من تۆ دەکەمە شاهید کە کوڕەکەی خۆمم لەو حۆریانە مارەبڕی ، بە بەخشینی گیانی لەرێی تۆداو، نەگەرانەوەی بۆ

تاوانەکان، دەسا تۆش کە میهرەبانترینی میهرەبانەکانی لێمی قبوڵ بفەرموو..!! وە دە هەزاردینارەکەی دایە دەست عەبدولواحید بۆ ئەوەی موجاهیدانی ڕێی خوای پێ ئامادەبکات بۆ جیهاد، وە پێداویستی جەنگو ئەسپێکیشی بۆ کەرەکەی کڕی.

بەرلەوەی موجاهیدا بکەونەڕێ دایکی ئیبراهیم ماڵئاوای کۆتای لە کوڕەکەی کردوو، کفنو بۆنیخۆشیشی پێشکەشکردوو پێی وت: ئەگەرکاتی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن هات، ئەم کفنە لەبەرکەو بەم بۆنەش خۆت بۆنخۆش بکە، ئیدی دەستم دامێنت کەخوای گەورە لەئاست سەرخستنی دینەکەی بە خەمساردوو کەمتەرخەم بتبینێ..!!. پاشان لەئامێزی گرتو توتد لەسینەی خۆی گوشاردیو نێوچاوانی ماچکردوو پێی وت: ئەی کوڕەکەم تکام لەپەروەردگار ئەوەیە کە لەمەیدانی حەشرو لەرۆژی قییامەتدا نەبێ جارێکیتر پێکەوە کۆمان نەکاتەوە.

ئیدی موجاهیدان بەرەو جیهادی کافران بەڕێکەوتن، وە پێشەوا عەبدولواحیدی کوڕی زەید لەپێشەوەی سوپاکەبوو، جەنگ لەگەڵ دوژمنان بلێسەی سەند، پێشەوا عەبدولواحید چاویبڕیبویە ئیبراهیم دەبینێت وا لەپێشەنگی موجاهیدان لەڕیزی پێشەوە دێتو دەڕوات هەڵدەکوتێتە سەرکافران، وە ژمارەیەکی زۆری لەکافران ڕەوانەی دۆزەخ کردووە، هەتا دواجار دەستەیەك لەکافران لێیکۆبونەوەو هێرشیان بردەسەریو کوشتیانو بەپلەی بەرزی شەهیدی گەرایەوە بۆلای پەروەردگاری.

پاشان موجاهیدان گەڕانەوە بۆ شاری بەصرە، خەڵکی بۆ پێشوازیلێکردنیان لەماڵەکانیان دەرچون، دایکی ئیبراهیم پێشەوا عەبدولواحیدی بینیو لەبارەی کوڕەکەیەوە لێی پرسیو وتی: ئەی باوکی پێشەوا: ئایا دیاریەکەم لێوەرگیراوە هەتا پیرۆزبایم لێبکرێ ؟ یان بەسەرمدا دراوەتەوە تا سەرەخۆشیم لێبکرێ؟

پێشەوا عەبدولواحیدیش پێ وت: سوێند بەخوا دیاریەکەت لێوەرگیراوە، وە بەدڵنیای کورەکەت ئێستە لە نوێو زینواندایەو لەگەڵ شەهیدان رۆزی دەدرێ.!

ئیدی دایکی ئیبراهیم سوژدەی سوپاسگوزاری بۆخوابردوو وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەد گومانی نەکردم و، بەندایەتییەکەی لێوەرگرتم.

بۆ بەیانیەکەی دایکی ئیبراهیم هات بۆلای عەبدولواحیدی پێشەوا مزگەوتەکەی‌و پێی وت: سلاْوی خوا لە ئەبو زەید بێت مزگێنیت لێبێ !

ئەویش وتی: بەردەوام تۆ مزگێنی دەری بەخێر ، بڵێ چیت لایە؟

وتی: ئەمشەو ئیبراهیی کوڕم لە باخچەیەکی رازاوەدا بینی، لەسەر سەرینێکی مرواری کە تاجو ئیکلیی لەسەر بوو دانیشتبوو، تاجێکی سەوزی لەسەر سەرنرابوو، پێی وتم : دایەگیان مژدەت لێبێ ، بەدڵنیای مارەییەکە وەرگیراو بوکەکەش رازێندراوەتەوە (( فقد قبلت المهر ، وزفت العرس )) !! (1).

## باسی هەژدەیەم

## لەبارەی فەزڵ‌و گەورەی جیهاد بەسەر حەجی ماڵی خوادا

- پێشتر ئاماژەمان بەوە فەرمودەکرد کە ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێبێ لە ئیمام بوخاری‌و موسلیمەوە گێڕابویەوە کەدەفەرموێ: (( سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ. قِيلَ : ثُمَّ مَاذَا ؟ قَالَ : جِهَادٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، قِيلَ : ثُمَّ مَاذَا قَالَ حَجٌّ مَبْرُورٌ))(2). واتە: پرسیارکرا لەپێغەمبەری خوا ﷺ چ کردەوەیەك لەهەموو کردەوەکان گەورەترە؟ فەرموی: ئیمان

(1) بۆ درێژەی بەسەرهاتەکە بڕوانە کتێبی: ( تنبية ذوی الأقدار علی مسالك الأبرار ):215_218.

(2) اخرجه البخاری برقم: 26. ومسلم برقم: 83.

بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ . وترا : پاشان چی؟ فەرموی: جیهاد لەڕێی خوادا. وترا : پاشان چی؟ فەرموی: حەجێکی وەرگیراو پاکۆکەر لەتاوان.

وە عەبدوڵڵای عومەر (رەزای خوایان لێبێ) فەرمویەتی : سەفەرێك لەڕێی خودا بەلامەوە خۆشترە لە پەنجا جار حەجی ماڵی خوا . (□)

وە عومەری کوڕی خەتتاب (رەزای خوای لێبێ) فەرمویەتی: حەجی ماڵی خوا بکەن چونکە حەجی ماڵی خوا کردەوەیەکی پیرۆزو چاکەو خوا فرمانی پێکردووە ، وە جیهاد لەڕێی خوا لەو گەورەترە. (□)

وە عەبدوڕەحمانی کوڕی غونەیمی ئەشعەری (رەزای خوای لێبێ) فەرمویەتی: حەجێك پێش غەزاکرن باشترە لە دە غەزا، وە غەزایەك لە پاش حەجکردن باشترە لە هەشتا حەجی ماڵ خوا.(□)

وە ئەنەسی کوڕی مالیك فەرمویەتی: غەزایەك لەڕێی خوادا بۆ کسێك حەجی کردبێ باشترە لە دە حەجی ماڵی خوا. (□)

وە زیراڕی کوڕی عەمر دەڵێت: ماوەیەکی زۆر لەزەوی جیهاد مابومەوە، تامەزرۆی حەجی ماڵی خوابوومو، نیازمدەکرد لەتەنیشت کەعبەی پیرۆزدا بۆماوەیەك بمێنمەوەو خەریکی بەندایەتی خوابم ، بۆیە خۆم بۆسەفەری حەج ئامادەکردوو، پاشان چومە لای هاوەڵانم هەتا ماڵئاواییان لێبکەم.

---

(□) المصنف لإبن أبی شیبة:304/5.
(□) المصنف لإبن أبی شیبة:310/5_311.
(□) الجهاد لإبن مبارك: 187/2.
(□) المصنف لإبن أبی شیبة:303/5_304.

چومەلای ئیسحاقی کوڕی فەروە ڕەحمەتی خوای لێبێ فەرموی : دەتەوێ بۆ کوێی بڕۆیت ئەی زیراڕ؟

وتم : نیازی زیارەتی ماڵی خوام هەیە.

وتی: ئەی چی رای گۆڕوویوت لەبارەی جیهادەوە؟

وتم : نەخێر، رام لەبارەی جیهادەوە نەگۆڕاوە تەنها ئەوە نەبێت کە ماوەیەکی زۆرە لەخاکی جیهاد ماومەتەوە، وە پێمخۆشبوو کە زییارەتێکی حەج بکەمو بۆماوەیەك لەتەنیشت کەعبەی پیرۆز بمێنمەوە.

پێی وتم: ئەی زیراڕ سەیری ئەوەمەکە کەخۆت پێتخۆشە ، بەڵکە سەیری ئەوەبکە کەخوا پێیخۆشە ..!!

ئەی زیراڕی کوڕی عەمر: ئایا نەتزانیوە کە پێغەمبەری خوا ﷺتەنها یەکجار حەجی ماڵی خوایکردووە، بەلاَم بەردەوام لە غەزاو جیهاددابوو هەتا گەیشتەوە خوای پەروەردگاری..!!

ئەی زیراڕی کوڕی عەمر: ئەگەر تۆ حەج بکەیت تەنها پاداشتی حەجو عەمرەکەی خۆتت دەستدەکەوێت، بەلاَم ئەگەر لە جیهادوو ئێشکگری (ڕیبات) بمێنیتەوە، لەبەرامبەردا سەدهەزارکەس،و، پاشان سەد هەزار کەسی دیکەش حەجی ماڵی خوابکەن ئەوە بەدڵنیای بە ئەندازەی ئەو پاداشتی حەجو عەمرەی ئەوان دەیکەن پاداشت بۆتۆش دەنوسرێت، وە بەژمارەی هەموو ئیماندارانی پیاو ئافرەت لەو دەمەی خوا ئادەمی دروستکردووە هەتا ئەو رۆژەی فوو دەکرێت بەکرِناکەدا پاداشتو چاکە بۆتۆ دەنوسرێت، چونکە ئەوکەسەی کۆتا خەڵك لەئیمانداران سەربخات، پاداشتی ئەوکەسەی بۆ دەنوسرێت کە سەرەتاو کۆتای ئیماندارانی سەرخستووە، وەهەروەها بەئەندازەی هەموو پیتێك کەخوای گەورە لە تەوراتو ئینجیلو زەبورو قورئاندا دایبەزاندووە پاداشتی بۆ دەنوسرێت، چونکە ئەوکەسە بۆ ئەوئامانجە جیهاد دەکات کە روناکی خوا لەسەر زەوی خامۆش نەبێ..!!

ئەی زیراڕی کوڕی عەمر: ئەی نازانیت کە هیچ کەسێك نمونەی زانایانو موجاهیدانی رێی خوا پلەی لەپلەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبی نزیکتر نییە.

وتم: ئەی ئەوە چۆنە ڕەحمەتی خوات لێبێ ؟

فەرموی: چونکە زانایان هەستاون بەو ئەرکەی کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبی بۆ ئەنجامدانی راسپێدراون، لە جێگیرکردنو پیادەکردنی فەرمانی خوا لەنێو بەندەکاندا، وە ئەوان رێنوێنکاری خەڵکن بۆلای خوا.

وە موجاهیدان هەستاون بەو ئەرکەی کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبی لەلایەن خواوە بۆ پیادەکردنی رەوانەکراون کە یەکتاپەرستی زاتی الله تەعالایە، بۆ ئەوەی هەرگیز روناکی خوا لەسەر زەوی خامۆش نەبێت، وە بەردەوام دینی خوا سەرووەرو بالاْ بێتو، دینو وتەی کافرانیش زەلیلو زەبون بێت.

زیرڕاری کوڕی عەمر دەڵێ: ئیدی ئەو نیازەی کە هەمبوو بۆ حەجی خوا ماڵی وازم و ، برِیارمدا لەخاکی جیهاد بمێنمەوە .

## باسی نۆزدەیەم

## لەبارەی فەزڵو گەورەی پێشبڕکێکردن و دەستپێشخەری لە جیهاددا

خوای تەعالا دەفەرموێ:﴿ سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ الحديد : 21.

واتە: پێشبڕیکێ بکەن بۆ گەیشتن بە لێخۆشبونی پەروەردگارتان، وە بۆ بەهەشتێك کە فراوانییەکەی وەك فراوانی ئاسمانەکانو زەوییەو، ئامادەکراوە بۆ ئەوکەسانەی ئیمانیان بە خواو پێغەمبەرانی هێناوە، وە ئەوەش فەزڵ و گەورەییەکە کە خوا دەیدات بەوەی دەیەوێت، وە زاتی الله خاوەنی فەزڵو چاکەی بێ ئەندازە.

وە هەروەها خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ التوبة: 100.

واتە: وە ئەوانەی کە لە پێشەنگی پێشکەوتوانن لە کۆچەرانو پشتیوانان( موهاجیرینو ئەنصار) وە ئەوانەی بە باشی شوێن ئەوان کەوتوون، ئەوانە خوا لێیان ڕازیی بووەو، ئەوانیش لەو ڕازی بوون، وە باخاتێکیان بۆ ئامادەکراوە کە روبارەکان بەژێریاندا گوزەردەکەنو بە هەمیشەی تێیدا دەمێننەوە، وەهەر ئەوەش ڕزگاریو بردنەوەی گەورەیە.

وە هەروەها خوای تەعالا دەفەرموێ:﴿ وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ * أُولَئِكَ الْمُقَرَّبُونَ * فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾الواقعة: 10-12. واتە: وە پێشکەوتووەکان کە هەمیشە پێشەنگن بۆ چاکە، ئەوانەن کە خوا لە بارەگای خۆی نزیکیخستونەتەوە، وە جێگەیان بەهەشتی پڕ چێژو نیعمەتە.

- عوسمانی کوڕی ئەبی سەودە ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت: لەبارەی ئەم ئایەتەوە پێمانگەیشتووە ﴿وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ﴾ کە مەبەستی  ئەوانەن لەپێش هەموکەسەوە دەردەچن بۆجیهاد لەڕێی خوادا، وە لەپێش هەموو کەسەوە دەڕۆن بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیان.

- عوسمانی کوڕی ئەبی سەودە کە یەکێکە لە پێشەوایانی تابیعیی، وە لەنێو تابیعییەکاندا لەپێشەنگانی کاروانی جیهادوو غەزابووە لەڕێی خوادا، بۆیە لەیەکێك لەساڵەکانی تەمەنیدا پرسیاریلێدەکەن: ئایا ئەمساڵیش وەك ساڵانیتر دەچیتە غەزا؟  لە وەڵامدا دەفەرموێ: پێمخۆش نییە کە سەد هەزار دینارم هەبێ لەبەرامبەر ئەوەی ئەمساڵ نەچمە جیهاد .!

## باسی بیستەم

### لەبارەی فەزڵو گەورەی ڕۆیشتنی بەیانیان و ئێواران( الغدوة و الروحة ) لەڕێی خوادا

خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يُنْفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ التوبة: 121.

واتە: هیچ شتێك لەڕێی خوا گەورە بێت یان بچوك نایبەخشن، وە هیچ دۆڵو شیوێك لە ڕێی جیهاد نابڕن ئیللا بە چاكە بۆ یان تۆماردەكرێ، ئەوەش بۆ ئەوەیە كە خوای گەورە باشترو گەورەتر لەوەی ئەنجامیانداوە پاداشتیان بداتەوە.

- وە ئیمام بوخاریو موسلیم لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە (رەزای خوای لێبێ) گێڕاویانەتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: (( لغَدْوَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا، وَلَقَابُ قَوْسِ أَحَدِكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ، أَوْ مَوْضِعُ قِيد سَوْطَهُ خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا، وَلَوْ أَنَّ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ اطَّلَعَتْ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ لَأَضَاءَتْ مَا بَيْنَهُمَا، وَلَمَلَأَتْهُ رِيحًا، وَلَنَصِيفُهَا عَلَى رَأْسِهَا خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا))(1). واتە: ڕێكردنی بەیانییەك لەڕێی خوادا، یان ئێوارەیەك باشترە لە هەموو دونیاو ئەوەشی لە دونیادایە، وەئەندازەی كەوانی هەریەكێك لەئێوە _یان نێوانی جێ مشتو لاكانی كەوانەكەی_ لەبەهەشتدا ، یان شوێنمشتی قامچیەكەی باشترە لە هەموو دونیاو ئەوەشی تێیدایە، وە ئەگەر ئافرەتێك لە ئافرەتانی بەهەشت لە ئەهلی سەرزەوی دەركەوێت نێوانی ئاسمانو زەوی رۆناكدەكاتەوە ، وە زەوی پڕدەكات لەبۆنی خۆش، وە ئەو روسەرییەی بەسەیداداوە باشترە لە هەموو دونیاو ئەوەشی لەدونیادابە .

- ئیمام نەوەوی رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ:
  - الغدوة : رۆیشتنە لەسەرەتای بەیان تا كاتی لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان.
  - الروحة : رۆشتنە لە كاتی لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان تا خۆر ئاوابوون .

وەمانای فەرمودەكە ئەوەیە كە موجاهیدی ڕێی خوا لەرۆشتنی بەیانیانو ئێوارانی پاداشێكی هێندە گەورەی دەستەدەكەوێت، كە باشترە لەهەموو دونیاو ئەوەشی تێیدایە. وە لە ڕواڵەتدا مانای فەرمودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو پاداشتە گەورەیەی موجاهید بۆ دەرچونو گەڕانەوەی تایبەت نییە بە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی ، بەڵكە بۆ هەموو رۆشتنو گەڕانەوەیەكی لەجیهاددا لەهەر جێگەیەك بێت ئەو پاداشتەی بۆ هەیە.

(1) أخرجه البخاري برقم: 2796، ومسلم برقم: 1880.

- خير من الدنيا وما فيها : **واتە فەزڵو پاداشتی رۆشتنی بەیانییەك یان ئێوارەیەك لەرێی خوادا باشترە لەهەموو خۆشیو نیعمەتەکانی دونیا، لەکاتێکدا ئەگەر ئینسان هەموو ئەو نیعمەتانە دەستەبەر بکاتو لەنێو خۆشیەکانیدا رابوێرێتو گوزەران بکات، چونکە هەموو نیعیمەتەکانی دونیا دێنە کۆتای، بەلأم نیعمەتی دواڕۆژ بەردەوامنو کۆتاییان پێنایەت.** (1)

- **وە ئیمام بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە (رەزای خوایان لێبێ) گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: ((لَرَوْحَةٌ في سَبِيلِ الله أَوْ غَدْوَةٌ خَيْرٌ مِمَّا تَطْلُعُ عَلَيْهِ الشَّمْسُ وَتَغْرُبُ، وَلَقَاب قَوْسِين فِي الجَنَّةِ خَيْرٌ مِمَّا تَطْلُعُ عَلَيْهِ الشَّمْسُ وَتَغْرُبُ))** (2). **واتە: بێگومان رۆشتنێك بە بەیانی یان ئێوارە لەرێی خوادا باشترە لەوەی خۆری لێهەڵدێتو لێی ئاوادەبێت، وە لاکانی کەوانی هەریەك لەئێوە لەبەهەشتدا باشترە لەوەی خۆری لێهەڵدێتو لێی ئاوادەبێت.**

- **وە ئیمام موسلیم لەئەبو هورەیرەوە (رەزای خوایان لێبێ) گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی:** (( تَضَمَّنَ الله لِمَنْ خَرَجَ فِي سَبِيلِهِ ، لا يُخْرِجُهُ إلا جِهَادٌ فِي سَبِيلِي ، وَإِيمَانٌ بِي ، وَتَصْدِيقٌ بِرُسُلِي ، فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَيَّ أَنْ أُدْخِلَهُ الجَنَّةَ ، أَوْ أُرْجِعَهُ إِلَى مَنْزِلِهِ الَّذِي خَرَجَ مِنْهُ بِمَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ ، أَوْ غَنيمَةٍ . وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ ، مَا مِنْ كَلْمٍ يُكْلَمُ فِي سَبيلِ اللهِ ، إلا جَاءَ يَوْمَ القِيَامَةِ كَهَيْئَتِهِ يَوْمَ كُلِم ؛ لَوْنُهُ لَوْنُ دَمٍ ، وَرِيحُهُ رِيحُ مِسْكٍ . وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ ، لَوْلا أنْ أَشُقَّ عَلَى الْمُسْلِمِينَ مَا قَعَدْتُ خِلاَفَ سَرِيَّةٍ تَغْزُو فِي سَبيلِ اللهِ أبداً ، وَلكِنْ لا أجِدُ سَعَةً فأحْمِلُهُمْ وَلا يَجِدُونَ سَعَةً ، وَيَشُقُّ عَلَيْهِمْ أنْ يَتَخَلَّفُوا عَنِّي .الَّذِي نَفْس مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ ، لَوَدِدْتُ أنْ أغْزُوَ فِي سَبيلِ اللهِ ، فَأُقْتَلَ ، ثُمَّ أغْزُوَ فَأُقْتَلَ ، ثُمَّ أغْزُوَ فَأُقْتَلَ)) (3). **واتە: زاتی الله بۆ ئەوکەسەی لەرێی خوا دەردەچێت بۆجیهاد لەسەرخۆی زامن کردووە، بەمەرجێك تەنها بۆ جیهادکردن لەرێی من لەماڵ دەرچوبێ، وەلە پێناوی بونی ئیمان بەمنو، باوەڕ بە پێغەمبەرانم بێ ، ئەوکەسە لە سەرمن زامنە هەتا دەیخەمە بەهەشتەوە، یان دەیگێڕمەوە بۆ ئەوجێیەی لێی دەرچووە لەگەڵ ئەوەشی دەستیکەوتوە**

(1)شرح نووی علی صحصح مسلم: 13/ 26-27.
(2)أخرجه البخاری برقم: 2796، ومسلم برقم: 1880.
(3)أخرجه البخاری برقم: 2793،

لەپاداشتو غەنیمەت. وەسوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، هیچ بریندارێك نییە كە لەڕێی خوادا بریندار بوبێ ئیلا لەڕۆژی دوایدا بەشێوەی خۆیو وەك ئەو ڕۆژەی كە بریندار‌بووە دێتە بەردەم خواو، ڕەنگی برینەكەی ڕەنگی خوێنەو بۆنەكەی بۆنی میسكە.

وەسوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە: ئەگەر گرانو نارەحەت نەبوایە لەسەر موسوڵمانان ، هەرگیز لەهیچ دەستەو كۆمەڵێك كە بو جیهاد لەڕێی خوادا دەردەچن دوانەدەكەوتم، بەڵاَم هیچ شتێك شك نابەم بۆ ئەوانەی دەستكوتو بێ توانان،وە ئەوانیش بۆ خۆیان هیچ شتێك شك نابەن تا پێیبچنە جیهاد، وە دەزانم كە قورس‌و گرانە لەسەریان لەكاتێكدا لەمن دوادەكەون. وەسوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە: پێمخۆشبوو كە لەڕێی خوادا بجەنگمو بكوژرێم، پاشان بجەنگمو بكوژرێم، پاشان بجەنگمو بكوژرێم !!.

- وە ئیمام بەزار لەسەعدی كوڕی ئەبی وەققاسەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتیەوە كەدەفەرموێ: لەكاتێكدا كە پێغەمبەرخوا ﷺ نوێژی بۆدەكردین پیاوێك هاتە مزگەوزت، هەركەگەیشتە ریزی نوێژخوێنان وتی: ((اللهمَّ آتِنِي أَفْضَلَ مَا تُؤْتِي عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ)) یانی: خوایە بەباشترینی شێوە كەبەندە چاكەكارەكانت دەگەڕێنەوە بۆلات بۆلای خۆتم بگێڕیتەوە. كاتێك پێغەمبەرخوا ﷺنوێژەكەی تەواوكرد فەرموی: ئەوكەسە كێ بوو كەئێستە ئەوە وت ؟

پیاوەكە وتی : من بووم.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((إِذَنْ يُعْقَرَ جَوَادُكَ وَتَسْتَشْهِد فِي سَبِيلِ اللّه))(1) واتە: كەبوابوو ئەسپەكەت سەری دەپەڕێو خۆشت لەڕێی خوادا شەهید دەبی!.

- وە ئیمام ئیبنو عەساكیر لە عەبدوڵلای كوڕی موحەیریزی جومەحیەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتیەوە كە لە شاری دیمەشقەوە دەستەیەك لەموسوڵمانان بەمەبەستی جیهادی ڕۆمەكان بەرێكەوتن_ئەو دەرچونە لە مێژودا بەدەرچونی ( الصائفه) ناوبراوە_ باوكی عەبدوڵلای كوڕی

(1) أخرجه مسلم برقم: 1876.

موحەیریزی جومەحی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی خۆی بۆ دەرچون بۆ ئەو جەنگە تۆمارکردبوو. بەڵام لەو کاتەدا دوچاری نەخۆشییەکی سەخت هاتبوو.

بەڵام ئەو خۆشیەی نەبووە رێگر لە بەشداریکردنی لەقافڵەی موجاهیدان، بۆیە بە عەبدوڵلای کوڕی گووت: کوڕەکەم لەگەڵ خۆت هەڵمگرە تا دەمگەیەنیتە خاکی رۆمەکان .

عبدالله دەڵێ: منیش هەڵمگرتو بەردەوام رێمپێدەکردوو ئەویش دەیوت: کوڕەکەم بەخێرای رێگەم پێبکە!!

منیش وتم : بابە گیان تۆ نەخۆشیتو ناتوانیت!!

وتی: کوڕەکەم بەخێرای رێگەم پێبکە، چونکە من حەزدەکەم وادەی مەرگم لەسەر خاکی رۆمەکان بێت.

عبدالله دەڵێ: بەردەوام رێگەم پێدەکرد هەتا لە (حیمص) گیانی سپارد بە پەردەردگاری..!!

● وە ئیمام زەهەبی رەحمەتی خوای لێبێ لە حوسەینی کوڕی جوندووبەوە گێریاویەتیەوە کە لەسەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا (رەزای خوای لێبێ) سوپایەکی موسوڵمانان جەنگی قوستەنتینیەیانکرد، زۆرنەبوو سوپاکەکە گەڕابویەوە منیش سەردانی میصرمکرد. هەندێك لەوکەسانەی لەو جەنگەدا بەشداربوون بۆیانگێڕامەوە کە لەکاتێکدا لە قوستەنتینیە گەمارۆی رۆمەکانیاندابوو ئەبو ئەیوبی ئەنصاری (رەزای خوای لێبێ) کەوتبووە سەر جێگەی مەرگ، فەرموی بەوانەی کە لە دەوری بوون: ئەگەر مردم بمخەنە سەر ئەسپێك‌و پاشان بەرێمبکەن هەتا دەگەنە دوژمن، ئیدی لەو جێیە لەنزیکترین شوێن لە سوپای دوژمن چاڵێکم بۆهەڵکەنن‌و بەخاکم بسپێرن، پاشان قەبرەکەم تەخت بکەن هەتا کەس نەیناسێتەوە !!.

وە ئیمام ئیبنو عەساکیر رەحمەتی خوای لێبێ لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە گێڕاویەتیەوە کە دەفەرموێ: ئەبو موسلیمی خەولانی لەسەردەمی خەلافەتی موعاویدا (رەزای خوای لێبێ) لەخاکی رۆمەکان لەگەڵ موجاهیدان بوو، وە سەرکردەی ئەوکاتەی سوپاکە بوسری

کوڕی ئەرتات بوو. ئەبو موسلیم لەو جەنگەدا دوچاری نەخۆشی دەبێتو دەکەوێتە سەر جێگەی مەرگ، بەڵام بەرلەوەی گیانی بەخوا بسپێرێت، بە بوسری کوڕی ئەرتات دەڵێت: هەرکات مردم بمخەرە پێشەنگی ئەو موسوڵمانانەی لەسوپاکەت دەمرن، وە بەیداخێکم لە پێشیانەوە بۆهەڵدەو، باگۆڕەکەم نیزیترین گۆڕبێت لەدوژمن، چونکە پێمخۆشە لە ڕۆژی قیامەتدا بە بەیداخەکەیانەوە بچمەوە بەردەم پەروەردگارم !!.

## لەبارەی فەزڵ و گەورەی ڕێکردن و تۆزاوییون لەڕێی خودا

● ئیمام بوخاری لە عەبدووڕەحمانی کوڕی جوبەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)گێڕاویەتیەوە کەدەفەرموێ: گوێم لیبوو پێغەمبەری خوا ﷺدەیفەرموو: (( مَنِ اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ فِي سَبِيلِ الله حَرَّمَهُ الله عَلَى النَّارِ)) (1). واتە: ئەوکەسەی لە جیهادی ڕێی خوادا پێکانی تۆزینبێ خوای گەورە لەئاگر دەیپارێزێت.

● وە لە ریوایەتێکی تری ئیمام بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( مَا اغْبَرَّتْ قَدَمَا عَبْدٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَمَسَّهُ النَّارُ)) . واتە: هەر بەندەیەك پێکانی لەڕێی خوادا تۆزین بوبێ ئەوە ئاگر نایانسوتێنێ .

● وە ئیمام تیرمزیو نەسائیو حاکم لەئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە دەفەرموێ پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: (( لاَ يَلِجُ النَّارَ رَجُلٌ بَكَى مِنْ خَشيَةِ الله حَتَّى يَعُودَ اللَّبَنُ فِي الضَّرْعِ ، وَلاَ يَجْتَمِعُ غُبَارٌ فِي سَبِيلِ الله ، وَدُخَانُ جَهَنَّمَ فِي مَنْخَرَيْ مُسْلِمٍ أَبداً)) (2). واتە: ناچێتە

(1)أخرجه البخاری برقم: 907.
(2)سنن انسائی:12/6. وسنن الترمذی: 93/3. والمستدرك للحاكم:260/4. والحديث صحح.

ئاگرەوە ئەوکەسەی لەترسی خوا گریابێ هەتا شیر نەگەڕێتەوە گوانەکەی، وە هەرگیز تۆزی ڕێگەی جیهادوو دوکەڵی جەهەننەم لەبڕناخەکانی موسوڵماندا کۆنابنەوە.

● وە ئیمام موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتییەوە کە دەفەرموێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (( لا يَجْتَمِعَانِ فِي النَّارِ اجْتِمَاعًا يَضُرُّ أَحَدُهُمَا الاخر: مُسْلِمٌ قَتَلَ كَافِرًا، ثُمَّ سَدَّدَ الْمُسْلِمُ وَقَارَبَ، وَلا يَجْتَمِعَانِ فِي جَوْفِ عَبْدٍ: وغُبَارٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَدُخَانُ جَهَنَّمَ، وَلا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ: الإِيمَانُ وَالشُّحُّ )) (1). واتە: دووشت لەئاگردا پێکەوە کۆنابنەوە کۆبونەوەیەك کە بەهۆیەوە زیان بەیەکتر بگەیەنن: موسوڵمانێك کافرێکی کوشتبێ، پاشان بەهەقەوە پابەندبوبێت و لێی لانەدابێ . وە تۆزی ڕێگەی جیهادوو جی دوکەڵی جەهەننەم پێکەوە لە سینەی بەندەی خوادا کۆنابنەوە، وە هەروەها ئیمان و بەرچاوتەنگی و چروکی پێکەوە لەدڵی بەندەدا کۆنابنەوە!.

● وە دەگێڕنەوە کە پێشەوای سەروەر عەبدوڵلای کوڕی موبارەك ڕەحمەتی خوای لێبێ لەخودا دەبینرێ و پێی دەوترێ: خوا چ بارپارێکی لەبارەوە دایت ؟

ئەویش لەوەلامدا دەڵێ: لێمخۆش بوو . پاشان پێی دەوترێ : بەو زانست و عیلمەی کە لەنێو خەڵکیدا بلاوتدەکردەوە؟ دەفەرموێ : نەخێر: بەڵکو بەهۆی ئەو تۆزەی کە لەرێگەی جیهاددا چوبووە بڕناخەکانەمەوە..!!

● وە ئیمام ئیبن وحیببان و ئیبن وموبارەك و بەیهەقی ڕەزای خوایان لێبێ لە ئەبولوصەبیحی ئەلمیقرائییەوە گێڕاویانەتەوە کە فەرمویەتی: لەگەڵ دەستەیەك لە موجاهیدان بەخاکی رۆمەکاندا دەرۆیشتین، وە مالیکی کوڕی عەبدوڵلای خوسەعمییان لەگەڵ بوو، مالیك بەلای هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ جابری کوڕی عەبدوڵلادا (ڕەزای خوای لێبێ) تێپەڕی و بینی کە جابر بەپیادەی ڕێدەکات و، جڵەوەی وڵاخەکەشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

---

(1) أخرجه مسلم برقم: 1891. والنسائی:12/6.

مالیك پێی وت: ئەبو عەبدوڵڵا : سواری وڵاخەکەت ببە خوا بۆتۆ رەخساندوویەتی .

جابریش پێی فەرمووە: وڵاخەکەم ئامادەو رێکبخەم بۆ سواربوون و لەپێکانم بێ نیازبم؟! .
لەکاتێکدا گوێم لێبووکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (( مَنِ اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ فِي سَبِيلِ اللهِ حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ)) (1). ئیدی مالیکی سەری لەوەڵامەکەی جابرو سوڕماو لە رێکردنی خۆی بەردەوام بوو، مالیك ویستی هەموو موجاهیدان گوێبیستی وتەکەی جابربن بۆ ئەوەی ئەوانیش چاویلێبکەن، هەربۆیە بەو ئەندازەی کە هەموو ئەوانەی لەو دەورەبوون گوێبیتستی دەنگی بن لە جابر دورکەوتەوەو، بە ئەوپەڕی دەنگی بانگی لە جاربرکرد:ئەی ئەبو عەبدیللا : ساواری هولاخەکەت ببە، خوا بۆتۆی رەخساندوە .

جابر لە نیازەکەی مالیکی ئەمیر تێگەیشت بۆیە ئەویش بەم وتەیە وەڵامی دایەوە: وڵاخەمەم رێکبخەم بۆ سواربوون و لەپێکانم بێ نیازبم؟!. لەکاتێکدا گوێم لێبووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: ((مَنِ اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ فِي سَبِيلِ اللهِ حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ)).

کاتێك موجاهیدان گوێبیستی وتەکەی جابر بوون هەموان لە وڵاخەکانیان دابەزین بە پیادەی رێیاندەکرد . ئیدی هیچ رۆژێك بەئەندازەی ئەورۆژە ژمارەی کەسانی پیادەڕۆ نەبینراوە !. (2)

- وە جابری کوڕی عەبدوڵڵا (رەزای خوای لێبێ) لەکاتی دەرچونی بۆجیهاد لەسەر پێکانی رێیدەکرد ئەمەش بۆ ئەی پێکانی لەرێی خوادا تۆزین ببن و بەوهۆیەوە پاداشتی گەورەی دەستبکەوێت.

ئیبن و نوحاس دەفەرموێ: هەر لەبەر ئەوەشە زانایان پێیان باش نەبووە_بە کەراهەتیان داناوە_ کە موجاهیدی رێی خوا بۆئەوەی تۆز نەچێتە دەم و لوتیەوە دەم و چاوی خۆی دەمامك بکات.

---

(1) أخرجه البخاری برقم: 907.

(2) سنن الكبى للبيهقى:9/162. والجهاد لإبن مبارك: 1/77_78. وموارد الظمآن:382 . والحديث صحثح.

وەئەمکارەشیان چواندووە _ قییاسکردووە _ بە کەراهەتی سیواککردنی پاش نیوەڕۆ بۆکەسی ڕۆژووەوان، چونکە لەوانەیە سیواککرن لەوکاتەدا ئەو بۆنە لابەرێت کە لەزاری ڕۆژووەوانەوە دەردەچێتو، لەلای پەروەردگار لە بۆنی میسك خۆشترە.

وە بەهەمانشێوە کردنی دەمامکیش ڕێگرە لە چونە ژورەوەی تۆز بۆ ناو دەمو لوتی موجاهید، لەکاتێدا چونەژورەوەی ئەو تۆزە هۆکاری پاراستنیەتی لەئاگر، وەك تۆزاویبونی پێکان بەتۆزی جیهاد، هەر بۆیە کەراهەتی هەیە !!.

- وە ئیمام حاکم لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕاویەتییەوە کە فەرمویەتی: ئێمە لەڕۆژی بەدردا ، هەرسێ نەفەرمان بەنۆرە سواری وشترێك دەبوین ، وە پێغەمبەری خوا و ﷺ عەلی کوڕی ئەبوتالیبو ئەبو لوبابەی ئەنصاری (ڕەزای خوایان لێبێ) بونۆرە سواری وشترێك دەبوون . هەرکات نۆرەی پیادەبونی پێغەمبەری خوا ﷺ بهاتایە هەردووکیان دەیان وت: ئێمە لەبری نۆرەکەی تۆ بەپیادە دەڕۆین . ئەویش پێی دەفەرموون: (( مَا أَنْتُمَا بِأَقْوَى مِنِّي ، وَلاَ أَنَا بِأَغْنَى عَنِ الأَجْرِ مِنْكُمَا )) (1) واتە: هەرگیز ئێوە لەمن بەتواناترنین ، وە منیش لەئێوە بێنییازترنیم لە پاداشت !!.

---

(1) المستدرك للحاكم : 91/2. والحديص حسن.

## باسی بیستو دوو

## گەورەی جەنگکردن لەدەریادا بەسەر جەنگی وشکانیدا

- ئیمام بوخاریو موسلیم رەحمەتی خوایان لێبێ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی ئوم حەرامی کچی میلحانی دەکرد کە خێزانی عوبارەدەی کوڕی صامت بوو رەزای خوای لێبێ ، ئەویش خواردنی بۆ ئامادە دەکرد.

رۆژێك پێغەمبەری خواﷺ چووە سەردانی ئەویش خواردنی بۆ ئامادەکردوو پاشان لەلای دانیيشتو سەری موبارەکی دەبژنی هەتا خەوی لێکەوت، پاشان بەدەم پێکەنینەوە بەخەبەرهات.

ئوم حەرام پێی وت : ئەوە بەچی پێکەنیت ئەی پێغەمبەری خواﷺ؟!

فەرمووی: (( نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَرْكَبُونَ ثَبَجَ هَذَا الْبَحْرِ مُلُوكًا عَلَى الْأَسِرَّةِ أَوْ مِثْلَ الْمُلُوكِ عَلَى الْأَسِرَّةِ )) واتە: کەسانێکم لە ئەممەتەکەم پێشاندرا کە لەپێناو خوادا جیهادیان دەکرد، سواری شەپۆلی دەریاکەبووبوون بۆ خۆیان پادشابوون بەسەر تەختەکانیانەوە، یان وەك پادشا وابوون بەسەر تەختەکانیانەوە.

ئوم حەرام وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لای خوا داوام بۆبکە تا منیش لەوانبم.

دوعای بۆکردوو پاشان سەری نایەوەو خوی لێکەوت.

پاشان بەدەم پێکەنینەوە بەخەبەرهاتەوە.

ئوم حەرام پێی وت : ئەوە بەچی پێکەنیت ئەی پێغەمبەری خواﷺ؟!

پاشان وەك جاری پێشوو فەرمووی : (( نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَا قَالَ فِي الْأَوَّلِ)) واتە:کەسانێکم لە ئەممەتەکەم پێشاندرا کە لەپێناو خوادا جیهادیان دەکرد، هەروەك جاری پێشوی فەرمویەوە.

ئوم حەرام وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لای خوا داوام بۆبکە تا منیش لەوانبم.

فەرمووی ﷺ (( أَنْتِ مِنْ الْأَوَّلِينَ )) واتە: تۆ لەیەکەمینەکانی.

ئومحەرام لەزەمەنی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا ڕەزای خوایان لێبێ لە دەریادا سواری کەشتیبوو،لەو کاتەی بەنیازبوو لەکەشتیەکە بێتەخوارەوە بەسەر ولاخەکەیەوە کەوتەخوارەوەو شەهیدبوو. ()

ئوم حەرامی کچی میلحان پوری ئەنەسی کوڕی مالیك بوو ڕەزای خوایان لێبێ.

ئیمام نەوەوی دەفەرموێ:

زانایان لەوبارەیەوە یەکڕان کە ئوم حەرام لە مەحرەمەکانی پێغەمبەری خوابووﷺ، وە هەر لەبەر ئەوەشبوو کە سەردانی دەکردوو، خواردنی لەلا دەخواردوو، سەری بۆ دەبژنیو، لەلای دەنوست چونکە یەکێك بوو لەمەحرەمەکانی ﷺ. / وەهەندێك لەزانایان دەڵێن: ئوم حەرام یەکێك بوو لە پورەشیرییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ. ()

- وە ئیمام بوخاری لە ئوم حەرامی کچی میلحانەوە ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوابووﷺ کە دەیفەرموو:((أَوَّلُ جَيْشٍ مِنْ أُمَّتِي يَغْزُونَ الْبَحْرَ قَدْ أَوْجَبُوا)) واتە: یەکەم سوپایەك لە ئەممەتەکەم کە لەدەریادا جیهاددەکەن بۆیان مسۆگەر بووە.

وتم: ئەی پێغەمبەری خواﷺ من لەوانم ؟

فەرموی : بەڵێ تۆ لەوانی.

پاشان فەرموی: (( أَوَّلُ جَيْشٍ مِنْ أُمَّتِي يَغْزُونَ مَدِينَةَ قَيْصَرَ مَغْفُورٌ لَهُمْ)) واتە: یەکەم سوپایەك لە ئوممەتەکەم جەنگی شارەکەی قەیسەر دەکەن خوا لێیان خۆش بووە.

وتم :ئەی پێغەمبەری خوا ﷺمن لەوانم ؟

فەرموی: (( لاَ أَنْتِ مِنْ الْأَوَّلِينَ )) واتە: نەخێر تۆ لە دەستەی یەکەمیانی. ()

---

() أخرجه البخاریبقم : 2788، ومسلم برقم: 1912.

() شرح النووی علی صحیح مسلم: 58/13

() أخرجه البخاری برقم: 2924.

یەکەم کەسێك کە جیهادی لەدەریاداکرد موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بوو ڕەزای خوایان لێبێ کە ئەو کاتە والی شام بوو لە خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففاندا ڕەزای خوای لێبێ.

کاتێك کە قافڵەی کەشتی موسوڵمانان بۆ جەنگی قوبرِوس بەڕێکەوت هاوەڵی بەڕێزە پێغەمبەری خواشﷺ عوبادەی کوڕی صامت ڕەزای خوای لێبێ لەگەڵیان بەڕێ کەوتو، ئوم حەرامی خێزانیشی لەگەڵ خۆی برد.

لەکاتێکدا کە موسوڵمانان دورگەی قوبرِوسیان ئازادکرد ولآخێکیان بۆ ئەوم حەرام هێنا بۆ ئەوەی سواری ببێ، بەلآم لەولآخەکە کەوتە خوارەوەو پێی لەگەردنی ناو شەهیدبوو، وە لە قوبرِوس بەخاکیان سپارد ڕەزای خوای لێبێ. (1)

- وە لە خیلافەتی سولەیمانی کوڕی عەبولەلیکدا موجاهیدا لە وشکانیو دەریاوە بۆ جەنگی قوستەنتینیە بەڕێکەوتن، سوپاکە نزیکەی هەزار سوارییو کەشتییان لەدەریادا لەگەڵبوو ، وە سوپای وشکانییان زیاتر لە سەد هەزار موجاهید دەبوو، وە مەسلەمەی کوڕی عەبدولەلیك سوپاسالاریان بوو.

موسوڵمانان زیاد لە سی مانگ لە دەریاو وشکانییەوە گەمارۆی قوستەنتینیەیاندا هەتا بە هۆی برسێتو تینوێتیو ماندوبوونی زۆرەوە زیانێکی زۆریان پێگەیشت، بۆیە کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ڕەحمەتی خوای لێبێ کرابە خەلیفەی موسوڵمانان فرمانیکرد کە سوپاکە لە دەریاو وشکانیدا بگەڕێتەوەو کۆتای بەگەمارۆکەیان بێنن. (2)

---

(1) أخرجه البخاری ومسلم برقم: 907.
(2) تأریخ الأمم والملوك للطبری:5/291-293.

• حەییی ئەلموعافیریی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئێمە لەگەڵ عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص ڕەزای خوای لێبێ لەلای منارەکەی ئەسکەندەریەدا دانیشتبووین، لەوکاتەدا سواریو کەشتی موجاهیدانمان پێشچاوکەوت کە بۆ جیهادی ڕێی خوا بەرێکەوتبوون.

عەبدوڵلای کوڕی عەمر بە مەسلەمەیی کوڕی مەخلەدی فەرموو : گوناهی ئەو موجاهیدانە لەکوێدایە؟!

مەسلەمە وتی: گوناهەکانیان لەگەردنیاندایە .

عەبدوڵلای کوڕی عەمر فەرموی: نەخێر ، سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە لەپاش خۆیان بەجێیان هێشتووە!

• وە عەبدوڵلای کوڕی عەمر ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ : جەنگێکم لە دەریادا بەلامەوە خۆشترە لە بەخشینی شاخێك ئاڵتوونی وەرگیراوو!!. واتە: شاخێك ئاڵتوون ببەخشمو دڵنیابم لەوەی کە خوای تەعالا لێی وەرگرتوم !.

• خەیسەمە دەڵێت: لە تەڕابلوسی شام پیاوێکان لەلابوو ناوی عاصم بوو ئەو پیاوە زۆر بەشداری لەجیهادی ڕێی خوا لەدەریادا دەکرد ، کاتێك کە وەفاتیکرد هاتە خەومو پێم وت: خوا چی لێکردیت؟ وتی: بەهۆی زۆری جیهادکردنم لە دەریادا میهرەبانییەکی فراوانی لەگەڵکردمو لێمخۆشبوو!

• وە قازی ئەبو بەکری ئیبنولعەرەبی دەڵێت: ئەوەی دەیەوێت لەوە دڵنیابێت کە تەنها خوای تەعالا هەڵسوڕێنەری گەردونە، وە هۆکارە مادییەکان لاوازو بێتوانان، وە هەقیقەتی تەوەکولو خۆدانەدەست خوای گەورەی بۆ دەرکەوێت باسواری کەشتی دەیار ببێ !.

• وە ئیبنو قودامە لە کتێبی موغنیدا دەڵێ: (جیهاد لە دەریادا گەورەترە لە جیهادی وشکانی، ئەوەش لەبەر ئەوەی جیهاد لەدەریادا مەترسیو نارەحەتی زیاترە، وە موجاهید لە دەریادا لەنێوان

دوو ترسدایە: ترسی دوژمن‌و ترسی ژێرئاوکەوتن، وە لەدەریادا موجاهید لەگەڵ هاوەڵانی نەبێ تواناى هەڵهاتنی نییە.

وە دروستی سەفەری دەریا بۆ حەجو جیهادکردن تەنها بۆکاتێکە کە زۆری گومان بەلای سەلامەتیدابێ، بەلاَم لەکاتی هەڵچونی دەریاو بەرزبونەوەی شەپۆلەکانی سەفەرکردن تێیدا دروست نییە.

- وە ئیمام ئەحمەدوو سەعیدی کوڕی مەنصور لە ئیبن‌و عیمرانی جونییەوە گێڕاویانەتەوە کە دەڵێت : ئێمە لە ولاتی فارس بووین، وە زوهەیری کوڕی عەبدوڵلاَ ئەمیرمان بوو، کەسێکی بەسەر سەربانێکەوە بینی کە هچی بەدەورەوە نەبوو.

پێی وتم : لەبارەی ئەوەوە هیچت بیستووە؟

وتم : نەخێر.

وتی: کەسێك بۆیگێڕامەوە کەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( مَنْ بَاتَ فَوْقَ إِجَّارٍ ، أَوْ فَوْقَ بَيْتٍ لَيْسَ حَوْلَهُ شَيْءٌ يَرُدُّ رِجْلَهُ ، فَقَدْ بَرِئَتْ مِنْهُ الذِّمَّةُ ، وَمَنْ رَكِبَ الْبَحْرَ بَعْدَمَا يَرْتَجُّ ، فَقَدْ بَرِئَتْ مِنْهُ الذِّمَّةُ)) (1) واتە: ئەوەی لەسەربانی خانو یان ماڵێك بخەوێت ،وە هیچ دیوارێکی بە دەورەوە نەبێ کەرێگری لەپێخلیسکانی بکات، ئەوە گوناهی لە ئەستۆی خۆیەتی، وە ئەوەشی بچێتە دەریاوە دوای ئەوەی شەپۆلی دەدا ئەوە گوناهی لە ئەستۆی خۆیەتی.

(1) مسند أحمد: 79/5. وسنن سعيد بن منصور: 162/3/2. وە فەرمودەکە فەرمودەیەکی صەحیحەو نەناسراوی ئەو هاوەڵەشی کەلێوەی گێڕدراوەتەوە هیچ زیانێك بە صەحیحیی فەرمودەکە ناگەیەنێت چونکە هاوەلاَنی پێغەمبەری خوا هەمویان عەدل و سیقەبوو. وە ئەم فەرمودەیە چەند فەرمودەیەکیتریش پشتی دەگرن .

## باسی بیست و سێ

## گەورەی تەکبیرکردن( الله أکبر )ی موجاهیدان

• ئیمام بوخاریو موسلیم رەحمەتی خوایان لێبێ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەیانێکی زودا دای بەسەر قەڵای خەیبەردا، لەوکاتەی کە خەڵکی بە پاچو خاکەنازەوە دەردەچون بۆسەر کاریان چاویان بە پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتو رایانکردەوە قەڵاکەیانو هاواریانکرد: موحەممەدوو سوپا ! پێغەمبەری خواش ﷺ سەری بەرزکردەوەو فەرموی: (( اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ خَرِبَتْ خَيْبَرُ، إِنَّا إِذَا نَزَلْنَا بِسَاحَةِ قَوْمٍ فَسَاءَ صَبَاحُ الْمُنْذَرِينَ)) (1) واتە: الله اکبر، الله اکبر، الله اکبر، ئەوا قەڵای خەیبەر داروخا، ئێمە هەرکات دابەزینە مەیدانی روبەڕوبونەوەی هەر گەلێکەوە ئەوە دەبێتە بەرەبەیانێکی تاڵو نالەبار بۆ ئاگادارکراوان.

ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: ئەم فەرمودە صەحیحە بەڵگەیە لەسەر تەکبیرکردن( الله أکبر). هەر بۆ یە زانایان تەکبیرکردنیان لەجەنگدا بە سوننەت داناوە .

• ئەشهەبی کوڕی عەبدولعەزیز دەڵێت : پرسیارم لە ئیمام مالك کرد لەبارەی تەکبیرکردن بەدەنگی بەرز لە کەنارەکاندا لەکاتی رییباتکردن بە ئامادەبونی دوژمن یان ئامادەنەبونیان ئایان کەراهەتی هەیە، یان پێویستە ئەوەندە بێت کە خۆی گوێی لێبێت؟

فەرموی : لەبارەی تەکبیرکردن لەکاتی ئامادەبونی دوژمندا گرفتی تێدانییە، بەڵکە لەککردەوە باشەکانە، وە هەروەها لە کەنارەکانی سنوری موسوڵماناندا گەر دوژمنیش لەو جێیە نەبێ لە کردەوە باشەکانە، تەنها لەکاتێکدا نەبێ کە ئەوکارە بێتە مایەی ئەزیەتدانی خەڵکانیتر یان سەرشاواندنی موسوڵمانان.

---

(1) أخرجه البخاري برقم: 3647. ومسلم: 1365.

● وە لەیسی کوڕی سەعیدرەحەمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: لە ئاکاری ئەوانەی پێش ئێمە رابردن تەکبیردنیان بوو لەکاتی جەنگکردندا ، بەوەش هێزیاندەدایە بەخۆیان بۆ پاسەوانیو شەونخونیکردن، وەکەسیش رێگری لەم کارەیان نەدەکرد.

## باسی بیستو چوار

## لەبارەی فەزڵ و گەورەی ماڵ بەخشین لەرێی خودا

● خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ البقرة: 134. واتە:کێ هەیە لەماڵی خۆی قەرزێکی چاك بداتە خوای تەعالا، وە خواش لە بەرامبەردا بە چەندین جار پاداشتەکەی بۆ بەرامبەر بکاتەوە ، وە خوای بەتوانا رۆزی بەسەر بەندەکانیدا زیاد دەکاتو لێشیان دەگرێتەوە، وەگەرانەوەشیان بۆلای خۆیەتی.

● وە دەفەرموێ : ﴿ مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ البقرة: 261. واتە: نمونەی ئەوانەی کەماڵو سامانیان لەرێگەی خوادا (جیهاد) دەبەخشن نمونەی دانەوێڵەیەکە کە لەزەویدا دەروێتو حەوت پەلی سەوزدەبێت، وە هەر پەلێکی سەد دەنك دەگرێت، وە خوای تەعالا پاداشتی چەند بەرامبەر بۆ ئەوانەی دەیەوێت زیاددەکات ، وە خوای گەورە موڵكو دەستەلاّتی فراوانەو زانایە.

● وە ئیمام ترمزیو نەسائیو حاکم لە خەریمی کوڕی فاتیکی ئەزدیەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺفەرموی : (( مَنْ أَنْفَقَ نَفَقَةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ كُتِبَتْ

لَهُ بِسَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ )) (1). واته: هەرکەسێك بۆ جیهاد لەڕی خوادا شتێك ببەخشێت بە حەوسەد بەرامبەر پاداشتی بۆ دەنوسرێت

● وە ئیمام موسلیم لە ئەبو مەسعودی ئەنصارییەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە کە دەفەرموێ: پاوێك بەوشترێکی جڵەوکراوەوە هاتە خزمەت پێغەمبەری خواو وتی : ئەم وشترەم دەبەخشم بۆجیهاد لەرێی خوادا. پێغەمبەری خوا ﷺفەرموی : (( لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ سَبْعُمِائَةِ ناقةٌ كُلُّهَا مَخْطُومَةٌ )) (2) .واته: لە ڕۆژی قیامەتدا لە پاداشتی ئەو وشترەت حەوسەد وشترت بۆهەیە کە هەرهەمویان جەڵەوکراون.

ئیبنو نوحاس دەفەرمویت: مەبەست بە ((لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ سَبْعُمِائَةِ ناقةٌ)) پاداشتە واته: لەبەرامبەر ئەو وشترەی بەخشیوتە پاداشتی حەوسەد وشتری جلۆکراوت بۆهەیە.

● وە ئیمام بوخاریو موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی: (( مَنْ أَنْفَقَ زَوْجَيْنِ فِي سَبِيلِ اللّهِ نُودِيَ فِي الْجَنّةِ: يَا عَبْدَ اللّهِ هَذَا خَيْرٌ. فَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصّلاَةِ، دُعِيَ مِنْ بَابِ الصّلاَةِ. وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجِهَادِ، دُعِيَ مِنْ بَابِ الْجِهَادِ. وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصّدَقَةِ، دُعِيَ مِنْ بَابِ الصّدَقَةِ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصّيَامِ، دُعِيَ مِنْ بَابِ الرّيّانِ)).....واته: ئەو کەسەی لەرێگەی خوادا جوتێك ببەخشێت ، لە بەهەشتدا بانگی لێدەکرێت : ئەی بەندەی خوا وەرە ئەمەخێرو پاداشتە بۆتۆ. یان ئەمە باشترە بۆتۆ. ئەوەی لە ئەهلی نوێژبێت لە دەرگای نوێژەوە بانگی لێدەکرێت، وە ئەوەی لە ئەهلی جیهادبێت لەدەگای جیهادەوە بانگی لێدەکرێت، وە ئەوە لە ئەهلی بەخشین بێت لە دەرگای بەخشینەوە بانگی لێدەکرێت، وە ئەوەی لە ئەهلی ڕۆژوبێت لە دەرگای ڕەییانەوە بانگی لێدەکرێت.

---

(1)سنن الترمذی:90/3. وسنن النسائی: 49/6. ومستدرك الحاكم: 87/2. والحديث صحيح.
(2)أخرجه مسلم برقم: 1892.

ئەبو بەكری صدیق رەزای خوای لێبێ فەرموی: بەدایكو باوكەوە بەقوربانتبم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺئیدی پێویستە نییە لەسەر ئەو كەسەی لە هەموو ئەو دەرگایانەوە بانگی لێدەكرێت وەلآمی هەمویان بداتەوە، ئایا هیچ كەسێك لەهەموو ئەو دەرگایانەو بانگی لێدەكرێت؟ پێغەمبەری خوا ﷺفەرمویەتی : (( نعم وَ أَرْجُو أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ )) واتە: بەڵێ، وە ئومێد دەكەم كە تۆ یەكێك بیت لەوان. (). 

● وە ئیمام موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوەوە كە لە پێغەمبەری خوای بیستووە ﷺفەرمویەتی :(( مَنْ أَنْفَقَ زَوْجَيْنِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ دَعَاهُ خَزَنَةُ الْجَنَّةِ كُلُّ خَزَنَةِ بَابٍ أَيْ فُلُ هَلُمَّ)). واتە: ئەو كەسەی جوتێك لەرێگەی خوادا ببەخشێت دەرگاوانانی بەهەشت بانگی لێدەكەن، دەرگەوانی هەر دەرگایەك دەڵێت : ئەی فلان، بۆ ئێرە وەرە.

ئەبو بەكری صدیق رەزای خوای لێبێ فەرموی: بەراستی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئیدی ئەو كەسە رەنجەرۆو مایەخەسار نابێ، پێغەمبەری خواش ﷺفەرمویەتی : (( إِنِّي لأَرْجُو أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ)) واتە: ئومێدە دەكەم كە تۆ لەوان بیت. ()

● وە ئیمام نەسائیو حاكم لە صەعصەعەی كوڕی موعاویەی مامی ئەحنەفی كوڕی قەیسەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە كە دەفەرموێ: چوم بو ٚلای ئەبو زەڕی غەففاری رەزای خوای لێبێ لەماڵەوە نەبوو، كەبینیم وا بەرەو روم دێتو جڵەوەی وشترێكی بەدەستەوەیە، وە كونەیەك ئاوی لەبەر ملی ناوەو بۆ ماڵەوە دەگەرێتەوە.

پێم وت : تۆ ئەبو زەڕری ؟

وتی : كەسەكانی وا دەڵێن !

---

()أخرجە بخاری برقم:1897. ومسلم برقم: 1027.

()أخرجە بخاری برقم:1897. ومسلم برقم: 1027.

پێم وتم: فەرمودەیەکم لە پێغەمبەری خوا وە ﷺ بۆ بگێڕەوە بەڵکە خوای گەورە بەهۆیەوە توشی خێرێکم بکات.

فەرموی: گوێم لە پێغەمبەری خوابووﷺ دەیفەرموو: (( مِنْ أَنْفَقَ من ماله زَوْجَيْنِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ابْتَدَرَتْهُ حَجَبَةُ الْجَنَّةِ )) واته: ئەوەی لەماڵەکەی جوتێك ببەخشێت لەرێی خوادا دەرگاوانانی بەهەشت بە پێشبڕکێ بەرەو پیریەوە دەرۆن.

وتم: مەبەست بە جوتێك لەمڵەکەی چییە:

فەرموی: دوو لەئەسپەکانی ، یان دوو لە وشترەکانی. (1)

● وە ئیمام موسلیم لە سەوبانەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویەتییەوە کەفەرمویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺفەرموی : (( أَفْضَلُ دِينَارٍ يُنْفِقُهُ الرّجُلُ: دِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَىَ عِيَالِهِ. وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَىَ دَابّتِهِ فِي سَبِيلِ اللّهِ. وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَىَ أَصْحَابِهِ فِي سَبِيلِ اللّهِ)) (2). واته: باشترین دینارێك کە کەسێك خەرجیکات : دینارێکە بۆ بژێوی خێزانەکەی خەرجی بکات، وە دینارێکە بۆ وڵاخەکەی لەجیهادی رێی خوادا خەرجی بکات، وە دینارێکە بۆ هاوەڵانی لەجیهاددا خەرجی بکات.

● ئیمام زوهری رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف رەزای خوای لێبێ وەسیەتی بە پێدانی حەوسەد دینارکرد بۆ ئەوانەی لە ژیاندا مابوون لە هاوەڵانی بەدر، هەموو ئەو هاوەڵە بەرێزانە کەژمارەیان سەدکەس دەبوو پارەکە کەحەوسەد دیاربوو وەریانگرت، لە نێویشیاندا عوسمانی کوڕی عەففان رەزای خوای لێبێ کە خەلیفەی موسوڵمانانبوو پشکی خۆی وەرگرت، چونکە ماڵی عەبدوڕەحمانی بەفەڕو موبارەك دەزانی .

---

(1) أخرجه النسائى فى المجتبى: 48/6 . والحاكم فى المستدرك: 86/2. واسناده صحيح.

(2) أخرجه مسلم برقم: 994

ئیبنو نوحاس ڕەحمەتی خوای دەفەرمویٚ :

خوای تەعالا بەخشینی هەموو بەخشەرێك چەندە كەمیش بێت وەردەگرێتو ڕەدی ناكاتەوە، بۆیە دروست نییە كەسی بەخشەر خێرو بەخشینەكەی خۆی بەسوك سەیربكات یان بەكەمی بزانێت.

- وە ئیمام موسلیم لە ئەبو زەڕی غەففاریەوە ڕەزای خوای لێبیٚ گێڕاویەتیەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : (( لا تَحْقِرَنَّ مِنَ الَمعرُوفِ شَيئاً وَلَوْ أنْ تَلقَى أخَاكَ بِوَجْهٍ طَليقٍ)) (1). واتە: هیچ شتێك لە چاكە بەكەم مەزانن ئەگەر گەیشتنیشبیٚ بەبراكەت بەڕوپەكی خۆش.

ئیبنو نوحاس ڕەحمەتی خوای لێبیٚ دەفەرمویٚ: ئەم فەرمودە ئەوە دەگەیەنێت كە نابێت موسوڵمان شتی خۆی بەكەم بزانێت، چونكە هەرچەندە شتەكەشی كەمو بچوك بێت بەلاٌم خوای تەعالا بە نییەتی چاكی خاوەنەكەی زیادوو زۆری دەكات.

پێشەوای موجاهید عوقبەی كوڕی نافیعی فەهری ڕەزای خوای لێبیٚ هەموو بەخشینێكی بۆجیها لەڕێی خوادا وەردەگرت چەندە كەمیش بوایە، ئەگەر ئافرەتێك گلۆڵەیەك دەزوو داویشی بهێنایە لێی وەردەگرت، وە كەسێك سیٚ یەكی دینارێكیشی بهێنایە بۆ جیهاد لەڕێی خوادا لێی وەردەگرت !!

پێیان دەوت: خوای گەورە بێنییازی كردوویت لەم شتە كەمو بچوكانە ئیتر بۆچی وەریان دەگریت؟!

دەیفەرموو: بۆئەوە وەریدەگرم هەتا خوای تەعالا پاداشتی خاوەنەكەی بداتەوە لەسەری ، وە ئێمەش لەلایەنی خۆمانەوە دەیدەینە كەسانیتر پاداشتی ئێمەش دەداتەوە.

---

(1) أخرجه مسلم برقم: 2626

ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ:

رەحمەتی خوای لێبێ بەراستی راستی فەرمووە، بێگومان خوای تەعالا گەردیلەیەك زوڵم لەبەندەکانی ناکات، ئەگەر ئەو گەردیلەیە لەچاکەبێت بۆی چەند بەرامبەر دەکات، وەلەلایەن خۆیەوە پاداشتی گەورەو مەزنی بۆ بەندەکانی ئامادەکردووە.

- لەو بەسەرهاتە ناوازانەی کە لەبارەی ئەو کەسانەی لەجیهادی رێی خوادا ماڵیان بەخشیوە پێمان گەیشتووە بەسەرهاتی ئەو ئافرەتەیە کە مێروو کورەکانیو ماڵەکەی دەکاتە دیاری بۆ جیهاد لەرێی خوادا، تەنانەت کەزییەکانی خۆیشی دەبڕێو دەیبەخشێت بۆ ئەوەی موجاهیدان بیکەنە هەوساری ئەسپەکانیان !!

ئەم بەسەرهاتەش ئەحمەدی ئیبنو جەوزی دیمەشقی بەدرێژی لە کتێبەکەیدا بەناوی (سوق العروس وأنس النفوس) لە ئەبو قودامەی شامییەوە گێڕاویەتییەوە. پوختەی بەسەرهاتەکەش بەم شێوەیە:

ئەبو قودامەی شامی ئەو پیاوەبوو کە خوای تەعالا جیهادی لەلا خۆشەویستکردبوو، بۆیە لەچەندین جەنگی دژبە رۆمەکان بەشداربوو.

رۆژێك لەمزگەوتەکەی پێغەمبەری خوادا ﷺ دادەنیشێتو باسی هەندێ لە جەنگەکانی لەگەڵ رۆمەکان دەکات، ئامادەبوانی ئەو کۆڕەش داوای لێدەکەن کە باسی ناوازەترینو سەرسوڕهێنەرترینی بەسەرهاتیان بۆبکات کە لەجیهاددا بینویەتی.

ئەویش سەرسوڕهێنەرترینی ئەو بەسەرهاتانەیان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمەیە:

رۆژێك ئیبنو قودامە بۆجەنگی رۆمەکان بەڕێ دەکەوێتو، بەناو شاری روققەدا کەدەکەوێتە سەر دەریاچەی فورات گوزەردەکات بۆ ئەوەی وشترێك بکڕێتو جیهادی لەسەربکات.

لەوکاتەی لەڕوقەدەبێت ئافرەتێك دێتەلای‌و پێی دەڵێك بەنیازە كەزییەكانی بۆ جیهاد لەپێناوی خوادا ببەخشێت ، ئەوەتا بڕیونی‌و لەخۆڵی داون‌و دوا لەئەبو قودامە دەكات كە لێی وەرگرێت بۆئەوەی بیكاتە هەوسارو جڵەوی ئەسپی موجاهیدان.!!

وە پێی دەڵێت: كە مێردەكەشی ڕۆژێك دەرچێت بۆ جیهادوو بەشەهیدی گەڕاوەتەوە بۆلای خوا، وە منداڵەكانیشی بەهامان شێوە دەرچون بۆ جیهادوو لەو ڕێیەدا وەك باوكیان شەهیدبوون، وە ئێستە تەنها كوڕێكی تەمەن پانزە ساڵی ماوە، وە ئەو كوڕەشی هەرچەندە بەتەمەن منداڵە بەلاّم هەموو قورئانی لەبەرەو ئەهلی ڕۆژوو، شەونوێژی بەردەوامە، وە شارەزای تەواوی لەجەنگدا هەیەو، سوارچاكێكی لێهاتووە، وە هەروەها لەجوانیشدا لە جوانترینی لاوانەو جوانیەكەی كەم وێنەیە.

وە پێی دەڵێت: كەئێستە كوڕەكەی چۆتە دەرەوی شارو لەماڵەوە نییە هەتا لەگەڵیان بینێرێت بۆ جیهاد، بەلاّم گەر هاتەوە ئەینێرم بۆئەوەی لەگەڵ تۆدا بەشداری جیهاد بكات‌و ئەویش وەك دیارییەك پێشكەشی خوای دەكەم، وە هیوای شەهیدی بۆ دەخواست.

ئەبوقوداما ماوەیەك چاوەڕوانی ئەو لاوە خواناسەی كرد بەلاّم نەهات بۆیە لەگەڵ هاوەڵانیدا شاری ڕوقەیان بەجێ هێشت‌و بۆ جەنگی ڕۆمەكان بەرێكەوتن‌و، چەند ڕۆژێك بەرێدا ڕۆشتن.

لەكاتێكدا ئەوان ڕێیان دەكرد ئەو لاوە سوارچاكە بەسەر ئەسپەكەیەوە پێیان گەیشت، لەگەڵ ئەبو قودامە قسەیكردوو خۆی پێ ناساد كەكوڕی ئەوئافرەتەیە كە لە ڕوقییە هاتەلای، وە باوك و براكانی بەشەهیدی گەڕاونەتەوە بۆلای خواو ئەمیش دەیەوێت وەك ئەوان بە پلەی شەهید بگات.

ئەبوقودامە بەهۆی كەمی تەمەنیەوە ترسا لەوەی توشی شتێك بێت ، بۆیە هەوڵیدا بیگێڕێتەوە، بەلاّم ئەو لاوە هەرسوربوو لەسەر بەشداریكردنی لەجیهاددا، وە پێی وت: كە بەباشی لە ئەسپسواری‌و تیرئەندازی شارەزایەو، هەموو قورئانی پیورۆزی لەبەرەو زانایە بەفەرمودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ وە دەیەوێت ببێتە شەهیدی كوڕی شەهید!!

وە پێی‌وت کە: دایکی بۆیەکجاری ماڵئاوایی لێکردووە و، داوایلێکردووە کە سوربێت لەسەر شەهیدی‌و، لەکافران هەڵنەیەتو پشتیان تێنەکات، وە گیانی خۆی ببەخشێتە خواو داوای لێبکات کە لە باوكو براکانی‌و خاڵۆانی نزیکی بکاتەوە..!!

وتەکانی ئەم شۆڕە سوارەو لاوە بەهیمەتە کار لە ئەبوو قودامە دەکەن، بۆیە قایل دەبێت کە لەو جەنگەدا هاوەڵایەتیان بکات.

کاتێك کەنزیك سەربازگەی ڕۆمەکان بوونەوە کاتی رۆژئاوابونبوو، وە موجاهیدان بەرۆژووبوون، ئەو لاوە چالاکە خۆبەخشانە خۆی بۆ دروستکردنی خوانی بەرباگی موجاهیدان ئامادەکرد. لەدوای کارەکانی خەویی لێدەکەوێتو ، ئەبو قودامە نیگای سەرنجی دەبرێتە ئەو لاوەو دەبینێت بەدەم خەوەوە پێدەکەنێت، بۆیە بەسەرسامییەوە بانگ لە هاوەڵانی دەکات هەتا ئەوانیش پێکەنینی ئەم لاوە بەچاوی خۆیان ببینن!!

کاتێك کە بەخەبەردێتەوە ئەبو قودامەو هاوەڵانی یەکسەر لەبارەی پێکەنینەکەیەوە پرسیاریان لێکرد ، ئەویش پێی تێیگەیاندن کە پێکەنینەکەی بەهۆی خەوێکەوە بووە کە لە خەویدا بینیویەتی..!

خەوەکەی بۆگێڕانەوە کە: لەخەوەکەیدا خوێ لە باخچەیەکی سەوزدا بینیوە، وە لەناوەراستی ئەو باخچەدا کۆشکێکی تێدابوو کە لە خشڵی زێرو زیوو دروستکرابوو، وە پەردەی بەسەردا درابوو، وە لەناو کۆشکەکەدا چەندین ئافرەتی تێدابوو کە رویان وەك مانگی تابان وابوو ، کاتێك کە ئەویان بینی لەباخچەکەدا دابەزینە خوارەوە بۆلای هەتا بەخێرهاتنی بکەن، ئەویش دەست بۆیەکێکیان رادەکێشێت، پێی دەڵێن پەلەمەکە!!. تۆ هاوسەری مەرزییەی کە لەناو کۆشکەکەدایە.!

سەردەکەوێت بۆکۆشکەکە لەوێ ئافرەتێك دەبینێت کە دەموچاوی وەك رۆژ لە گەشەدایەو، جوانیەکەی چاوان سەرسامدەکات، پێشوازی‌و بەخێرهاتنی لێدەکاتو، مزگێنی دەداتی کە ئەم بۆ ئەوە و ئەویش بۆ ئەمە، کاتێك کە دەستی بۆ رادەکێشێت پێی دەڵێت: پەلەمەکە، وادەی نێوانمان بەیانییە لە پاش نوێژی نیوەڕۆ وەمزگێنیت لێبێ..!!

بۆیە ئەویش دڵی خۆش دەبێت و لەناو خەوەکەیدا پێدەکەنێت.!!

لەبەیانیدا کاتێك موجاهیدان گەیشتنە سەربازگەی ڕۆمەکان، جەنگێکی سەختو دەستەویەخە لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، ڕۆمەکان هێرشیان هێنایە سەر موسوڵمانان، ئەو لاوەش لەگەڵ هاوەڵانیدا ڕووبەڕوویان بویەوە، شەڕێکی دلێرانەی لەگەڵیانکردوو چەندین سەربازی لەڕۆمەکان کوشت.

جەنگەکە درێژەی خایاندوو خەڵکێکی زۆر لەهەردوولا کوژران بەڵام پشتیوانی خوا بەسەرکەوتنی موسوڵمانان کۆتای پێهات.

ئەبوو قودامە ڕۆشتو گۆڕەپانەکەدا بەدوای لاوەکەدا دەگەڕا، بینی وا لەجێیەکدا بەبریندارى کەوتووەو خوێن لە جەستەی دەچۆڕێتو تۆزی جەنگ هەموو جەستەی داپۆشیوە..!!

کاتێك لێی چوە پێشەوە لاوەکە هەواڵی دایە ئەبو قودامە کە خەوەکەی هاتۆتەدی‌و، ئەو حۆرییەشی کە لەخەودا بینیبوی وا ئێستە بەسەر سەریەوە وەستاوەو چاوەڕوانی دەرچونی گیانی دەکات..!!

وە داوای لە ئەبوقودامەکرد کە جلە خۆناویەکانی بەرێتەوە بۆدایکی ، هەتا دڵنیابێت کە وەسیەتەکەی زایەنەکردووە . پاشان شایەتومانی وتوو گیانی سپاردوو بەشەهیدی گەیشتەوە الله.. هەرلە جێی خۆی بە جلەکانیەوە کفنیان کردوو بەخاکیان سپارد.!!

ئەبو قودامە لەگەڕانەوەیدا چووە شاری ڕوققە، بەبەردەم ماڵی ئەوئافرەتەدا تێپەڕی کە کوڕەکەی لەگەڵناردبوو بۆ جیهاد، بینی خوشکێکی بچوکی لەبەردەم دەرگاکەدا وەستاوە هەواڵی برا موجاهیدەکەی لەو کەسانە دەپرسێت کە لەجیهاد گەڕاونەتەوە، داوایلێکرد کە لەگەڵ دایکی قسەبکات. دایکی هاتە دەرەوە، کاتێك ئەبو قودامەی بینی پێی وت: ئەبو قودامە وەك سەرخۆشیکار هاتوی یان مزگێنیدەر.!!

ئەبو قودامە پێی وت: جیاوازی لەنێوان سەرەخۆشی‌و مزگێنیدا چییە ؟!

لەوەڵامدا وتی: ئەگەر کوڕەکەم بەسەلامەتی لەگەڵتان گەڕابێتەوە ئەوە تۆ سەرخۆشیکاری،وە ئەگەر کوڕەکەم لەرێگەی خوادا شەهیدبوبێ ئەوە مزگێنیدەری!!

ئەبو قودامە پێی وت: مژدەت لێبێ بەراستی خوای گەورە دیارییەکەی وەرگرتیت، وە کوڕەکەت بەشەهیدی گەڕایەوە بۆلای خوا.

بەدەم خۆشحاڵییەوە وتی: سوپاس بۆ خوا کە کردییە توێشوی رۆژی قیيامەتم.

## باسی بیست و پێنج

### هەرەشە لەبارەی چروکیکردن لەماڵ بەخشین بۆ جیهاد لەڕێی خودا

● خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ البقرة:184. واتە: ماڵو سامانتان لەرێی خوادا ببەخشن، وە بەدەستی خۆتان خۆتا ن توشی هەلاکەتو تیاچون مەکەن، وە خێرو چاکە ئەنجامبەدەن چونکە خوای تەعالا چاکەکارانی خۆشدەوێت.

حوزەیفەی کوڕیی یەمان رەزای خوای لێبێ دەفەرموێ ((وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)) بە نەبەخشینی ماڵە بۆ جیهاد لەڕێی خوادا.

وە ئیبنو ئەبی حاتەم رەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت: بەهەمان شێوەی تەفسیرەکەی حوزەیفە لەبارەی تەفسیری ((وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)) وە لە ئیبنو عەبباسو عیکریمەو، حەسەنو مجاهیدوو عەتاو سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەبو صالحو زەحاكو سدیو موقاتیلی کوڕی حەییانو قەتادەوە گێڕدراوەتەوە.

وە ئیمام قورتوبی لەتەفسیرەکەیدا دەفەرموێ: حوزەیفەی کوڕی یەمانو ئیبنو عەبباسو عیکریمەو عەتاو مجاهیدو جومهوری خەڵکی وتویانە: ((وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)) بەوە دەبێت کە واز لە بەخشینی ماڵ بێنیت بۆجیهاد لەڕێی خواداو، ترسی فەقیریو نەداریت هەبێ..(1)

---

(1) تفسير القرطبى:2/ 362.

● خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ ﴾ التوبة: 24-25. / واتە: ئەی ئیمانداران بزانن کە زۆربەی راهیبو زانای گاورو جووەکان ماڵو سامانی خەڵکییان بە ناهەق دەخواردوو، بووبونە رێگە لەرێگەی دینی خوادا ، جابۆیە ئەوانەی ئاڵتون زیو لای خۆیان کەڵەکە دەکەن و لەرێگەی خوادا نایبەخشن مزگێی سزایەکی سەختیان بدەرێ ⋆ ئەو سزایەش لەرۆژێکدایە کە لە ئاگری دۆزەخدا ماڵەکەیان بۆ سوردەکرێتەوەو ناوچاوانو لانەنیشتو پشتیانی پێداخ دەکرێت، وە پێیان دەوترێت ئائەمە ئەو ماڵەیە لە دونیادا بۆخۆتان کەڵەکەتانکردبوو ، دە ئێستە لە پاداشتەکەی بچێژن.

● خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿ هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنْكُمْ مَنْ يَبْخَلُ وَمَنْ يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَنْ نَفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ ﴾ محمد:38. / واتە: ئاوەتا ئێوە بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی لەرێگەی خوادا ببەخشن، کەچی هەتانە چروكو بەرچاو تەنگەو دەستی لەبەخشین گرتۆتەوە. خۆ ئەوەی رەزیلیو چروکی بکات چروکی لەخۆی دەکات، چونکە خوای تەعالا دەوڵەمەندو بێنیازە لە ماڵی ئێوەو، ئەوە ئێوەن کە ئاتاجو فەقیری ئەون، وە ئەگەر ئێوە پشت لەم دینە هەڵبکەنو ماڵی لە پێناودا نەبەخشن خوای تەعالا دەتانگۆڕێتو بەکەسانێك جێتاندەگرێتەوە کە هەرگیز لە ئێوە ناچن و وەك ئێوەش نابن.

● خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴾ الحديد:10. / ئیمامی قورتوبی دەفەرموێ: چ شتێك رێگریتان دەکات لە بەخشینی ماڵەکانتان لە رێگەی خوادا، لەکاتێکدا دڵنیان لەوەی دەمرنو سەروەتو سامانەکەشتان بەجێدێڵنو، دەگەڕێتەوە خەزێنەی خوای گەورە.

وە مانای ئایەتەکە سەرزەنشتە بۆ نەبەخشینی ماڵ لەرێگەی خوادا، چونکە موڵکی ئاسمانەکان‌و زەوی هەموی بۆلای خوا دەگەڕێتەوە، هەروەك چۆن میراتی مردوان دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنداره شەرعییەکانیان بەهەمان شێوەش موڵکی ئاسمانەکان‌و زەویش بەلەناوچونیان دەگەڕێتەوە بۆلای ئەو. (1)

- وە ئیمام ئەحمەد لە عەبدوڵلای کوڕی صامتی غەففارییەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە کەدەفەرموێ: لەگەڵ ئەبو زەڕڕی غەففاری بووم ڕەزای خوای لێبێ، ئەو ماڵەی لەخەزێنەی موسوڵمانان پێیدرابوو هێنای بۆئەوەی بیبەخشێتە ،وە جارییەکی هەبوو کە کارەکنی بۆ ئەنجامدەدا، لەگەڵ ئەو جارییەدا حەوت درهەمی زیادیشی هەبو فەرمانیکرد کە بییەخشنەوە . وت: ئەگەر بۆ پێداویستی خۆت جارێ بتهێشتایەتەوەو نەتبەخشیایە ، یان لەبەر میوانێك کەڕوت لێدەکات.

فەرموی: خۆشەویستە کەم ﷺ پێی فەرموم : (( أيما ذهب أو فضة أوكي عليه فهو جمرٌ على صاحبه حتى يفرقه في سبيل الله عزوجل )) (2). واتە: هەر زێرێك یان زیوێك دەستی لێبگیرێتەوەو نەبەخشرێ، ئەوە دەبێتە پشکۆیەك بەسەر خاوەنەکەیەوە هەتا لەرێگەی خوادا دەیبەخشێتەوە.

- وە ئیمام ئەبو داود لە ئەبو ئومامەی باهیلیەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕایەوە کەدەفەرموێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی : (( مَنْ لَمْ يَغْزُ أَوْ يُجَهِّزْ غَازِياً أَوْ يَخْلُفْ غَازِياً فِى أَهْلِهِ بِخَيْرٍ أَصَابَهُ اللَّهُ سُبْحَانَهُ بِقَارِعَةٍ قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ)). (3). واتە: هەرکەسێك جیهاد نەکات، یان موجاهیدێك سازو ڕێکنەخات بۆجیهاد، یان بەباشی شوێنی موجاهیدێك بوماڵ‌و منداڵەکەی نەگرێتەوە، خوای تەعالا بەر لەرۆژی قیامەت دووچاری موصبەتێکی تیابەرو دەردێکی پەکخەری دەکاتەوە.

---

(1) تفسیر القرطبی:17/ 239.
(2) مسند احمد: 156/5. وسندە صحیح.
(3) أخرجة ابوداود فی کتاب الجهاد: 22/3. وابن ماجه فی کتاب الجهاد: 923/2. واسنادە حسن.

● وه ئیمام ئەبوداود و ترمزیو حاكم له ئەسلەمی كوڕی یەزیدی توجەیبییەوە _ئەبو عیمران_گێڕاویانەتەوە كه دەفەرموێ: بەنیازی جیهادی ڕۆمەكان له مەدینەوە بەرەو قوستەنتینیه بەڕێ كەوتین، عەبدورەحمانی كوڕی خالیدی كوڕی وەلید سەركردەی سوپاكەمان بوو، ڕۆمەكان پشتیان بەدیواری شاری قوستەنتینیەوە قایمكردبوو، پیاوێك له ریزی موسوڵمانان خۆی هاوێشته ناویانەوەو بەتەنها هێرشی كردەسەریان .

خەڵكانێك وتیان: ((مەه ، مەه .... لااله الا الله)) ، بەدەستی خۆی خۆیخسته تەهلوكەو تیاچونەوە. ()

ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ڕەزای خوای لێبێ فەرموی: ئەو ئایەته لەبارەی ئێمەوە خەڵكی ئەنصار هاتۆته خوارەوە، لەكاتێكدا خوای تەعالا پێغەمبەرەكەی سەرخستو دینی ئیسلامی بالأكرد ئێمە وتمان: ئیدی با بڕۆین بەدەم ماڵو كاروبارمانەوە چاكی بكەینو پەرەی پێبدەین، خوای تەعالا ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾.

خۆخستنه ناو تەهلوكەو خۆتیابردنمان بەوە دەبێت كه لەناو ماڵو سامانەكەماندا بمێنینەوەو هەوڵی پەرەپێدانی بدەینو واز لەجیهادی ڕێگەی خوا بێنین.

ئەبو عیمران دەڵی: ئەبو ئەیوب هەتا لەژیاندابوو بەردەوام له جیهادابوو هەتا دواجار له قوستەنینیه بەخاكیان سپارد. ().

● وه ئیمام بەیهەقی له سونەنی كوبرادا له لەبارەی تەفسیری ﴿وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ له ئیبنو عەبباسەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە كه دەفەرموێ: هیچ یەكێك له ئێوە نەڵێت هیچ شكنابەم لەرێگەی خوادا ببەخشم، ئەگەر هیچیشی نەبوو تەنها سەرە تیرێك نەبێت با بۆ ئامادەكاری جیهاد ببەخشێت. ئیدی بەدەستی خۆتان خۆتان مەخەنه تەهلوكەو تیاچونەوە ، چونكه ئەوە خۆتیابردنه().

---

() ئسلوبێكه بۆ ئەوە بەكاردێت كه كەسێك كارێكی نەشیاو ئەنجامبداتو بتەوێت ڕێگری لێبكەیت.

() سنن أبي داود: 27/3. وسنن الترمذي: 280/4. ومستدرك الحاكم: 275/2. والحديث صحيح.

() سنن الكبى للبيهقي: 45/9.

# باسی بیست و شەش

## ماڵبەخشین لەرێی خوادا لەگەورەترینی بەندایەتی و پەرستشەکانە

ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ:

ماڵبەخشین لەرێی خوادا لە مەزنترینو بالآترینی پەرستشەکانە، وە گەورەترینی نزیکبونەوەکانە( القروبات) لە خوای تەعالا، وەپیرۆزترینی کردارە لەنێو کردەوە چاکەکاندا، کەسی موجاهید ئەو ماڵەی هەیەتی بۆ خۆی خەرجی دەکات یان بۆ ولآخەکەی، یان دەیبەخشێتەوە بەسەر موجاهیدانی تردا، یان بۆ کرینی شتومەکی جەنگو سیلاحو سواریەکەی خەرجی دەکات، یان بۆ پێداویستی منداڵو خێزانی ئەو موجاهیدانەی بەهۆی چونە جیهادیانەوە لە ماڵو منداڵیان دورکەوتونەتەوە.

شەیتان ئەوەندەی دەکۆشێت و توانا بەخەرج دەدات بۆ رێگریکردن لەبەخشینی ماڵ بۆ جیهاد لەرێی خوادا هەرگیز بۆ هیچ جۆرە بەخشینێکیتر ئەوەندە کۆشش ناکات. ئەویش بەهۆی زانینی گەورەی پاداشتی ئەو کارەو، نەبراوەی ئەجرەکەیو، دەستکەوتنی پلە بەرزەکان لەو بەخشینەدا، وە گەورەی تاوانی دەستگرتنەوەو بەخیلیکردن تێیدا.

ئەوەشی هاوکاری شەیتان دەکات لەم هەوڵەیدا بریتییە لەچروکیو بەرچاوتەنگیو، رانەهێنانی نەفس لەسەر بەخشینو، نەبونی زانیاری بەهەموو ئەو فەزڵو پاداشتە گەرەو بێشومارەی لەبەخشیندا هەیە. بەتایبەت لەم زەمەنەی ئێستادا، کە هێماو مەعالیمەکانی جیهاد تێیدا سڕاونەتەوەو، وێنای دروستی لەبیرکراوەو، لەولآتی ئێمەدا بونی نەماوە، وە بەوشێوە دروستو خوازراوەی خۆی لە ولآتانی تریشدا گۆڕەپانەکانی لاوازبووەو موسوڵمانان خەریکن پشتی تێدەکەن، ولا حول ولا قوە الا باللە .

بۆیە هیچ رێگەیەکی بەخشین بۆ جیهاد لە پێناوی دینی خودادا نەماوە ،مەگەر بەکۆمەك‌و هاوکاری خوای بالآدەست نەبێ بەسەر شەیتانی نەفرەت لێکراودا، ئەو شەیتانەی کە بەندەکان بەفەقیری دەترسێنێ‌و، فرمانیان پێدەکات بەخراپە ، وەك خوای تەعالا دەفەرموێ :﴿ وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ سبأ: 39. واتە: هیچ شتێك نییە کە ئێوە بیبەخشن لە پێناوی خوادا ئیللا خوای گەورە شوێنەکەی پڕدەکاتەوە، وە هەر ئەوە کە باشترینی ڕۆزیدەرانە.

هەندێ جار موجاهید لەرێگەی دەرچونی بۆجیهاد لەرێی خوادا دەتوانێت بەسەر شەیتاندا زاڵ ببێت، بەلاّم ناتوانێت لە بەخشینی ماڵەکەی بۆجیهاد لەرێی خوادا بەسەریدا زاڵ ببێت.!

شەیتان وەسوەسەو خورتە دەخاتە دڵی ئەو موجاهیدەی کە دەردەچێت بۆ جیهاد ، هەتا ماڵەکەی لەرێی خوادا نەبەخشێت.! پێی دەڵێت: ئەگەر لەجیهاد گەڕایەتەوە تۆ هیچ شتێك شك نابەیت، وە لەوانەیە لەجیهاددا دوچاری برینداری یان نەخۆشی ببیتو، تۆش بە نەبوی بگەڕێیتەوەو هیچ شتێك لەماڵەکەتدا نەبێت کە پێداویستییەکانی خۆتی پێ جێبەجێ بکەیت، بۆیە واز لەماڵەکەت بهێنە تا ئەو کاتەی دەگەڕێیتەوە، وە لەلایەکی ترەوە هەوڵی پەیداکردنی خەرجی رێگەکەت بدە.

تەنها ئەو موجاهیدانە وەلاّمی ئەم وەسوەسەو خورتەی شەیتان دەدەنەوەو کاریگەر دەبێت لەسەریان کە حەزی گەڕانەوە بۆ دونیا لە دڵیاندا هەبێ و، ئارەزوی کوژران‌و شەهیدی لەرێی خوادا نەکەن، چونکە ئەگەر موجاهید خواستی شەهادەتی هەبێ وە خۆی بۆ ئامادەکردبێ، هەرگیز بیرناکاتەوە لە گەڕانەوە بۆ دونیاو، حاڵ‌و گوزەرانی پاش گەڕانەوەی.

هەر بۆیە دەبینین کە پێشینانی موجاهیدی ئەم ئوممەتە لەکاتی گەیشتنیان بەدوژمن کێلانی شمشێرەکانیان دەشکاندوو فرێیان دەدایە سەر زەوەی، ئەوەش بەهۆی گومانی زۆریانەوەبوو بە نەگەڕانەوە، وە بەهۆی زاڵبونی حەزو خۆشەویستی شەهیدی بوو بەسەر دڵەکانیانداو، ئارەزو

شەوقی گەیشتنیان بوو بە خوای گەورە، وە هیوای گەورەیان بوو بۆ گەیشتن بە سەرفیرازی لە دوارۆژدا بە کوژرانیان لەرێی خوادا !!.

لە هەندێ لەسەلەفەوە دەگێڕنەوە کە کاتێك دەرچووە بۆ جیهاد ، ئەو کاتەی ریزەکان بەرامبەر یەکدی وەستاون‌و روبەڕوی یەکتربونەتەوە ، شەیتان هاتۆتە لای‌و خەیاڵی هاوسەرەکەیی‌و جوانیەتی‌و لەش‌ولاری خستۆتەوە بیری، وە لە دڵیدا خۆشەویستی کردووە، وە هەستی بەجێهێشتن‌و جیابونەوە لێی لەلا سەخت‌وگرانکردووە، وە خۆشگوزەرانی‌و زۆری ماڵ‌و سامانەکەی هێناوەتەوە بیری. تا ئەو کاتەی نزیك بووە ترسی روبەڕوبونەوەی دوژمنی لەدڵدا بۆ دروستبێت‌و، لەگۆڕەپانەکە پشت هەڵبکات، بەڵام لەلایەنی خوای بەهێزو بالاّدەستەوە پشتیوانی پێدەگات‌و بە ئیمانەوە وەلاّمی ئەو خورتە شەیتانییە دەداتەوەو.

بەنەفسی دەڵێت: ئەی نەفس: ئەگەر پشتت لە گۆڕەپانەکە هەڵکرد ئەوە خێزانەکەم تەلاّقی کەوتبێ ... وە بەندەو کەنیزەکانم ئازادبن ... وە هەموو ئەو ماڵەی هەمە صەدەقەبێ لەرێی خوادا بۆ هەژارو نەداران !! ئیدی ئەی نەفس لە دوای جیابونەوە لەهاوسەرو، هەژاری چ چێژێك لەو ژیان دەکەیت!؟

ئیدی نەفسی بوناچاری پێی دەڵێت: نەخێر حەز بەو گەڕانەوە ناکەم .

ئەو یش پێی دەڵێت: دەکەوابوو پێشکەوە بۆ مەیدانی جەنگ و جیهاد.

هەندێ جار شەیتان خورتەو وەسوەسە دەخاتە دڵی موجاهیدەوەو پێی دەڵی: وا تۆ دەکوژرێیت، ئیدی منداڵەکانت بەنەداری‌و ئاتاجی لەپاش خۆت دەمێننەوە، واباشترە کە ماڵەکەتیان بۆ بەجێ بێڵیت ،چونکە ئازارو موصیبەتی لەدەستدانی تۆ بۆ ئەوان بەسە، با فەقیری‌و نەبونیشی نەیەتەسەر.

بەدڵنیای تەنها كەسانێك لەبەردەم ئەم خورتە شەیتانیەدا چۆك دادەدەن كە متمانەیان بە خوای تەعالا لاوازبێ، وە ئیمانیان بە سەپەرشتی خوایو، دابینكردنی رۆزی بەندەكانو، بەرێوەبردنی بەرژەوەندییەكانیان نەبێ .

بۆیە پێویستە ئماندارى موجاهید باوەڕی وابێت كە ئەو تەنها ئامرازێكە لەنێوان خواو ماڵو منداڵەكەیدا بۆ گەیاندنی ئەو رۆزییەی بۆیان دیاریكراوە، وە ئەو بەئەندازەی گەردیلەیەك خاوەنی رۆزی ئەوانو تەنانەت نەفسی خۆشی نییە، ئیدی بۆچی پەرۆشی بژێوی ماڵو مناڵەكەی دەبێت لە ژیانو دوای مردنیدا.!؟

لە حاتەمی ئەصەممەوە رەحمەتی خوای لێبێ گێڕدراوەتەوە كەجارێك ویستی سەفەرێكی دەبێت، بۆیە بە خێزانەكەی دەڵێت: تا ئەو كاتەی لەسەفەرەكەم دەگەڕمەوە بۆ خەرجی خۆتو منداڵەكان چەندەتان پێویست دەبێت  هەتا پێش چونم بۆتان دابین بكەم.

خێزانە ئیماندارەكەی لەوەلآمدا پێی دەلێت: ئەی حاتەم: سوێند بەخوا من تۆم نەناسیوە كە رۆزی دەربێت، ئەوەی من تۆم ناسیبێت هەر بخۆربویت، رۆزیدەر تەنها الله یە ، برۆ بۆ كۆی دەتەوێت سەفەر بكەیت خەمی ئێمەت نەبێ.!

پێشینانی ئەم ئوممەتە هەمیشە لە بەخشینی ماڵەكانیان لەرێگەی خوادا دەستكراوە بوونو، لەو مەیدانەشدا پێشبڕكێكاری یەكتربوونو، لە هەوڵی پێشەنگیدابوون ..

ئیمامی دارەمی لە عومەری كوڕی خەتتابەوە رەزای خوای لێبێ دەگێرێتەوە كە فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فرمانی پێكردین بەماڵبەخشین، لەوكاتەدا ماڵێكم لەلابوو .لەنەفسی خۆمدا ووتم: ئەمرۆ پێشی ئەبو بەكر دەدەمەوە.

بۆیە بە نیوەی ماڵەكەمەوە چومە خزمەت پێغەمبەری خوا.

پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموم: ((مَا أَبْقَيْتَ لأَهْلِكَ ؟)) واتە: چیت بەجێهێشتووە بۆ ماڵ و منداڵەکانت؟ وتم: بەئەندازەی ئەوەی هێناومەتە خزمەتی تۆ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

بەڵام ئەبوبەکری صدیق هاتو هەموو ماڵەکەی هێنابوو !، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ((مَا أَبْقَيْتَ لأَهْلِكَ ؟)) واتە: بەجێهێشتووە بۆ ماڵ و منداڵەکانت؟

فەرموی: خوا پێغەمبەرەکەیم بۆ بەجێهێشتوون ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ!!

ئیدی وتم : هەرگیز لەهەچ شتێکدا هەوڵی پێشبڕکێت لەگەڵ نادەم !! (). 

وەروەها صدیقەی کچی صدیق دایکی ئیمانداران عائیشە رەزای خوای لێبێ لە ماڵبەخشیندا بەهەمانشێوە بووە، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان رەزای خوای لێبێ بڕێکی زۆر ماڵی بۆ دەنێری هەموی لەرێگەی خوادا دەخشێتەوەو ، هیچی بۆخۆی ناهێڵێتەوە.

خزمەتکارەکەی پێی دەڵێت: ئەگەر درهەمێکت بهێشتایەتەوە تا هەندێ گۆشتمان پێ بکڕیایە؟!

عائیشە پێی دەڵێت: بەڕاستی لەبیرمکرد، ئەگەر وەبیرت بهێنامایە بەشی ئەوەم دەهێشتەوە. ().

وە ئیمام بوخاری و موسلیم لە ئەبو زەڕی غەففارییەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: رۆشتم بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ کەلە سێبەری کەعبەدا دانیشتبوو،، کاتێك منی بینی فەرموی: ((هُمُ الأَخْسَرُونَ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ)) واتە: سوێند بەخوای کەعبە ئەوانە خەسارۆمەندترین کەسن.

منیش لێی نزیکبومەوەو لەلایەوە دانیشتم، بەڵام لە شوێنی خۆم ئۆقرەم نەگرت هەتا هەستامەوە، وتم : بەدایك باوکەوە بەقوربانتبم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانە کێن؟

---

() رواه الدارمي: 1/ 391_392. وأبو داود برقم: 1678. و الترمذی برقم: 3675.

() رواه الحاكم فى المستدرك : 4/ 13 .

**فەرموی:** (( هُمُ الأَكْثَرُونَ أَمْوَالاً إِلاَّ مَنْ قَالَ بِالْمَالِ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ وَعَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ )). **واتە: ئەوانەن کە ماڵیان لەهەمووکەس زیاترە. تەنها ئەوەیان نەبێ کە بەو شێوەو بەو شێوە وبەوشێوەی لێدەکات، لەبەردەمی خۆیەوەو لەدوای خۆیەوەو، بەراستو چەپی خۆیدا دەیبەخشێتەوە، وە ئەوانەش زۆر کەمن ! (1).**

**وە ئیمام بەززار لە ئەبو زەڕڕی غەففارییەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:** ((مَا أُحِبُّ أَنَّ لِيَ أُحُدًا ذَهَبًا وَفِضَّةً ، أُنْفِقُهُ فِي سَبِيلِ اللهِ أَمُوتُ يَوْمَ أَمُوتُ ، فَأَدَعُ مِنْهُ قِيرَاطًا)) (2) **واتە: پێمخوش نییە بە ئەندازەی شاخی ئوحود ئاڵتونو زیوم هەبێتو لەرێگەی خوادا بیبەخشم، بەجۆرێك ئەو رۆژەی دەمرم بەئەندازەی قیراتێکی لێی بەجێبهێڵم.**

**قیرات: وتراوە بریتتیە لە برێکی کەم لەماڵ، یان بەشێك لە بیست یەکی دینارێك.لێرەدا مەبەست پێی ئەگەر بەشێکی زۆر کەمیش بێت وەك قیراتێ.**

**لەکاتێکدا کە ئیماندار ماڵەکەی لەرێی خوادا دەبەخشێتو، تەوەکولی بەهێزو متمانەی تەواوی بەخوای گەورە دەبێت، وەلەوە دڵنیاو یەقین دەبێت کەلە پاش خۆی خوای گەورە سەرپەرشتی منداڵەکانی دەکاتو، ئاتاجییان جێبەجێ دەکات، ئەوکاتە خوای تەعالا بژێوییان بۆ دابیندەکاتو کاروباریان بۆ دەسازێنێ.**

**نمونەی ئەم حاڵە لەژیانی پێشەوای موسوڵمانان عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا رەزای خوای لێبێ رویداوە.**

---

(1) اخرجه البخاری برقم: 6638. ومسلم برقم: 990.

(2) مجمع الزوائد للهیثمی: 239/10. والحدیث صحیح.

دەگێڕنەوە کاتێك کە کەوتە سەر جێگەی مردن منداڵەکانی کە یانزە کوڕبوون کۆکردەوەو، فرمانیکرد کە لە سەروەتەکەی بەشی تایبەتی خێزانەکەی بدەنو، ئەوەیشی دەمێنێتەوە بیبەخشنەوە بەسەر منداڵەکانیدا.

کاتێك سەیریانکرد هەریەکێك لە منداڵەکانی لەوبەشەی ماوەتەوە تەنها یەك دیناریان دەبڕێت.

مەسلەمەی کوڕی عبدولەلیك پێی وت: ئەی پێشەوای ئیمانداران تانها دینارێك بۆهەریەکەیان چ سودێکی دەبێت !؟ ئەگەر کاروباریانت بسپاردایە بەمن ؟

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرموی: بێگومان منداڵەکانم لە دوکەس بەدەرنین: یان ئەوەتا پیاوچاك‌و ساڵحن ئەوە خوای تەعالا کارو پێوستییەکانیان جێبەجێدەکات، یان ئەوەتا خراپەکارو ناساڵحن لەو کاتەشدا من نابمە هاوکاریان بۆ گوناهو خراپەکاری! .

پاشان خوای تەعالا بەجۆرێك منداڵە ساڵحەکانی دەوڵەمەندکرد تەنها یەکێکیان بۆ غەزایەك سەد ئەسپی بۆ سەد سواری موجاهید ئامادەکرد لەرێی خوادا.

هەروەك چۆن پێشەوامان ئەبو بەکری صدیق رەزای خوای لێبێ دەستی بەخشینی ئاوەڵا دەکردوو، بەجارێ هەموو ماڵەکەی لەرێی خوادا دەبەخشی، وە ئەو جۆرە بەخشینە چەندە مەزنە لای خواو؟ چەندە پاداشتی گەرەیەی بۆهەیە، وە ئەو کارە تەنها شایستەی کەسانێکە کە خاوەنی پشکی گەورەو مەزنن لای خوا.

بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەوانەی تەوەکولیان لاوازەو، خاوەنی متمانەیەکی لەرزۆکن، با هەموو ماڵەکەیان لەرێی خوا نەبەخشن، با هەندێکی بۆ ماڵو منداڵەکەیان بهێڵنەوە. ئەمەش ئەو رێنموییەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی فێردەکرد :

ئیمام بوخاریو موسلیم له چیرۆکی تەوبەکردنی کەعبی کوڕی مالیکدا رەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە که کاتێك خوای تەعالا تەوبەکەی لی ْقبولْکرد هاتەخزمەت پێغەمبەری خواوﷺ فەرموی: (( إنَّ مِنْ تَوْبَتِي أنْ أَنْخَلِعَ مِنْ مَالِي صَدَقَةً إِلَى اللهِ وَإِلَى رَسُولِهِ)) واتە: ئەی پێغەمبەری خوا له تەوبەکەمدا بڕیارمداوە که هەموو ماڵەکەم وازلێبێنمو ببیبەخشم لەرێی خواو پێغەمبەرەکەیدا .. پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: (( أمْسِكَ عَلَيْكَ بَعْضَ مَالِكَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ )). واتە: هەندێك لەماڵەکەت بهێڵەوە ئەوە بۆ تۆ چاکترە. (١)

وە بەهەمان شێوە ئیمام بوخاریو موسلیم له سەعدی کوڕێ ئەبی وەققاصەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە که پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووە: ((إنَّكَ أَنْ تَذَرَ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ )) (٢). واتە: تۆ ئەگەر منداڵەکانت بە دەوڵەمەندی بەجێبێڵیت باشترە لەوەی بە نەداری بەجێیان بێڵیتو دەست لەخەڵکی پانبکەنەوە.

ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت که پێغەمبەری خوا ﷺ هەستی بە لاوازی تەوەکولو یەقینی له کەعبی کوڕی مالیكو سەعدیی کوڕی ئەبی وەققاصدا کردبێ بۆیە رێگری له بەخشینی هەموو ماڵەکەیان لێکردوون، بێگومان نەخێر، وە هەرگیز دروست نییە گومانی لەو جۆرە بەهاوەڵانی پێشەنگو سەرداری پێغەمبەری خوا ﷺ ببرێت !!

بەڵکە فرمانەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەبوو هەتا لەپاشان ئەوانەی تەوەکولیان لاوازە چاو لەوان نەکەن وەك ئەوان بەجارێ هەموو ماڵەکەیان نەبەخشن، نەوك ئەوانیش چاو له هیممەت بەرزانی هاوەڵان بکەنو، دواتر لەپاش ماڵبەخشینیان توشی پەشیمانی بێنو، ئەوەش ببێتە مایەی کەمبونەوە پاداشتەکەیان.

---

(١) اخرجه البخاری برقم: 4418. ومسلم برقم: 7969.
(٢) اخرجه البخاری برقم: 1295. ومسلم برقم: 1628.

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا وەك ئەستێرەی درەوشاوەن موسوڵمانان شوێن هەریەکەیان بکەون ڕێنوێنکراو دەبن.

بۆیە ئەوکەسەی لاوازی لە تەوەکول‌و یەقیندا هەیە با هەندێك لە ماڵەکەی ببەخشێت‌و هەندێکیشی بهێڵێتەوە. بەوەش ئیقتیدای کردووە بە کەعبی کوڕی مالیك‌و سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ڕەزای خوایان لێبێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنمونیکردن بۆ ئەو جۆرە بەخشینە.

وە ئەوەشی تەوەکول‌و یەقینێکی بەهێزی هەیە با بەهەر شێوەیك پێی خۆشە ماڵەکەی ببەخشێت، ئەگەر هەموو ماڵەکەشی بێت، بەوەش ئیقتیدای کردووە بە ئەبو بەکری صدیقەوە ڕەزای خوای لێبێ.

بەڵام وازهێنان لە ماڵبەخشین لەڕێی خوادا لەگەڵ بونی توانا بە بەخشین، خۆخستنە نێو تالوکەو خۆتیابردنەو،بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدراوە بەموسوڵمان کە بەو شێوەیە بێت، وە بۆ ئەوەش هیچ ڕوخسەت‌و مۆڵەتێکی پێنەدراوە . وەخوای گەورەش فەرمانی بەهەفکردووە، وە هەر ئەویشە کە ڕێنوێنی بەندەکانی دەکات بۆ خێرو چاکە.

## باسی بیست‌و حەوت

## گەورەی ڕێکخستن‌و سازاندنی موجاهیدان‌و شوێنگرتنەوەیان بۆ ماڵ‌و منداڵیان بە چاکە

ئیمام موسلیم لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێك لەهاولانی نارد بۆسەر بەنی لیحیان لە هۆزی هوزەیل‌و فەرموی: (( لِيَنْبَعِثْ مِنْ كُلِّ رَجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا وَالأَجْرُ بَيْنَهُمَا ))(1) . واتە: با لەهەر دووکەستان یەکێتان دەربچێت بۆ جیهاد ، وە پاداشتەکەی لە نێوانتاندا بێت.

---

(1) اخرجه مسلم برقم: 1896.

★ ( چونکە ئەوانەی دەرۆنو جیهاد دەکەن با کۆمەكو هاوکاری ئەوانە دەچن کە دەمێننەوە وە شوێنیان دەگرنەوە بۆ ماڵو منداڵەکەیان.)

ئیمام ئەبو بەکری کوڕی مونزیر دەفەرموێ: ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیهاد فەرزی کیفایەیە ئەگەر دەستەیەك لەموسوڵمانان پێی هەڵسن لەسەر ئەوانیتر دەکەوێت.

وە ئیمام بوخاریو موسلیم لە زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنییەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ الله فَقَدْ غَزَا ، وَمَنْ خَلَفَ غَازِيًا فِي أَهْلِهِ بِخَيْرٍ فَقَدْ غَزَا)) (1) واتە: ئەوەی جەنگاوەرێك سازو ڕێکبخات بۆ جیهاد لەرێی خوادا ئەوە جیهادیکردووە، وە ئەوەی شیوێن موجاهێدێك بگرێتەوە بۆ ماڵو منداڵەکەی بەچاکە ئەوە جیهادیکردووە.

وە ئیمام ترمزیو ئیبنو ماجە لە زەیدی کوڕی خالیدەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( مَنْ فَطَّرَ صَائِمًا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ ، لاَ يَنْتَقُصَ مِنْ أَجْرِهِ شَيْئًا ، وَمَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ، لاَ يَنْتَقِصُ مِنْ أَجْرِهِ شَيْئًا)) (2). واتە: ئەوەی بەربانگ بۆ ڕۆژوەوە وانێك بکاتەوە ئەوە پاداشتی وەك ئەوە ، بێ ئەوەی لەپاداشتی ڕۆژووەوانەکە کەمببێتەوە، وە ئەوەی جەنگاوەرێك سازو ڕێکبخات بۆ جیهاد لەرێی خوادا ئەوە پاداشتی وەك ئەوە ، بێ ئەوەی لەپاداشتی جەنگاوەرەکە کەمبێتەوە.

وە ئیمام تەبەرانی لە زەیدی کوڕی سابتەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ الله فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ ، وَمَنْ خَلَفَ غَازِيًا فِي

(1) اخرجه البخاري برقم: 2843. ومسلم برقم: 1895.
(2) سنن التمذي : 151/2. وابن ماجة: 555/1. والحديث صحيح.

أَهْلِهِ بِخَيْرٍ وانفق على أَهْلِهِ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ)) (1). واتە: ئەوەی جەنگاوەرێك سازو رێكبخات بۆ جیهاد لەرێی خوادا ئەوە پاداشتی وەك ئەوە، بێ ئەوەی لەپاداشتی جەنگاوەرەكە كەمبێتەوە. وە ئەوەی شوێن جەنگاوەرێك بۆ ماڵو منداڵەكەی بەچاكە بگرێتەوەو خەرجییان دابین بكات، ئەوە پاداشتی وەك ئەوجەنگاوەرەیە.

ئیبنو نوحاس رەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ :

پێویستە ئەوكەسەی خۆی رێكدەخات بۆ جیهاد ئەگەر بەهۆی نەخۆشی یان هەرهۆكارێكیتر تواناى دەرچونی نەبوو ئەو شمەكو كەلو پەلەكەی خۆی پێ رێكخستووە بیداتە ئەوانەی دەردەچن بۆ جیهاد هەتا جیهادی پێبكەن. چونكە پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: (( مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ الله فَقَدْ غزَا ..)).

ئیمام موسلیم لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە كە گەنجێكی خەڵكی ئەسلەم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەوێت بچمە جیهاد، بەلاْم هیچ شتێك شك نابەم تا خۆمی پێ رێكبخەم. پێغەمبەی خوا ﷺ پێی فەرموو: (( ائتِ فُلاَناً فإنَّهُ قَدْ كَانَ تَجَهَّزَ فَمَرِضَ)) واتە: برۆ بۆلای فلاْنەكەس ئەو خۆی رێخستبوو بەلاْم نەخۆشكەوتووە.

چووەلای‌و پێی وت: پێغەمبەری خوا ﷺ سەلامی لێدەكردیت‌و فەرموی: ئەو شمەكەی خۆی پێ رێكخستبوو بیدەیت بەمن.

ئەویش وتی بەخێزانەكەی: ئەی فلاْن: ئەوەی ئامادەمكردبوو بۆخۆمم بۆی بێنە، وە هیچ شتێكی لێ گلمەیەرەوە، سوێند بەخوا هەرشتێكی لێ بهێڵیتەوە بەرەكەتی تێدا نابێت. (2)

وە ئیمام موسلیم لە ئەبو بورەیدەی كوڕی حەصیبی ئەسلەمییەوە رەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((حُرْمَةُ نِسَاءِ المُجَاهِدِينَ عَلَى القَاعِدِينَ كَحُرْمَةِ

---

(1) اخرجه البخاری برقم: 4418. ومسلم برقم: 7969.

(2) اخرجه مسلم برقم: 1894.

أُمَّهَاتِهِمْ ، مَا مِنْ رَجُلٍ مِنَ القَاعِدِيْنَ يَخْلُفُ رَجُلاً مِنَ المُجَاهِدِينَ فِي أَهْلِهِ ، فَيَخُونُهُ فِيهِمْ إلا وَقَفَ لَهُ يَوْمَ القِيَامَةِ ، فَيَأْخُذُ مِنْ حَسَنَاتِهِ مَا شَاءَ حَتَّى يَرْضى، فمَا ظَنُّكُمْ)). (1) **واته: ڕێزو حورمەتی خێزانی موجاهیدان لەسەر ئەوانەی نەچونەتە جیهاد وەك ڕێزو حورمەتی دایکیان وایە، هیچ کەسێك لەوانەی نەچونەتە جیهاد شوێن یەکێك لەموجاهیدان بۆماڵو منداڵەکەی بگرێتەوەو ناپاکی بەرامبەریان بکات ئیللا ڕۆژی قییامەت دەوەستێنرێتو، ئەو موجاهیدە ئەوەندەی خواویستی لێبێت لە چاکەکانی دەبات هەتا ڕازی دەبێت ، ئیدی ئێوە چۆن گومان دەبەن ئایا ڕازی دەبێت!؟.**

**ئیبن و نوحاس ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ :**

**ئەم فەرمودەیە گەورەی تاوانی ناپاکیکردنی ئەوکەسە دەگەینێت کە شوێنی موجاهید دەگرێتەوە بۆ ماڵو منداڵەکەی، وە هەروەها حوکمی حورمەتی ئافرەتی موجاهیدان لەسەر دانیشتوان دەردەخات کە وەك حورمەتی دایکی خۆیان وایە.**

**ئەبو عەبدوڵلای حەلیمی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ : وە ئەمە _ والله اعلم _ بەهۆی گەورەی مافی موجاهیدەوەیە لەسەر دانیشتوان، چونکە موجاهید نوێنەری دانیشتوانە، وە بەهۆی دەرچونو جیهادی موجاهیدە کە حوکمی واجبی دەرچون لەسەر دانیشتوان کەوتووە، وە موجاهید گیانی خۆی کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنیانی ئەوان، ئیدی چۆن خیانەتو ناپاکی بەرامبەر ماڵو خێزانی دەکەن ؟ بەراستی ناپاکیکردن بەرامبەر خێزانی موجاهیدان گەرەترە لە ناپاکیکردنی دراوسێ لە دراوسێ خزمی خۆی(2).**

---

(1) اخرجه مسلم برقم: 1897.

(2) کتێبێ (منهاج فى شعب الايمان) للحليمي :2/ 475.

## باسی بیست و هەشت

## فەزڵ و گەورەی یارمەتیدانی موجاهیدان و خزمەتکردن و بەهاناوەچوونیان

ئیمام ئەحمەدوو ئیبن و ئەبی شەیبەو حاکیم لە سەهلی کوڕی حەنیفەوە ڕەزای خوای لێبێ گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( مَنْ أَعَانَ مُجَاهِدًا فِي سَبِيلِ الله ، أَوْ غَازِيًا فِي عسرَتِهِ، أَوْ مُكَاتِبًا فِي رَقَبَتِهِ ، أَظَلَّهُ الله فِي ظِلِّهِ ، يَوْمَ لاَ ظِلَّ إلاَّ ظِلُّهُ )) (1). واتە: ئەوەی کۆمەك و یارمەتی موجاهیدێکی ڕێگی خوا بکات ، یان بەهانای جەنگاوەرێکەوە بچێت لە کاتی سەختی و نارەحەتیدا، یان یارمەتی بەندەیەك بدات لە خۆکڕینەوەیدا، خوای تەعالا دەیخاتە ژێر سێبەریەوە، ڕۆژێك هیچ سێبەرێك نییە تەنها سێبەری ئەو نەبێ.

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ: ئەگەر قامچییەك ببەخشم بۆجیهاد لەرێی خوادا پێمخۆشترە لە ئەنجامدانی حەجێکی ماڵی خوا لە پاش حەجی فەرزی ئیسلام.

ئیمام ترمزی لە ئەبو ئومامەی باهیلییەوە ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (( أفْضَلُ الصَّدَقاتِ ظِلُّ فُسْطاطٍ في سَبِيلِ الله عَزَّ وَجَلَّ أوْ مِنْحَةُ خادِمٍ في سَبيلِ الله أوْ طَرُوقَةُ فَحْلٍ في سَبِيلِ الله)) (2) واتە: گەورەترینی بەخشینەکان :دابینکردنی سێبەری چادرێکە بۆ موجاهیدانی ڕێگەی خوا، وە بەخشینی خزمەتکارێکە بەموجاهیدانی ڕێی خوا، یان بەخشینی وشترێکە بۆ سوار بوون لەرێی خوادا.

ئیبن و نوحاس ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ:

فەرمودەکە هاندانە بۆ هاریکاریکردنی موجاهیدان بە هەڵدانی چادرێك کە سێبەریان بۆ بکات، یان بەخشینی خزمەتکارێك خزمەتیان بکات، یان بەبەخشینی وشترێکی چاك بۆ سواربوون کە تەمەنی لە سێ ساڵ زیاتر بێت، چونکە ئەمانە لەگەورەترینی بەخشینەکانن لای خوای تەعالا.

---

(1) مسند أحمد: 3/ 487. والمصنف لإبن أبی شیبة: 351/5. و الحاکم: 89/2. وإسناده حسن.

(2) سنن الترمذی: 91/3. وإسناده حسن.

وە ئیمام ئەبو داودووحەکەم لە جابری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕەزای خوایان لێبێ گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خواﷺ ئەو کاتێك کە دەیویست دەرچێت بۆ جیهاد فەرموی: ((يَا مَعْشَرَ المُهَاجِرِينَ وَالأَنْصَارِ إِنَّ مِنْ إِخْوَانِكُمْ قَوْماً لَيْسَ لَهُمْ مَالٌ وَلاَ عَشِيرَةٌ فَلْيَضُمَّ أَحَدُكُمْ إِلَيْهِ الرَّجُلَيْنِ أَوِ الثَّلاَثَةَ)) (1) واتە: ئەی دەستەی موهاجیرانو ئەنصار: لە نێو برایانتان خەڵکانێك هەیە کە نەماڵ نە کەس‌و هۆزییان نییە، باهەریەکێك لەئێوە دوان یان سیان لەوان بگرێتە لای خۆی.

جابری کوڕی عەبدوڵلا دەفەرموێ: ئەوکات هیچ یەکێك لەئێمە ولاخێکی تایبەتی بۆ سواربوون نەبوو تەنها نۆبەیەکی سواربوون نەبێ وەك نۆبەی هەریەك لەوان، وە من دوان یان سیان لەوانم لەئەستۆگرتبوو، منیش وەك نۆبەکانی ئەوان نۆبەیەکی سواربونم هەبوو.

موعازی کوڕی جەبەل ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ : ئەگەر کەسانێك لەهاوەڵانم بەڕێ بکەم بۆ جیهاد لەڕێی خوادا، وە خواردنو خوانەکەیان بۆ ئامادەبکەم‌و، ولاخەکانیان بۆ بگێڕمەوە، پێمخۆشترە لە دە حەجی ماڵی خوا لەپاش حەجی ئیسلام.

وەبیلالی کوڕی سەعد ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ: ئەوکەسەی ئەو ڕۆژەی لەوێ بوو بینی کە عامری کوڕی عەبدولقەیس ڕەزای خوای لێبێ لەخاکی ڕۆمەکان وەك موجاهێك کە سواری ئێسترێك بوو بوو، بەنۆبە لەگەڵ موجاهیدان سوار دەبوو ئەوەك ئەوان یەك نۆبەی هەبوو!.

عامری کوڕی عەبدولقەیس ڕەزای خوای لێبێ کاتێك دەرچوایە بۆ جیهاد، لە شوێنکدا دەوەستاو بەوردی دەیڕوانییە موجاهیدان، ئەگەر هاوەڵانێکی ببینیایە کە لەگەڵی دەگونجێن پێی دەوتن: ئەی خەڵکینە من دەمەوێت هاوەڵیتان بکەم بۆ جیهادوو، لەگەڵتان جیهاد بکەم، بەلاَم بەو مەرجەی بەڵێنم بدەنێ کەسێ خاڵ هەیە جێبەجێ بکەن:

ئەوانیش دەیان وت: ئەوانە چین؟ دەیوت:

---

(1) سنن أبی داود: 41/3. و المستدرك للحاكم: 90/2. والحديث صحيح.

یەکەمیان: خزمەتکارتکاریان بکەم‌و هیچ یەکێتان لەسەر خزمەتکردن مشتومڕم لەگەڵ نەکات.
دووەمیان: ببمە بانگبێژتان‌و هیچ یەکێتان لەسەر بانگدان مشتومڕم لەگەڵ نەکات.
سێیەمیان: بەو ئەندازەی لە توانامدایە خەرجیتان بکەم (١).

سەلەف رەزای خوایان لێبێ ئابەم شێوەبوون ، ئەگەر کەسێکیان دەرچوایە بۆ جیهاد لەرێی خودا، هەوڵی دەدا کە خزمەتکاری هەوەڵانی بێت‌و، بەو ئەندازەی لەتوانایدا بێت خۆشی‌و ئاسودەی بخاتە نێویانەوە،وە ئەوەندەی توانای هەبوبێ خەرجییان بکات، وە ئەگەر توانای دارایی نەبوایە تا پێویستیەکانیان جێبەجێ بکات پێداویستیەکانی ئەوانی دەخستە پێش خۆیەوەو ئیساری دەدان بەسەر نەفسی خۆیدا، بەم کارەشیان هیواخوازی پاداشتی خوای گەورەبوون‌و ، ئارەزوی رەزامەندی‌و بەدەستهێنانی پاداشتە گەورەکانیان دەکرد.

لە ئەبو جەهمی کوڕی حوزەیفەی عەدەوییەوە کە فەرمویەتی : لە رۆژی یەرموکدا رۆشتم سۆراخی ئامۆزاکەمم دەکردوو دەگەڕام ،کونەیەك ئاوم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو، وتم: ئەگەر لەسەرەمەرگدابێ ئەوە ئاوی دەردەمێ‌و دەموچاویشی پێ تەڕدەکەم.
کاتێك دۆزیمەوە بینیم لە گیانەلآدایە پێم‌وت: ئاو ئەخۆیتەوە ؟.
بەئاماژە وتی : بەڵێ . لەولاوە کەسێك دەیوت: ئای . ئامۆزاکەم بەئاماژە وتی: بڕۆ بەدەم ئەوەوە.
کاتێك چومە سەری بینیم هیشامی کوڕی عاصە برای عەمری کوڕی عاص رەزای خوایان لێبێ، گوێمان لە یەکێکیتربوو دەیوت: ئای.
هیشام ئاماژەی بۆکردم کە بڕۆم بەدەم ئەوەوە.
کاتێك چومە سەری بینیم گیانی دەرچووە. کە گەڕامەوە بۆلای هیشام بینیم ئەویش گیانی دەرچووە، پاشان گەڕامەوە بۆلای ئامۆزاکەم بینیم ئەویش گیانی دەرچووە!! رەحمەتی خوا لەهەمویان بێت(٢).

---

(١) كتاب الجهاد لإبن مبارك : 2/178_ 179.
(٢) المستدرك للحاكم: 2،/98. وإسناده صحيح.

موسوڵمانی بەڕێز سەیری ئەو خۆنەویستیو ئیسارەیان بکە لەو کاتو حاڵەدا،ببینە کەچۆن ئەوەی خۆیان لە ئەوپەڕی ئاتاجیدابوون بۆی دەیانبەخشییە یەکتری ... وە لەبەرامبەر ئازاری یەکتریدا چاوپۆشییان لە ئاتاجی نەفسی خۆیان دەکرد بۆ ئەو ئاوەی کە مایەی ژیانی بوو!، بەڕاستی ئەوان بەم حاڵەیان شایستەی ڕەزامەندی خوای تەعالابوون ڕەحمەتی خوا لە هاوەڵانی سەروەرو پێشەنگی پێغەمەری خوا ﷺ ...!!




**مافی لەبەرگرتنەوەو بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پێگەی گزنگ پارێزراوە**

**بۆ هەموو مسو لمانێك**